**فەلسەفەی دوالیزم**

**لە هزری د. زەکی نەجیب مەحمووددا**

**ن. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام –و.مەحەممەد وەسمان**

**پێشەکی:**

**ئەم نووسینە, چەندان راوبۆچوونی فەلسەفیو گۆشە نیگای جیا جیا سەبارەت بە گەردوونو مرۆڤ، کۆمەڵو وتووێژو چین، مانونەمان، ماددەوگیانو چەندان دووییانەی دیکەی تێدایە، پوختەی ئەزموونی فەیلەسووفی بە تواناو فرەزان د.زەکی نەجیب مەحموود(1905–1993)ە، ئەو فەیلەسووفەی خاوەن هەڵوێستو جیهانبینی تایبەتی بوو لە نێو سەرجەم بیرمەندانی عەرەب، خاوەن راڕەوێکی فەلسەفی بە ناوبانگ بوو، کە بانگەوازی بۆ بیری زانستیو ئازادی رادەربڕینو روانگەی تایبەتی بۆ ئەدەبو هونەرو لایەنەکانی دیکەی رۆشنبیری لەخۆ گرتووە، لەم قۆناغەی گۆڕانو پێشکەوتنی نەتەوەکەمان شایانی بەسەرکردنەوەو زانینن.**

**د. زەکی نەجیب مەحموود لە یەکی شوباتی 1905 لە دێی( مەیت خولی عەبدوڵلا) لە پارێزگای (دمیات) لە میسر لە دایك بووە. لە ساڵی 1947 بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە لە کۆلیجی شاهانە وەرگرت. لە ساڵی 1960 خەلاتی دەوڵەتی لە فەلسەفە بە کتێبەکەی( بەرەو فەلسەفەیەکی زانستی) وەرگرت.**

**لە ساڵی 1975 خەلاتی ڕێزلێنانی دەوڵەتی لە ئەدەب وەرگرت.**

**–لە ساڵی1984 خەلاتی رۆشنبیری عەرەبی لە کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی وەرگرت.**

**–لە ساڵی 1985 لە زانکۆکانی ئەمەریکا پلەی دکتۆرای شانازی وەرگرت.**

**بە گشتی سەرجەم ژیانی بۆ خزمەتی رۆشنبیری تەرخان کردووەو(9) کتێبی لە بواری فەلسەفەدا داناوەو(5) کتێب لە بواری ڕۆشنبیریو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو هونەری(8) کتێبو ژمارەیەکی یەکجار زۆر ووتاری فرە بابەت. ئەم ووتارەش سەرەڕای ناساندنی فەیلەسوفێکی مەزن، دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی بواری هزرو رۆشنبیریمان. بەگشتی دەکرێ رووکاری فەلسەفەکەی لەم خاڵانەدا کورتکەینەوە:**

-بنیاتنانی فەلسەفەکەی لەسەر زانیاری زانستیو بەرنامەی زانستی..داهێنانی لوجیکێکی نویً بەناوی لۆجیکی بابەتەکی  رۆناوە.

-ژیاندنەوەی کەلەپوور لەسەر بنچینەی سوود بەخش بوونی بۆ ژیانی ئەمڕۆمان.

-بایەخدان بە بەها مەزنەکانی مرۆڤایەتیو پاراستنی شکۆمەندی مرۆڤ.

-هەوڵدان بۆ گونجاندنی کەلەپووری رۆشنبیریمان لەگەڵ بیری هاوچاخ لە زانیاری زانستیو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

لە کۆتاییدا دەڵێین ووتاری فەلسەفی یان کتێبی فەلسەفی رووبەڕووی گرفتێك دەبێتەوە ئەویش کەمی زاراوەی فەلسەفییە، هەوڵمانداوە، ئەوەندەی لە تواناداا بێت، لەسەر ڕێبازی کۆڕی زانیاری کوردو کۆڕی زانیاری کوردستان، ئەم کەلێنە پڕبکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بیٚ کەموکورتی نییە، بەڵام بە گشتی لە ئامانجمان نزیك دەکاتەوەو هەوڵێکە بۆ هەنگاوی دیکە.

دەستپێك:

وابزانم زۆربەی ئەم هەڵانەی کە هەر کەسێك ویستبێتی بیری زەکی نەجیب مەحموود هەڵسەنگێنێت تووشی هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ یەك هۆی سەرەکی ئەویش دوابەدوای گۆڕانی بیری ویدا نەچوونەو تەنیا دەستگرتن بووە بە تەماشا کردنی لە ئاسۆی یەك تاکە بابەت کە بابەتەکیەتی ژێربێژەکیە، بەم شێوەیە وەك:( خاوەن فێرگەیەکی فەلسەفی کە چەندان ساڵە بەردەوام دەوڵەمەندی دەکاتو پشتگیری دەکات بە دڵسۆزیو ئەرك کێشانو بە هێورییەوە.)(1) لە قەڵەم دراوە.

لەبەرئەوەی کە بڕیارماندا کەوا خاوەن فێرگەیە شتێکی سروشتیە کەوا(فێرگەکانی دیکە) بەربەرەکانێی بکەن چ چەپڕەوبن وەك مارکسایەتی یان راست ڕەوبن وەك پێشینەیی ووشکباوەڕ هەروەها خاوەنانی چەپڕەویو ڕاست ڕەوییەکان هەموویان وای تەماشا بکەن کەوا هیچە وای نەکردووە تەنیا بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە نەبێت کەوا ڕاڕەوەکەی لەسەر دامەزراوە،و ستوونەکانی لەسەر ڕاگیراوە، لەسەر هەمان شێوەی کە ئەوان کردوویانە:(تاڕادەیەك توانی لە دەورەی پێلێکی بیرەکی دا پەرەپێبدات کە لە بنچینەکانی ئەم فەلسەفەیەوە وەرگیراوەو پشتگیری بکات بە ووتارو وانەبێژییو نووسراوان)(2)

لەبەر ئەوە رەخنەگرتن لە دانانەکیەتی ژیربێژی واتای رەخنەگرتنە لە زەکی نەجیب مەحموود هەتا ئەگەر تیپێك لەناو خاوەنانی ئەم رەخنانە دانیان نابەوە کەوا ئەو فێرگەیەکی تایبەتی دروست کردووە لەناو فێرگەی دانانەکیەتی ژیربێژی)(3)

یاخود کەسانێدی دانیان نا بەوە کەوا ئەم گەڕەی زەکی نەجیب مەحموود لە رووناك بیریمان پێی هەڵدەستێ جیاوازە لەوەی کە دانانەکیەتی ژیربێژی لە ولاّتانی دی وەك ئینگلتەرا یان ئەمەریکا یان ولاّتانی دیش لە ولاّتە پێشکەوتووەکان پێی هەڵدەستێ، کە دەتوانین بڵێین ئەم فەلسەفەیە تیایاندا بە کردەوەیەکی رووناکسازی هەڵدەستێت. بەلاّم لای ئێمە.( بەربەرەکانێی ئەفسانەکانی ونبینیی بە رەخنە لێگرتن مەرجێکی هەموو رەخنەیەك بوو، لە ولاّتی ئێمە لەو کاتەی پێوەندیەکانی جیهانی کۆن بەرەو پووکانەوە دەچێت. د. زەکی مەحموود ڕۆڵێکی بەرچاوی تیادا هەبوو)، تیرەکانی رەخنەی ئەو زیانێکی گەورەی گەیاندە نەریتەکانی کۆنەپەرستی.

سەرەڕای ئەوەی نەرمی نەنواندو دوانەکەوت ئەوا ماوەیەکی کەم نییە لە دژکاری لەگەڵ کاهینکارەتی نەزان لە زۆر لە کێشە زانستیەکان، تا ئەو رادەی کەوتە بەر بارانی تاوانبارکردنی سەرەڕۆ، جیاواز لە نوێنەرانی دانانەکیەتی ژیربێژی لە مەرجی کۆمەلاّیەتی جیاوازدا.(4)

لەگەڵ ئەوەشدا ئاساییە کە دەبینین لە بواری تۆژینەوەداو لەبارەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفە لە جیهانی عەرەبی( چەند کلێشەی) ئامادە هەیە کە لە سەلمێنە نزیکن دەڵێن ئەو پیاوە تەنیا ئالاّی دانانەکیەتی ژیربێژی هەڵگرتووەو گەورەترین بانگدێری بووە، ئەوەش هەموو ڕۆڵەکەیەتی لە ژیانی رووناکبیریماندا..

(جێی دووپاتکردنەوەیە کەوا زەکی نەجیب مەحموود بەرچاوترین نوێنەری ئەم پێڵەیە لە ولاّتانی عەرەبیدا.)(5) وەك ئەوەی کێشەکە بەڵگە نەویستەو پێویستی بە راڤەو لێکدانەوە نیە وا بڕیاردراو تەواو بوو.

بەم شێوەیە نوێنەری دانانەکیەتی ژیربێژیو هەڵگری مۆرەکانیەتیو بریکاریەتی نەکەمترو نەزیاتر. ئەگەر هاتوو تۆژینەوەی ئەکادیمیی لەسەر بنووسرێ ئەوا بە ئامانجی لێکۆڵینەوەی (دانانەکیەتی نۆژەنو فەلسەفەی زەکی نەجیب مەحموود)(6) دەکرێت. لەبەرئەوەی( دکتۆر زەکی نەجیب مەحموود داوای هاتنە ریزی ئەم رووکارە بیرەکیەی کردو بووە نوێنەرەکەی لە بیری عەرەبیدا)(7) زۆربەی نووسەران رێکدەکەون لەسەر ئەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەی چەندان راڕەوی جیاوازیان هەیەو رووکاری بیرەکی جیاواز، ئەو کەسانەش هەڵناوێرین کەوا نەیان توانی ئەو

جیاوازیە بزانن لە نێوان دانانەکیەتی ژیربێژیو ڕاڕەوی دانانەکیەتی فەڕەنسی کە ئۆگست کۆنت داینا(1798-1857) لە نیوەی سەدەی رابردوو، لەم دووانەیان تێکەڵ کرد بە شێوەیەك نیشانەی نەزانیەکی ئاشکرایەوپاشان هاتن ئەم بیریارەمانیان تاوانبارکرد کەوا گوایە پێوەندی هەیە بە (داگیرکاری رۆژئاوایی) ئەویش وەك کەسانی وەك(تەها حوسین)و(عەلی عەبدول رەزاق)و هاوپێچەکانیان کە هەمان تاوانیان خستنە پاڵ.(8)

پوختەی باسەکە ئەوەیە کەوا هەموو ئەوانەی رەخنەیان گرتووە تەنیا ئەوەندە دەزانن کەوا بەداخەوە هەر ناوی زەکی نەجیب مەحموود بێت واتە خاوەنی کتێبی(ئەفسانەی میتافیزیکیا)یە کە لە ساڵی 1953 دەرچوو.

واتە نزیکەی نیو سەدە پێش ئێستا- بەڵام ئەو زەکی نەجیب مەحموودی میتافیزیك خوازەکەی لە سەرەتای چلەکان تۆژینەوەیەکی لەبارەی ئازادی ویستنووسی کە تیایدا لاگری دیمانەی زۆرکاری خۆیەکی بوو کە دیمانەیەکی میتافیزیکاییە لە ناوەرۆکەکەیدا )(9)

هیچی لەبارەوە نازانن، لەبەرئەوەی خۆیان خەریك نەکردوە بە لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی گۆڕانی گیانی ئەو- ئەوان دەزانن کەوا زەکی نەجیب مەحموود بیریارێکی رووناکسازە کە لە کتێبی( ڕۆژهەڵاتی هونەرمەند) لەساڵی1960 دا نووسیو نزیکەی پتر لە بیست کتێبی نووسیوە هەمووی لەبارەی ژیاندنەوەی بیری عەرەبی دەخولێتەوە لەتەك نوێکردنەوەی، بەڵام ئەوان هیچیان لەبارەیەوە نازانن- ئایا پێویستیان بەم زانینە چیە. ئەوان بیرەکەیان بەندکردوە لەناو چەندان قالبی دیاری روون‌وئاسان کە تەختەبەندی دانانەکیەتی ژیربێژیە بەم شێوەیەی کە خاوەنەکانی لە ئینگلتەراو ئاستانە یەککگرتووەکان تێیدەگەن.

پاشان بۆیان هەیە دابەزنە سەری بە رەخنەو توانج تێگرتن‌و بریندارکردن بە بەکارهێنانی رەخنەی مارکسییەکا ئینگلیزەکان بە تایبەتی وەك ئەوەی هیچ جیاوازی نەبێت لە نێوان ئەوەی بیریارەکەمان کردوویەتیو ئەوەی کارناب ئایەرو کەسانی دی کردوویانە. وەك ئەم رەخنەگرانە گومانیان وایە ئەگەر پیاوە ویستبای فێرگەیەك دروست بکات، کە بنەماکانی دانانەکیەتی ژیربێژی بلاوکاتەوە، و دەقەکانی وەرگێڕێتو بانگەوازی بۆ بیردۆزەکانی بدات ئەوا لە زۆر زووەوە دەیان لە شاگردەکانی بە تەواوی ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە (10)

جگە لەوەی هەموو شاگردە لاوەکانی نەیان توانیوە لەو دەسەلاتە بەهێزەی دەرچن کە لەسەر هۆشی لاوانی هەبوو هەر لەوترووکەوە کە دەستی بەوانە ووتنەوە کردبوو لە زانکۆ ئەوەتە یەکێك

لەبەرچاوترین بیریارەکانمان بەخۆی باسی کارتێکردنی دەکات کە خوێندکار بووە لای د. زەکی نەجیب مەحموود لە دواییەکانی چلەکان:
دەڵێت( لەراستیدا دروستترین وەسف کە رێك بێت لەگەڵ ئەم کارتێکردنە قووڵەی مامۆستامان هەیبوو لەسەر شاگردەکانی ئەوەیە کەوا فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانویل کانت دەڵێت لە وەسفی ئەو گۆڕانەی کەوا فەیلەسووفی هەرە مەزنی ئینگلتەرا دیڤید هیوم لە هۆشی ئەودا کردبووی کە دەڵێت: هیوم لە ماتبوونێکی متمانەدارانەی وا کە گومان لە هیچ ناکات وە ئاگای هێنام. وانەکانی د.زەکی هەمان شتی کرد لەهۆشی ئێمەمانان داکرد لەو کاتەی ئێمە لە نیوە رێگەی فێربوونی زانکۆیی دابووین.(11) واتە کاریگەری لە شاگردانیدا بەهێزو بە گوڕبوو) لە پشت ڕواڵەتی کڕوهێمنیو دەنگە کزەکەی گێژەلووکەی رووخێنەری هەیە.(12)
ئەوەش گەواهیەکە شاگردانی ئاشکرای دەکەن لە هەموو شوێنێك ئەگەر ویستبای فێرگەیەك دامەزرێنێت، وەك خاوەن رەخنە خێراکان دەڵێن، ئەوا لە شاگردانیدا کەسانی وا هەبوون کەوا کتێب دانێنو وەرگێڕن،و هەندێ دانانەکیەتی ژیربێژی راگوێزێتەوە بە هەموو گۆشەیەكو دوورایيەکی بۆ رووناکبیری عەرەبی. بەڵام نەیکرد، بەڵکو زۆربەی نامە ئەکادیمیەکانی کە سەرپەرشتی دەکرد لەکاتی مامۆستایەتیەکەی لە زانکۆدا، بەدوای بابەتی بیرەکیدا دەسووڕێتەوە کە هیچ پێوەندی بە دانانەکیەتی ژیربێژیەوە نییە.(13)
ئەو شتەی ئەوەی نیشان دەدات کەوا بایەخدانی بەم راڕەوە لە پایەی یەکەم تەنیا لەبەر هۆی رووناکسازیەوە بووە، لەو راڕەوانەیە کەوا جەنگێکی بێوەستانی بەرپاکرد دژی ئەفسانان،و نزیکترین ڕاڕەوە بۆ زانستو بیرکردنەوەی زانستی لە کۆتاییدا بەرنامەیەکە- خۆی نابەستێتەوە بە ناوەڕۆکێکی دیارکراوەوە.
دەشێ خراپ لە بیری ئەم پیاوە گەیشتن بەو فرەوانیەو لەگەڵ ئەوەی دوابەدوای داهات لە تەنگەبینی، بووە هۆی دووربوونەوەی بەتەواوی لە رێزلێنانی_ رێزلێنانێکی دروست- ئەوەبوو ناچاریکرد چەندان جار ئاگاداری ئەوە بکاتەوە بۆ روونکردنەوەی هەڵوەستەکەی بۆ ئەوانەی لەو دەورە نەگەیشتوون کە دەیەوێت ژیربێژی دانانەکیەتی پێی هەڵبستێتو دەڵێت: بۆ چەندان ساڵی درێژ بە هەڵەچوو بووم لەنێو بەهەڵەچوواندا لەبەرئەوەی منیش بە نۆرەی خۆم دەمارگری گرتبوومی بۆیەك پێلە فەلسەفەی دیاریکراو بەو گومانەی کەوا وەرگرتنی ئەمەیان وا پێویست دەکات پێلەکانیدی رەتبکرێنەوە، بەڵام من ئەمڕۆ لەگەڵ باوەڕی پێشوومدام کەوا فەلسەفەی

شیکردنەوە بەگوێرەی فەلسەفەکانی دی چەرخی ئێمە لە پلەی بەرایی‌دایە- هەروەها باوەڕم وایە کێشەی نێوان ئەم رووکارە فەلسەفیانە لە دواکایە تەنیا کێشەی تەواوکارییە )(14)

خاوەنەکانی رەخنەی پڕکەموکورتی دەستەواژەیەکی وایان خوێندبۆوە، ئەم ئاگاداریەش بە هیچ روویەك پاکانەکردن نییە لە راڕەوی دانانەکیەتی ژیربێژی یاخود ئەزمونگەری زانستی، وەك وا بەباش دەزانێت ئەو ناوەی لێبنێت، یان خۆدزینەوە بێت، بەڵکو ئاگادارکردنەوەیە کەوا کێشە دەمارگری نییە بۆ راڕەوێك،و دیارکردنی بەو خوازەیە کەوا سوودی لەم راڕەوە وەرگرتووەو، بەکاری هێناوە(بۆ بەرژەوەندی بیری رووناکسازی)(15)

و پاش ئەوەی بیری پێشکەوتو ئەزموون کارامەی کرد لەم پێلەرەت بوو: شارەزایی ئەو سالأنە فێری کردم- کەوا ترسناکترین خلیسگەی بیر ئەوەیە خۆم بەندکەم لە سنووری چارچێوەیەکی راڕەوی، بەندکردنێك وابکات لە هەموو کارێکمدا بگەڕێمەوە بۆ بنەماکانی یەك ڕاڕەوی دیارکراو، ئەوەی بینیم لەگەڵ ئەوان بنەمایان رێك دەکەوێت ئەوا وەریبگرم،و ئەوەی لەگەڵ ئەوان بنەمایان رێك نەکەوێت رەتیکەمەوە، لەبەرئەوەی شارەزایی ژیان فێریکردم کەوا پێلی ژیان لەوە دەوڵەمەندترە کەوا یەك ڕاڕەو بە چەند ژمارەیەکی کەم لە بنەمایانو دەستووران کۆیبکاتەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە گۆڕانی ژیانی بیرەکیم شتێکی سروشتی بوو- بێ‌ئەوەی بە مەبەستو پلانو رێك گێڕان بێت- خۆم وا دیتەوە کەوا لەنێوان رووکارەکانی فەلسەفی هاوچەرخ رووکارێکم هەڵبژاردووە کە لە راستی‌دا (بەرنامەیەکە بۆ بیرکردنەوە) نەك(ڕاڕەو) خۆی تەنیا لەیەك ناوەڕۆکی بیرەکی وەردات، وەك ئەو کەسە وابووم کەوا تەرازوویەکی بەدەستەوەیەو شتانی پێ بە مایەیەکی دیارکراو دەپێوێت کە تەنیا هەر ئەو بێت جێی کێشان و نرخ دیارکردن.)(16)

کەواتە دانانەکیەتی ژیربێژی، تەنیا قۆناغێك بوو لە بیری زەکی مەحموود، کەمێك لای وەستا، زۆر لێی ڕاما، بە قووڵی خوێندیەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرێت بۆ ئامانجێکی بالأتر کە ئەرکی رووناکسازیەو پێی هەڵدەستێت.(17)

کەواتە خراپ تێی گەیشتووین، ئەوە یەکەمو دووەم ستەمی لێ دەکەین،و سێهەم خۆ بێ ئاگا دەکەین لەو گەڕە گەورەیەی کە هەیبووەو پێی هەڵساوە، ئەگەر هاتوو لەسەر ئەم قۆناغە وەستاین، یان لە سۆنگەی تەنیا ئەم قۆناغە بڕیار لەسەر ڕۆڵەکەی بدەین، پێویستە تۆژەری راستەقینە، ئەگەر ویستی دادپەروەر بێت، بەرامبەر ئەم بیریارە پێویستە لەسەری دوابەدوای گۆڕانی گیانی ئەودا بڕوات، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئەوەی بیخاتە ریزی دروستی خۆی لە نەخشەی راپەڕینی رووناکبیری عەرەبیو نێوان بیریارە مەزنەکانی رووناکسازی کە لە سەرەتای سەدەی

رابردووو هەتا ئەمڕۆکەمان بەم راپەڕینە هەڵستاون. کەواتە پێویستە بەخێرا ڕێڕەوی راپەرینەکەمان بخەینە ڕوو، کە لەگەڵ هەڵکوتەکەی فەڕەنسی دەستی پێکرد، تا دەگەینە(زەکی نەجیب مەحموود)ی بیریارو تۆرەدان بۆ ئەوەی ئاستی هاوبەشی کردن لەم ڕاپەڕینەدا بزانین.

رەوتی ڕاپەرین:

ئەگەر هاتوو مێژوونووسانی رۆژئاوایی سەرەتای راپەڕینی ئەوروپی دیار دەکەن بە داگیرکردنی قوستەنتەینە لەساڵی1653 لەسەر دەستی تورکە عوسمانیەکان، پاش ئەوەی موحەممەدی دووهەم گرتی کە ناوی دەرکرد بە موحەمەدی فاتیح- ئەوا دەتوانین(راپەرینی عەرەبیمان) دیارکەین بە هەڵمەتی رۆژئاوا- ئەم جارەیان بۆ سەر رۆژهەلاٗت لەسەر دەستی ناپلیۆن بۆناپارتو داگیرکردنی شاری ئەسکەندەریە لەساڵی1798 یاخود پێش سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە دوو ساڵ.(18)

لەم مێژووەوە چەرخی راپەرینمان دەستی پێکرد کە هێشتا تیایدا دەژین بەبێ‌ئەوەی لێی رەت بووبین بۆ قۆناغێکی دی دەشێ ناوبنرێت(چەرخی تازە) بەلاٗم ئەم ماوە درێژە- کە پتر لە پێویست درێژ بۆتەوە- هەمووی رێكو یەکگرتوو نەبوو- بەڵکو پلە پلەو لەسێ ئاستدا بوو هەریەکەی لە ژوور ئەویدیە بە پلەیەك، وەك خانەسازی ئیسلامی کە لە بنیاتدا چینی دووهەمیان فرەوانتر دەکرد لە چینی یەکەمو پاشان چینی سێهەمیان فرەوانتر دەکرد لەگەڵ ئەوەی هەرسێ چینی یەك لە دوو یەك بەردەوامیی هەبوو کە بەیەك بنیات دەژمێردرا، بەلاٗم لە فرەوانی‌دا هەریەکەی لەوەی پێشەخۆی فرەوانتر بوو.(19)

هەر ئاستێك لەم سێ‌ئاستانە لە رەوتی راپەڕینمان بە شۆڕشێك کۆتایی دێت کە دەیگوازیتەوە بۆ ئاستی بالاٗتری، بەلاٗم ئەم شۆرشە وەك ئاکامێکی پێویست ژانی بیرەکی پێش خۆی روویدەدا، شۆڕشی عورابی کۆتایی یەکەم قۆناغە،و شۆرشی 1919 کۆتایی دووهەم قۆناغەو شۆڕشی 1952 کۆتایی سێهەم قۆناغە، ئایا ئەم سێ ئاستە کامەنەن؟

ئایا رەوتی راپەڕینمان لەسەرەتای دەستپێکردنی چۆن بوو هەتا ئێستا؟ ئایا بیری زەکی نەجیب مەحموود دەخرێتە کوێوە لەم رەوتەدا؟

ئاستی یەکەم: هەڵکوتی فەڕەنسی کە هات بۆ میسرو جیهانی ئیسلامی بە گشتی‌و نیشتیمانی عەرەبی بەتایبەتی: لەناو( تاریکاییەکی تیر دەژیا لەتەك کارەساتی سەر لەبەرو نەزانی‌یەکی هەموو گرو زۆرداریيەکی گەلەكو هەژاریەکی کوشندە)، وەك ئەحمەد ئەمیب دەری بڕیوە.(20)

مسيو(ڤولنى) كە گەڕيدەيەكى فەڕەنسى بوو سەرى لە ميسرو شام دابوو– لە وەسفى ئەم ولأتەدا لە دواييەكانى سەدەى هەژدەم دەڵێت: نەزانى لەم ولأتەدا گشتىو سەرتاپاگرە وەك هەموو ولأتانىدى توركى نەزانى هەموو چينەكانى گرتۆتەوە، هەموو لايەنێك ڕووناكبيرىو تۆرو زانستو هونەر، كارسازى لە سادەترين باريەتى، ئەگەر كاتژمێرت خراپ بوو كەس نييە بۆتى چاكاتەوە مەگەر بيانيەك)(21)

ئەوانەى لەبارەى ئەو كەسانە دواون كە گەيشتوونەتە رادەى نووسينو خوێندنەوە دەڵێن:( ميسر كە مەحەمەد عەلى والى بوو لەسەر ميسر تەنيا دووسەد كەسى تيا بوو خوێندنەوەو نووسين بزانن، نووسەرە قيبتيەكانى لىٚ دەرچێت.)(22) و بەگوێرەى ولأتى شام ئەويش هەمان شێوەيە،(بورنج) دەڵێت لە ديمەشقو حەلەب يەك كتێب فرۆش نەبوو.(23) هەتا ئەو رادەى فەرمانداری ميسر لەوە بەترسە كە بيركارىو سروشتزانى فێرى خەڵك بكاتو داوا لە شێخى مزگەوتى ئەزهەر دەكات كە فتواى بۆ بدات. ئايا رەوايە زانستەكانى وەك بيركارىو ژمارەو ئەندازە فێرى موسڵمانان بكات؟

شێخ دەفەرموێت بە ترسێكەوە ( رەوايە بەلاٚم لەگەڵ دياركردنى سوودى فێربوونيان)

وەك ئەوەى ئەم زانستانە موسڵمانان هيچى لىٚ نازانو داهێنەرى ئەوان نەبووينەو خاوەن چەندان كەسى لێهاتوو نەبووينە تيایاندا)(24)

بەم شێوەيە ولأتانى عەرەبى بەرامبەر زانينەكانى چەرخى ناوەند گۆشەگيرو داخراو بوو، هەندىٚ كتێب دەپارێزێتو روونووسى دەكاتو تەنيا راڤەى سەر دەقەكە پێشكەش دەكات ياخود پەراوێزێك بۆ ئەم راڤەيە: هيچ پێوەنديەكى نەبوو لەگەڵ گەلانى ئەوروپى لە لايەنەكانى رووناكبيرى يان كارسازىدىى يان رژێمى فەرمانڕەوايى هتد.. تا هەڵكوتى فەڕەنسى هات بۆ ميسرو لەگەڵ خۆيدا وێنەى نوىٚو بيرى نوىٚو بەهاى نوىٚى هێنا، يارمەتى شكانى ئەو ناوبڕەىدا كە عوسمانيەكان دروستيان كردبوو لە درۆوو ئەفسانەو فڕوفێڵ بە دەورەى هۆشى رۆژهەلأتيان.(25) جێى رێكەوتێكى سەيرە كە لە هەمان رۆژى كە رەفاعەى تەهتاوى كە پێشكارێكى راپەڕينى تازەيە لە دايك بووە سوپاى فەڕەنسى لە ميسر كشايەوە لە15ى ئۆكتۆبەرى ساڵى1801– رەفاعەى تەهتاوى(1801–1873) تۆوەشێنى يەكەم قۆناغ بوو، كە ئەم تۆيە شين بووو گەيشتە دوا وزەى كۆتايى هات بە شۆڕشى عورابى– ئەو تۆيەى كە وەشاندى بيرى ئازادى بوو لە شێوەيەكى ئاوڵەمەيى ئەم بيرەش پێوەرێكى ووردە بۆ پێوانى پلەى بەرزبوونەوەمان ئازادى هەرچەند قووڵتر بێت، ئەوا بەرزبوونەوەمان لەرێى راپەڕين پتر دەبێت پلە

پاش پلە(26). تەهتاوی لە کتێبەکەی (ڕێبەری رازگر بۆ کیژان‌وکوڕان) لە پاژێکدا لە ژێر ناونیشانی(لەبارەی ئازادیی گشتی‌و یەکسانی لە نێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە- ئەم ئازادیە دابەش دەکاتە سەر پێنج بەش: سروشتی، وەك لە خواردن‌و خواردنەوە، رەوشتی، لە چوارچێوەی ئاکاردا، ئایینی، کە ئازادی باوەڕ دابین دەکات، شارستانی، کە ئالوگۆڕی نێوان خەڵك رێك دەخات، رامیاری، کە کیشوەر (دەوڵەت) ئەم ئازادیانەی باس کران بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات.

ئازادی رامیاری لای تەهتاوی هاوبەشی کردنی گەل لە فەرمانرەوایی نییە ئەو شتە هیوایەکی دوورە دەستە. بەڵام ئەم ئازادیانە(یەکسانی) تێدایە کە هەموو هاووڵاتیان دەگرێتەوە بە یەکسانی، ئافرەت‌و پیاوی لە یەك جیا نەکردۆتەوە، کەواتە دەتوانین بەیەکەم کەسی دابنێین کەوا بانگەوازی ئازادی ئافرەتی‌دا، بانگەوازیەك لای قاسم ئەمین گەیشتە چلەپۆپە. هەر ئەویش بوو کە مزگێنی دیموکراتیەتی رامیاری راگەیاند کە لە دوایدا ئەحمەد دلوتفی سەید(1872-1963) دایڕشتەوە، بەڵکو تەهتاوی یەکەم هاواربوو بۆ(بەرەو چاکسازی کشتوکاڵی) بە واتای سۆشیالیستی کە ئەمڕۆ تێی دەگەین، پاژێکی نووسی لەبارەی(داخوازیەك لەبارەی دابەشکردنی زەوی لە نێوان خاوەنەکەی‌و جۆتیارەکەدا): سەرزەنشتی ئەم خاوەن زەویانە دەکات کەوا بەپێی رادەی خزمەت‌و کار نادەنە خەڵك، بەڵکو بەپێی باری دەروونیان دەبەخشنەوە، بەرامبەر ئەو هەموو ماندووبوونەی ئەوان) لەهەمان قۆناغ جەمالەدینی ئەفغانی دەرکەوت(1839-1897)بینی کەوا زەمینە لە میسر چاکە بۆ شۆڕش بەهۆی ئەم رووناکسازیەی کە تەهتاوی کردبووی بە رێنوێنیەکانی(ئەفغانی هەوڵیدا تۆ بوەشێنێت لە فارس‌و ئاستانەدا، بەڵام چی لێ شین نەبوو، لە میسر هەوڵیداو ئەزموونی لێرەدا سەرکەوت‌و تۆیەکە شین بوو.)(27)

ئەفغانی هەشت ساڵ لە میسر مایەوە(لە مارتی1871 تا ئۆغستۆس1879) ئەو ساڵانەی لە چاکترین‌و بەفەڕترین ساڵ بوون بۆ میسرو جیهانی رۆژهەڵات لەبەر ئەوەی تۆی دەخستە زەویەوەو <u>تەیار</u> دەبوون. بەنهێنی بۆ شین بوون، و ئامادە دەبوون بۆ دەرکەوتن‌و گەشانەوە ئەوەی کە هات لەپاشدا لە خۆشویستنی ئازادی‌و خۆبەخت کردن لەرێی‌دا بنجی لێرەوە بوو)(28)

ئەفغانی لەتەك بایەخدان بە بیری(ئازادی) بایەخی بە بیردۆزی دیدا کە لە سەرەتای راپەڕینەوەو هەتا ئێستاش لەگەلی دابووە مەبەستم:( بڕیاربردنە بەرهۆش)، نامەیەك دادەنێن بۆ بەرپەرچدانەوەی دەهریەکان (ڕۆژگارییەکان)یان(مایەکییەکان) لەهەر هەنگاوێکی لە هەنگاوەکانی رەوتەکەدا بڕیار دەباتەبەر ئەوەی کە وای گومان بردووە کەوا بەڵگەیەکی هۆشەکییە بە نموونە هەوڵ دەدات کەوا ئەوە بسەلمێنێت دیمانەی گۆڕان لەسەر رێکەوت دامەزراوە، کەچی رژێمی

گەردوون رژێمێکی رێکهاتووە، لای هۆش پەسەند نییە کەوا رێکەوتی کوێرە ئەم رژێمە رێكو پتەوە بنیات بنێت، هەروەها دیمانەی گۆڕان بێکۆتایی لە کۆتایی دار هەڵدێنێت ئەوەش لای هۆش ناشێ. هتد(29) بەڵام ئەفغانی ئەگەر هاتوو لەبەر هەمان تیشك رۆیی کە رەفاعەی تەهتاوی بەرپای کرد لە پێشویدا، بەڵام بیری ئازادی بەرزتر کردەوە لە ئاستی خۆی ئاستی یەکەم، کە ملکەچی بۆ فەرمانداری بوو کە تەهتاوی وای گریمانە کردبوو، ئەوا ئەفغانی بەخشی بە مل کەچی بۆ گەل(30)

بەم شێوەیە بیرزای تازە داهات لە یەکەم قۆناغ تا لە کۆتایی شۆڕشی عورابی روویدا کە دروشمی میسر بۆ میسریانی هەڵگرت لەگەڵ لابردنی باری نەبوونی لەسەر شانی میسریان بێئەوەی گومان بخاتە مافی بەرەکانی دی کە تیایدا بوون لە تورکو چەرکەسی(31)

ئاستی دووهەم: شۆڕشی عورابی بە هاتنە ناوەوەی داگیرکاری بەریتانی بۆ میسر دوایی هات لە ساڵی)1882) لێرەدا قۆناغی دووهەم لە رەوتی راپەڕینی تازەمان دەستی پێکرد، لێرەدا چەندان کەڵەپیاو دەردەکەون لەسەر شانۆ کە بینایی‌و سەرنج رادەکێشن بۆ خۆیان: وەك پێشەوا موحەمەد عەبدە(1849-1905)(32) تێکۆشان بۆ رزگارکردنی ژیانی ئایینیمان لەو ئەفسانانەی پێیەوەی لکابوون،و بۆ ئەوەی هۆشی خەڵك رزگار کات لە تاریکی نەزانی، بەڵام ئەوەی پتر بایەخی پێدابوو روونکردنەوەی باوەڕە بنچینەییەکانی ئایینی ئیسلام بوو، روونکردنەوەیەك ئەوەی دەربخات پشت بە ژیربێژی هۆش دەبەستێت، لە کتێبەکەی( ئیسلامەتی‌و دیانەتی) دەبینین بە ووردی قسە لە بنچینەکانی ئیسلام دەکات کە لە سەری دامەزراوە، یەکەم بنجی ئەم دینە دەکاتە(روانینی هۆشەکی) دەڵێت: یەکەم بنچینەی کە ئیسلامەتی لەسەر دامەزراوە روانینێك هۆشەکیە، روانینیتی لای وی ئامرازی باوەڕی دروستە، بەوەش تۆی خستەسەر تەرازووی بەڵگە،و داوەری خستۆتە بەرهۆش،و ئەوەی داوەریش بخاتەبەر هەر دەسەڵاتێك ئەوا ملکەچە بۆ ئەم دەسەڵاتە، ئایا پاش ئەوە چۆن دەبێت بەگژی دابچێتەوە؟)(33)

بەڵام دووهەم بنجی ئیسلام کە(هۆش خستنە پێشەوەی رواڵەتی(شەرعە)و دەستوورەکانی ئایینە لەکاتی رێك نەکەوتنیاندا، خەڵکی میللەتی ئیسلام لەسەر ئەوە رێك کەوتوونە کەوا ئەگەر هاتوو هۆش‌و راگوازتن(دەق) (واتە ئەو دەستوورانەو بڕیارە ئایینیانەی کە بەپشتاو پشت بە راگوازتن گەیشتۆتە ئەو ڕۆژە) لەگەڵ یەك نەیار بوون ئەوا ئەوەی کە هۆش هێمای بۆ دەکات پەسند دەکرێت،و لەبارەی راگوازتن دوو رێباز هەیە یەکەم رێگەی سەلماندنی دروستی راگوازراوو

لەگەڵ داننان بە یەك کەوتووی لە تێگەیشتنی و کێشەکە بردنەوە بەرخوا لە زانینیدا، و ڕێگەی دووهەم لێکدانەوەی راگوێزراوەکەیە تا گونجانی لەگەڵ ئەوەی هۆش سەلماندوویەتی لەتەك پاراستنی یاساکانی زمان.(34)

لە کەڵە پیاوان قاسم ئەمین لەسەر شانۆ دەرکەوت(1865-1908) بانگەوازیدا بۆ رزگارکردنی نیوەی نەتەوەی کە کۆیلە کراوە، مەبەستم دووجار کۆیلەکراو ئافرەتان: یەکەم کۆیلەکراو، لەلایەن پیاوەوەو پاشان ئافرەت و پیاو کۆیلەکراون لەلایەن داگیرکەرەوە، هەروەها مستەفا کامیل دەرکەوت(1874-1908) لە سەرۆکایەتی رامیاری بۆ ئازادکردنی ولات لە داگیرکەر چوو، هەروەها ئەحمەد لوتفی سەیید(1872-1963)و پێداگرتنی لەسەر پێویستی بەندردنی دەسەڵاتی فەرمانداری، بەشێوەیەك تەنیا دەسەڵاتی بەسەر ئەوەی پێویستە هەبێت کە سێ شتن:سوپا، پۆلیس، دادوەری، لەوە بترازێت دەسەڵات بەسەر هەر دەزگاو سوودێك پێویستە بۆ کەسان و کۆمەڵانی ئازاد بێت، بەرچاوترین بنەماکانی جووڵانەوەی لیبرالی کە لوتفی سەیید سەرۆکایەتی کرد بنەمای: دەسەڵات بۆ یاسا بێت، نەك بۆ کەسان، و فەرماندار بە خواستی گەل فەرمان بگێڕێت بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵك نەك بۆ بەرژەوەنی یەك چینی دیارکراو، یان یەك تاکە کەس، پاشان، بنەمای میسر بۆ میسریان، بەڵام ئەمجارەیان واتای فرەوانتر بوو لە دروشمی شۆڕشی عورابی: لەبەرئەوەی ئەمجارە واتای وابوو کە میسر سەربەخۆ بێت بەرامبەر تورکان و ئینگلیزان. لە بنەماکانی دیش ئەوە بوو ئازادی نیشتمان دابین نابێت مەگەر ئازادی هاووڵاتیان نەیەتەدی.

بەڵام ئەم ئازادیەش نایەتەدی لە ژێر سێبەر ئازادی رامیاری نەبێت کە واتای وایە هەموو کەسێك هاوبەشی بکات لە فەرمانداری وڵاتەکەی هاوبەشیەکی تەواوو دروست، ئەوەشە کە ناوی دەنێن دەسەڵاتی نەتەوە، لێرەدا ئەم هەنگاوە مەزنە دەردەکەوێت کە پێشکەوتنە لەو واتا تەنگەی ئازادیی رامیاری وەك تەهتاوی تێی گەیشتبوو بۆ واتا فرەوانەکەی کە لوتفی سەیید دیاری کردووە، ئەوەش سەرەڕای ئەو ئەرکە و کۆششەی کە لوتفی سەیید کردی بۆ پێشخستنی فێربوون و پەروەردە کە مەبەستی فراژووکردنی بیری ئازاد بوو، پاش ئەوەی تەرخان بوو بۆ ئامادەکردنی کارمەندانی فەرمانداری، هەروەها لایەنگیری قاسم ئەمین بوو لە بانگەوازی بۆ ئازادی ئافرەت، بەڵام لوتفی سەیید لێرەشدا هەنگاوێکی فرەوانی پێدا بەرەو بەرزی، پاش ئەوەی ئازادی ئافرەت لای قاسم ئەمین واتای وابوو ئافرەت سفوور بێت بەلابردنی رووپۆش، لای لوتفی

سەیید واتای مافی ئافرەت بۆ فێربوونو مافی یەکسانی بوو لەگەڵ مافی پیاو . ئەم ژانە بیرەکیانە شۆرشی(1919)ی لێ پەیدا بوو کە بەو هۆیەوە یەك پلە بەرز بووینەوە.(35)

ئاستی سێهەم: لەگەڵ ئەوەی زەکی نەجیب مەحموود لە قۆناغی رابردوو لە دایك بوو(1905) بەڵام پێکهاتنی بیروهۆشی لە پلەی یەکەمو پاشان بەرهەمەکانی بیری پاش ئەوە، پێشانو ئێستاش دەکەوێتە ئەم ئاستی سێهەمە.

ئەو لە قۆناغی پێك هاتنیدا لە بیستەکانو سیەکانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیست)بە توندی رووداکاتە ژیانی رووناکبیری بە دواهاتنێك تا ئەو رادەی ئەشێ هیچ کتێبێك یان وتارێك پازنەدات لەوەی کەڵە پیاوانی جووڵانەوەی بیرەکیو تۆروانی دەیاننووسی لە میسر بە تایبەتی لەبارەی ئەو دوو بیردۆزە سەرەکیەی(بیردۆزی ئازادی) لەلایەكو(بیردۆزی هۆش)لەلایەکی دی.(36)

ژیانی رووناکبیرمان لەم دوو دەیەدا چالاك بوو، ئەحمەد ئەمین بە نموونە لە کتێبەکەی(ژیانی من) دا دەڵێت فێرگەی برادەرانی خاوەن رووناکبیری ئینگلیزی هەبوو کە ئاخاوتن تیایدا لە بارەی شکسپیرو دیکنز،و ماکولی،وشۆ،وهـ.ج.ویلز..هتد بووو کۆمەڵەیەکی دی لە برادەرانی خاوەن رووناکبیری فەرەنسی هەبوون بە زۆری ئاخاوتن لەسەر جان جاك ڕۆسۆ،و ڤۆلتر،و راسینو مولیرو دورکهایم..هتد بوو پاشان هەردوو کۆمەڵە گەیشتنە یەك لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی بە ناوی(سفوور) کە بەرگری لە بیروڕاکانی قاسم ئەمین دەکرد لەبارەی ئازادکردنی ئافرەتو بانگەوازی بۆ دەدا.(37)

بەڵام ئەم قۆناغە دوورایییەکی دی دەخاتە سەر ئەم دوو بیردۆزەی(ئازادی)و(هۆش) کە بە بیری پێشیناندا نەهاتبوو، ئەوەتا عەباسی عەقاد(1889-1964) داوای رەها بوونی هەڵبەستو هونەر دەکات بە گشتی،و دەگاتە دیمانە بەناوبانگەکەی کە تیایدا بۆ ئەوە دەچێت کەوا( جوانیو ئازادی دوو رووی یەك راستین)، لە هەمان کات بیری ئازادی مۆسیقاش دەگرێتەوە ئەوەتا سەید دەرویش(1893-1923) هەوڵ دەدات مۆسیقا ئازاد کات لە داڕشتنە کۆنەکەی کە ئامانجی خۆش هەوەسی بوو بۆ ئەوە ببێتە وێنە کێشانێك یان دەربڕینێکی ئەوەی لە سینەی خەڵکدا دەخولێتە بە هەموو بەرەکانیەوە. ئەوە تەلعەت حەربە(1867-1942) کە بانگەوازی ئازادی ئابووری دەدات بە دامەزراندنی بانکی میسرو هاوبەشەکانی، ئەوا عەلی عەبدولرەزاق چەمکی فەرمانداری ئیسلامەتی لە نەریتی خەلیفەگەری رزگار دەکات لە کتێبە بەناوبانگەکەی(ئیسلامەتیو بنچینەکانی فەرمانڕەوای ،کە لە ساڵی 1925 دەریکرد لە دوا

بڕگەکانیدا دەڵێت:( ئایینی ئیسلامەتی بێبەریە لەو خەلیفەگەریەی کە باوە لەناو موسڵمانان،و بێبەریە لەو هەموو هیواو ترسەی لە دەوروبەری ئامادەکراوەو لەو شکۆو هێزەی پێیدراوە، ئەم پلانە رامیاریانە ئایین هیچی بەسەر ئەوانەوە نییە، بەڵکو بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە کە تیایدا بگەڕێینەوە بۆ بڕیارەکانی هۆش،و ئەزموونەکانی نەتەوەکان و دەستوورەکانی رامیاری)(39)

هەروەها تەها حوسەین لە نووسینەکانیدا بانگدێری هەردوو بیرزابوو(ئازادی)و(هۆش) یان بڵێ بانگەوازی ئازادی بیری دەکرد بەدەستگری بە بەرنامەی هۆشی پوخت، هەتا لەو تۆژینەوانەی کە دەشێ وا دەرکەون کەوا ناکەونە بەر ئەو بەرنامەیە ئەوەتا دەڵێت(دەمەوێت لە تۆروانیدا ئەو بەرنامە فەلسەفیە بەکاربێنم کەوا دیکارت نوێیکردەوە بۆ تۆژینەوە لەبارەی راستی شتان لە سەرەتای ئەم چەرخی تازەیەدا، خەڵك هەموو دەزانن کەوا بنکەی بنچینەیی لەم بەرنامەیەدا ئەوەیە کەوا تۆژەر خۆی رەها کات لە هەموو ئەوەی کە لە پێشدا دەیزانی،و پێشوازی بابەتی تۆژینەوەکە بکات بە هزرێکی والا، بە تەواوی والا لەوەی کە لە بارەیەوە وتراوە.(40)

لێرەشدا ئەحمەد ئەمین(1887-1954)و لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بلاوکردنەوە هەیە لەتەك ئەم چرایانەی کەوا لەبەر رۆشنایی ئەوانەوە رووناکبیری پێشینان و تازەکانیش دەبینێت.(40)

لە دواییدا دەگەینە زەکی نەجیب مەحموود کە بە بەرهەمە زۆرەکەیو بیرە بەهێزە روونەکەیو شیکردنەوە هۆشەکیەکانی لەبارەی زۆر چەمكو بیری باو، ئەم جوولانەوە رووناکسازیە مەزنە تەواو دەکات کە لە سەدەی رابردوو دەستی پێکردو هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە- هەر بەخۆی بانگەوازەکەی بە پوختی دەردەکات لە چەند توخمی سەرەکی کە بیرەکانی رووناکسازی رابردوو کۆدەکاتەوەو پتری دەخاتە سەرو دەڵێت(من بە هەموو هێزم بانگەوازی بۆ بایەخدان بە زانست دەدەم) هەتا ئەگەر هاتوو ئەوەش لەسەر باری لایەنی سۆزەوە بێت هەروەها بانگەوازی وەرگرتنی بنچینەکانی ژیاریی هاوچەرخ دەدەمو ئەوەی لێی پەیدا دەبێت لە رووناکبیری، پاشان بانگەوازی گەڕان بەدوای رێژەیەك کەوا هەوەڵی یەکەمان بپارێزێت بەبێئەوەی ژیان لەم چەرخەمان لەدەست بدات..ئەوە هێڵی ئاشکران هەموو کۆششەکەمی لەسەر دەگێڕم..(41)

پاش هەندێك دەبینین چۆن لە ناخەوە پوختەی رەوتی راپەڕینی رابردوو هەمووی دەردەبڕێت،و چۆن پرۆژەیەکی ژیاری پێشکەشی دەکات کەوا چەندان دووانەی تیایە-ئەوەی کە لە ڕاپەڕینی رووناکبیریمان بەدرێژیی سەدەونیوێك دەرکەوت: دووانەتی نێوان(هۆشوویژدان)و(دوانەتی نێوان)(مایەو گیان)(نێوان ئاسمانوزەوی)..هتد بەراستی ئەو خۆی بەرجەستەی ئەم دووانەتیەیە، بەو توانایانەی هەیەتی، لە چەندان بواری جیاواز، دەڵێت:من وەك ئەوەی چەند کەسانێك بم لەیەك

پێستدا وایە، کەسانێك هەن سۆز لایان دەڕوێتو ناتوانن جڵەوی بگرن، بەڵام هەیە لەتەك ئەوەدا سەرزەنشتی دەکاتو هەوڵ دەدات کە بیگێڕێتەوە تاوەکو ئەم جووڵانەوەیە بەند بکات کە دەیگەیەنێتە چاڵ، بەڵام ئەم بکێش بکێشە لەناو دەروونددا لە نێوان سۆزێکی گڕگرتووو هۆشێك گڕی پتر دەکات رێی ئەوە ناگرێت مرۆڤ چەندان ترووکەی هێمن بژی کە تیایدا سۆزو هۆش ئاشت دەبنەوەو بەیەکەوە لەیەك رووکاردا دەڕۆن..(43)

ئێستا لە سەرمانە لە سەرەتاوە دەست پێبکەن بۆ ئەوەی چیرۆکی ئەم دووانەتیە بزانینو هەوڵدانی ئاشت بوونی کە بیریارە مەزنەکەمان هەوڵی بۆ داوە بەو چاوەی کە(تەوەرەی دەستاڕە) لە ڕاپەڕینی رووناکبیری تازەمان.

دووانەتی زۆر و یەك رەگ:

دوانەتی فەلسەفی چەندان شێوەی هەیە: لەوانە دوانەتی روانینە جیهان بە ئامانجی راڤەکردنی بە دوو روانگەی جیاواز: ئەوەشە دوالیزمی ئەپستمۆلۆژی(دیمانەی زانیار) لەوانیش کە دەڵێت دوو جەوهەری لەیەك جودا لە جیهانی هەلکەوتدا هەیە- ئەوەشە دوانەتی میتافیزیکی: دوانەتی خواو جیهان، مایەوگیان، ئەو لکەی لێ دەبێتەوە دوانیەتی نێوان بیروتەن.هتد.

هەروەها دەتوانین بڵێین دوانەتیەکی رووناکبیری یان ژیاری هەیە کە لەوە دەردەکەوێت کە دەڵێت دوو رووناکبیریی لێك جودا هەیە، هەریەکەیان تایبەتی دیارکراوی خۆی هەیە کە لە رووناکبیریەکەی دی هەڵداوێرێ.

بەڵام ئەم وێنە جیاوازانەی(دوانەتی) لەیەك جودا نینە یان لەیەك دوور وەك بۆ یەکەم جار وا دەردەکەوێت ، لەبەر ئەوەی ئێمە دەتوانین لە روانینی دوانەتی بۆ گەردوون- کە دوانەتی میتافیزیاییە یان ئەنتۆلۆجیە دیمانەیەکی تایبەتی لە شیکردنەوەی زانیاری پوختە بکەین.(43)

هەروەها دەشێ تایبەتیەکانی دوانەتی رووناکبیری ببینین لە هەموو ژیارییەك پێوەندە بە هەڵکەوتو شیکردنەوەیەکی دیارکراو لە زانیاری(44)

دەتوانین بڵێین کەوا(زەکی نەجیب مەحموودی) بیریارو ویژەوان لە کەسایەتی خۆیو لە بەرهەمە بیرییەکانی هەموو ئەم دوانەتیانەی تیادا هاتۆتەدی کە بە چاکترین شێوە گیروگرفتەکانی بیریو رووناکبیریمان دەردەبڕن لە سەرەتای چەرخی راپەڕینی عەرەبیەوە لە سەدەی رابردوو وەك باسمان کرد لە پێشداو هەتا ئەوڕۆی کە تێیداین.

ئەو فەلسەفە عەرەبیەی کە پێشنیاری کردبوو لە کتێبی(نوێکردنەوەی بیری عەرەبی) بەو هەموو دوانەتیانەی تیایدایە لە نێوان ئاسمانو زەوی، یان لە نێوان خواو مرۆڤ، یان لە نێوان هۆشو ویجدان. هتد تەنیا پوختەی ئەو دوانەتیەیە کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیمان دایەو تیایدا دەژیو بیریارە مەزنەکەمان لێی شارەزایە هەر لە سەرەتای پێگەیشتنی هۆشیەوە ئەشیٚ ئەو گیروگرفتانەی کە ئەم دوانەتیە بەرپای دەکاتو ئەو سەرگەردانیو بێئارامیەی پەیدای دەکات لە نێوان ئەو هاندەرانە بووبن کە بوونەتە هۆی هاندەری دامەزراندنی( دانانەکیەتی بێژیاری)، ئەو ترووکە بێهاوتایەی کە لە ساڵی 1946 لێی دوا یان وەك ترووسکەیەکی بیری هەستی پێکرد، دەدرەوشایەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی بۆ رووناك کاتەوە- تەنیا دۆزینەوەی چارەی ئەو گیروگرفتانەی دوانەتیەکان بوو کە لە رووناکبیری کۆمەڵگەیدا هەبوون، بەڵکو لە ناخی خۆیدا هەستی پێکرد بوو، کەواتە نامۆ نیە کەوا ئەم هەوڵە نوێیە فەلسەفیە بەم دەستەواژانەی هێمادار وەسف بکات کە بواری ویجدانو-بواری هۆشی بۆ لەیەك جیاکردنەوە:( خواو راستان، لەو کاتەوە کە ژیانی بەرهەمداری هۆشیم دەستپێکرد کەوتمە سەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی، وام بینی کەوا بۆ ئەو پەیدابوویمەو ئەو بۆ من پەیدابووە،و پاشان بینیم کەوا لەبارترین شتە پێشکەشی نەتەوەکەمی بکەم لە جیهانی بیدار، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو تێکەڵ کردنی واتایانو بزری، نەخۆشیەکی هۆشەکیە کە نەتەوەکەم تووشی بووە، ئەوا ئەم رێبازە لە رێبازەکانی بیرکردنەوە سەرکەوتووترین ئامرازی چارەکردنە، ئەم رێبازەش ئەوەیە ئێمە ئەگەر هاتوو لە بواری زانستدا بووین(پێویستە ئەو وشەیەی کە دەیڵێین لەو وشانە بێت کەوا یەکچێن کردن هەڵگرێت شایانی راستاندن بێت.. بەڵام بوارەکانیدی ئاخاوتن هەر بوارێك پێوەری تایبەتی خۆی هەیە.)(45)

پێویستە لەسەرمان چاك ئاگامان لەم دەستەواژە بە نرخانە هەبێت کەوا هێمایەکە کار بۆ ئەوە دەکات کەوا گیرهاتی هەبووە ئەویش دوانەتی نێوان زانستو ویجدان.

هەروەها باوەڕی وابووە کەوا تێکەڵ کردنیان بەڵکو تێکەڵ کردنی واتاکانو بیرەکانو چەمکەکان نەخۆشیەکە رووناکبیریمان تووشی هاتووە.

**مامۆستا زەکی نەجیب مەحموود گەیشتە دانانەکیەتی ژیربێژی وەك چارەیەکی ژیربێژیانە بۆ ئەو بارەی کە ئەم رووناکبیریە تووشی هاتووە لە شلەژانو گیرهاتانو بە تایبەتی لەو جیاکردنەوەی ئەو دوو بوارە سەرەکیەیە لە بوارەکانی ئاخاوتن. لەبەر ئەوە زۆر جاران دەبینین کەوا وا دەردەبڕێت کەوا لە پێشاندا زانیویەتی، ئەم هەڵوەستە فەلسەفیە نوێیەی کە لە ترووکەیەکی بێهاوتا دۆزیەوە لە بەهاری1946 وەك خۆی دەیڵێت ( وەك بەرگێکی پڕ بە پێست دوورابوو بۆ سروشتی بیری من بەڵکو من لە هەمان ترووکەدا وا هەستم کرد کەوا ئەگەر هاتوو رووناکبیری عەرەبی پێویستی بە رێك هێنان هەبێت رێگەی رۆیینی بۆ هەموار بکات، ئەوا ئەوان رێکهێنان وا لێرەدان.(.(46) لەم دەستەواژانە بۆنی ئەوەی لێدەکەین کەوا بە دروستی تووشی گیرهاتی رووناکبیری هاتبوو کە ئەم دوانەتیانە بوون، پاش هەندێك لە بارەیانەوە دەدوێین،بیری بەرەو رۆگەیەکی دیارکراو دەڕۆیشت پێش ئەوەی دانانەکیەتی ژیربێژی بزانێت، کە پێیزانی هەستیکرد کەوا بە تەواوی رێكو لەبارە بۆ رۆگەی ئەم بیرکردنەوەیە، دووانەتی هۆشو ویجدان شەقلێکی بنەڕەتیە لە ژیاری ڕۆژهەلات، هەروەها لای بیریارەکەمان، لەبەر ئەوە زەکی نەجیب مەحموود لە ناخەوە،و لە ژیانیدا،و لەبیریدا، وەك ئەوەی کلێشەیەکی زیندووی(رۆژهەلاتی هونەرمەند) بنوێت وابوو، کەوا دوو تێڕوانین کۆدەکاتەوە تێڕوانینی خۆیەکی یەکسەر بۆ هەبوون کە ئەو هەبوونە دەکاتە پێشهاتەك لە پێشهاتەکانی دەروون یاخود کوتەیەك لە کوتەکانی دڵ، ئەوەی دیکە تێڕوانینی زانایانە کە لە نێوان خۆیو بوونەوەران ناوبڕێك دروست دەکات لە یاساو دیمانەکانی.(47)**

**بەڵام ئەم کەرتەی دووهەم ئێستا نییە، هەر ئەوەشە گیرهاتی رۆژهەلاتی(ناوەڕاست) هەر ئەوەشە گیرهاتی دووانەتی لە رووناکبیری عەرەبی کە بیریارەکەمان لە سەرەتای فراژووبوونی هۆشی تووشی هاتبوو،و نەیتوانی بیگونجێنێت، ئایا چۆن هۆشو ویجدان لەیەك بۆچوونی گشتی کۆدەبنەوە.؟ پاشان دانانەکیەتی ژیربێژی هاتو جیاکردنەوەی هەردوو بواری پێبەخشی کە ئەو خۆی لە ناخەوە هەستی پێدەکرد، وەك ئەوەی چوارچێوەی دیمانەیی پێبەخشی کە بەدوایدا دەگەڕا، لەگەڵ ئەوەی سوود وەرگرتنی لەم راڕەوە لەو هێڵە پانانە رەت نەبوو کە یاریدەی دەدات بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی،و گیروگرفتەکانی بیرەکی نەتەوەکەی، لەو لایەنەوە کە (بەرنامەیەکە) بەبێئەوەی خۆی ببەستێتەوە بە هێمای پیتەکی، وەك راڕەوێك یان خۆی بخزێنێتە ناو توێژێکی بیرەکی دیارکراو): وەك ئەو کەسە بووم کەوا تەرازووەکی لەدەست دایە شتانی**

پێدەکێشێت، بەبێئەوەی دەستی خۆی لە مایەیەکی دیارکراودا پڕبکات کە تەنیا هەر دەبێ ئەو کێشانو پێوانە بێت.(48)

لەسەر ئەم بنچینەوە ئەم روانینە دووانەتیەی کە لە کتێبەکەی(ڕۆژهەلاّتی هونەرمەند) ساڵی 1960 پوختەکەی نووسیو وای وەسف کرد کەوا وەك بەردی بناغەی رۆنانی بیرەکیەکی نوێیە کە ئادگارە مەزنەکانی لە ماوەی حەفتاکان دەرکەوت لە(نوێکردنەوەی بیری عەرەبی)و(هۆش پەسندو هۆش ناپەسند لە کەلەپووری بیرەکیمان)و(رووناکبیریمان بەرامبەر ئەم چەرخە)(49)

دەڵێم ئەو تێڕوانینە( نوێبوو لە ئاشکرایی ئادگارەکانی،و دیارکردنی هێڵە سەرەکیەکانی، بە شێوەیەکی سنوورداری هەلأوارده– لەبەرئەوە بە تەواوی راستی وت کە دەڵێت: ئەم رۆنانە بیرەکیە نوێیە هاتوە تەواوتری بکات، نەك لێی کەم بکاتەوە، لەوەی کراوە لە ماوەی پەنجاکان لە دیارکردنی بەرنامەی بیرکردنەوەی زانستی(50)

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە وا تۆی ئەم دوانەییە لەناخیدا هەبوو لە هەبوونی ویو چووەتە ناو هەموو کەلەبەرێکی بیرکردنەوەی بە درێژایی ژیانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە نێوان هۆشو ویجدان،و هیوادارێشە کەوا ئەم هاوسەنگیە بێتەدی لە رووناکبیریی عەرەبیمان، ئێمە کە دەڵێین ئەو لە کەسایەتی خۆیدا ئەم دووانەتیە هاوسەنگە دەنوێنێت کە بەرزکاریە بۆ کۆمەڵگەکەمان، ئەوا واتای پیت بەپیتی ئەم دەستەواژەمان مەبەستە. ئەو بە نموونە، کە ویستی ژینامەی خۆی بنووسێت نەیتوانی وێنەی بکێشێت لە کلێشەی(دوانەتیەکی ئاشکرا) نەبێت دوو کتێبی لەیەك جودای نووسی(چیرۆکی دەروونێك) تیایدا چیرۆکی ناخیو لایە خۆیەکیەکەی ناوەکی نادیار دەگێڕێتەوە پاشان)(چیرۆکی هۆشێك) کە گۆڕانی هۆشەکی خۆی دەگێڕێتەوە لە ماوەی پتر لە شەست ساڵ، تۆ لێرەو لەوێ، لەناو هەر کتێبەك لەم دوو کتێبەی، هەست بە جۆرێکی دووانەتی ئاشکرا دەکەیت بە تایبەتی دووانەتی(هۆشو ویجدان)(دووانەتی زاناو هونەرمەند) بە نموونە– کە دەیەوێت خۆی لە دەروونەوە دەرخاتە وێنەی بکێشێت لە (چیرۆکی دەروونێك) دوو کەسایەتی سەرەکی هەڵدەبژێرێت کەوا ئەم دوانەتیە دەنوێنێت بە ئاشکراییو بەتەواوی: کەسایەتی تووڕە پیاوێك کە ناوی(ریاز عەتا)ی خاوەن ویجدانی گڕگرتووە،و کەسایەتی(ئیبراهیم خولی)یە کە خاوەن هۆشی روونو شێوازی زانستیانەیە.(51)

وتووێژو هەندێجار کێشە روودەدات لە نێوان ئەم دوو کەسایەتیە لەبارەی دۆزینەوەی چۆنەتی گونجاندنی(هۆشو ویجدان) بە شێوەیەکی سازشت یان هەمبەری لە نێوان ئەم دوو لایەنە نەوەك لایەك بەسەر لایەکی دی بکەوێت–دووهەم بە یەکەمیان دەڵێت(لە تۆ کەمتر نیم لە بایەخدان بە

هەستو نەستی مرۆڤو هیواو نموونە باڵاکانی ئەم هەستونەستو هیواوو نموونانەی کە لە نامەکەی دواییت دەڵێی گوایە من بەرەو رووخاندنیان دەچم. هەموو ئەوەی کە لەم بارەیەوە هەیە تەنیا ئەوەیە کەوا من زمانی هۆش جیا دەکەمەوە لە زمانی هەستونەست، ئەو کەسەی نایەوێت بدوێت لە بارەی ئەوەی کە هەستی پێدەکات لەو شتانەی کەسانی دی بتوانن پێیدا بچنەوە بە هەستەکانیان ئەوا نایەوێت بە زمانی هۆش بدوێت.

هیچ بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوە نییە بۆ زمانی هەستونەست، بەڵکو تەنیا هەر جیاکردنەوەی دوو جۆری جیاوازی ئاخاوتنە. ئەگەر هاتوو بوارەکە بواری زانست بوو ئەوە نابێت هەستونەست بخزێتە رەوتی ئاخاوتن بە بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە هێما بۆ لایەنی ویجدان دەکات، بەڵام ئەگەر بوارەکە بواری تۆرو هونەر بوو، ئەوا با بەدڵی خۆی چ دەخوازێت لە وشەکانی زمان هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی لە گوێگردا هەمان هەستونەستی کە مەبەستیەتی بورووژێنێت تیایدا. با ئەوەی بۆ هۆشە بدەینەوە هۆشو ئەوەی بۆ هەستە بدەینەوە هەست.(52)

لەو هەڵوەستە فەلسەفیە دەشێ تێبینی ئەو شوونەوارە ئاشکرایەی کارتێکردنی دانانەکیەتی ژیربێژی بکەین لە رێبازی بیرکردنەوەیدا: چەندان مەرج هەیە پێویستە رەچاو بکرێت لەهەر رستەیەکدا کە خاوەنەکەی بیەوێت خاوەن واتایەکی بەرتێگەیشتن بێت لەبارەی سروشتی دەرەوە، یان هەر بەشێکی دیارکرێت لەم سروشتە، ئەوەش بوارێکە لە بوارەکانی ئاخاوتن کە بواری زانستیە. بەڵام بوارەکانی دی ئاخاوتن وەك هەڵبەست،و چەندان چەشنیدی دەربڕینی هونەری، چەندان مەرجیدی تایبەتی خۆی هەیە کەوا کارمەندانی ئەو بوارانە دەیزانن.(53)

کەواتە نابێت هیچ فەلسەفەو ئایین،وهۆش و باوەڕو ژیربێژیو هونەر.هتد تێکەڵ بن. ئەو هەڵوەستەش بوو کە ویستی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە کەلەپوورەکەیانی هەڵێنجن– بە شێوە نەك ناوەرۆك– ئەویش ئەوەیە کەوا نەیاری نەخەنە نێوان هۆشو باوەڕ، بەڵکو وا بکەن یارمەتیان لە نێوان دابێت بۆ گەیشتنە یەك ئامانج، هەریەك لەم دوو ئامرازە بەشێکیان هەیە لە تێگەیشتنو رێکخستنی رەوشت.(54)

هەڵوەستەکەمان وەك ئەوە وایە کەوا بەزۆر دەبینێت  هۆش بەجێ بهێڵدرێت کەوا ببێتە ناوبژیوان لەم مەیدانەدا لەبەرئەوە دەڵێین: بەشێك بۆ باوەڕبێتو بەشێك بۆ هۆش.(55)

مامۆستا ئەگەر هاتوو(هۆش پەسندی)  خواز بێتو بەگوڕ بێت بۆ هۆش بە ئاشکرایی ئەوەش هەر لەبەر ئەوەیە کەوا ئەم لایەنە لە رووناکبیریمان کەمە، ئەوەش واتای وا نییە کەوا لایەنەکەی

دی پشت گوێ دەخات، مەبەستم لایەنی ئەندێشەو ویجدان، دەڵێت: ئەوەی بەرهەمەکانم بخوێنێتەوە دەبینێت کەوا بە ژیربێژی هۆشی خۆم پێچاوەو دێمو دەچم، دەشێ نەزانیت.
کەوا ئەندێشەیەکم هەیە گڕدەگرێت بۆ کەم بایەخترین کارتێکەر، گڕگرتنێك کەوا هەموو شتێکی پێش خۆی رادەماڵێت لە هێزەکانی دەروون.(56)

یەکەم سەرەتا بۆ دووانەتی ئەپستمۆلۆژی:
لە چیرۆکی هۆشێکدا دەڵێت کەوا لە بیستەکانی تەمەن دابوو،و یەکسەر پاش دەرچوونی، خاوەن ترووسکەیەکی دەروێشانەبوو(ئەم هاوڕێیەمان هۆگری بوو، هەر لە تەواوکردنی خوێندنەوە،و بەین بەین، بۆی دەگەڕاوەو درێژەی کێشا تا چەند ساڵێك لە دە ساڵ پتر بوون)(57)
بەڵام پاش ئەم دەساڵانە دوایی نەهات وەك ئەم دەستەواژەیە رای دەگەیەنێت، بەڵام ئەم بۆچوونە رۆنراوەتەوە تا بووەتە روانینی هونەرمەندانە کە لە پاشان لێیدواو وا وەسفیکرد کە شەقڵی رۆژهەڵاتی دەروێشانەیە(58) لەم ساڵانەی بەرایی لاوێك دەبینێت کە باوەڕی دەبێت بە(یەکەتی هەبوون)، ووتارێك لەبارەیەوە دەنووسێتو سەلامە موسا لە (گۆڤاری نوێ) بۆی بلأودەکاتەوە ئەوەش دەبێتە هاندەری نووسینی ووتاری)(خۆیەکیە روانینێك بۆ هەبوون) کە پاشان لە(رۆژهەڵاتی دەروێشانە) لێی دەدوێت- بەتەنیا لەناو کێڵگەکاندا لە لادێدا دەڕۆیی، زۆر بەرامبەر وڵساتێ دەوەستێت کە پووشی لەبەردانداربوو و چەندان وێنەی یەك لە دوویەکی جۆرەکانی هەبوونی بەبیردا دێت. هەندێك پشت بە هەندێکی دی دەبەستنو هەندێك دەگۆڕێن بۆ هەندێکیدی، رووەك لەسەر توخمەکانی زەوی دەژیو ئاژەڵ لەسەر رووەك دەژی،و مرۆڤ گۆشتی ئاژەڵ دەخوا، بە شێوەیەك تێکەڵ خوێنو دەماری دەبێت، ئەم خۆراکەی دێتە بەرهەمو دەبێتە زانستو فەلسەفەو هەڵبەست، ئەم بیرە دایدەگرێتو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وتارێك بنووسێت لەبارەی(یەکەتی هەبوون)(59) کە ڕۆژگار هەڵگێڕو داگێڕی پێدەکات لە نێوان ڕێبازەکانی بیردا، لە ناخیەوە بیری (یەکەتی هەبوون) دەپارێزێت کە ناوە ناوە بۆی دەگەڕێتەوە، دەشێ جوانترین ئەوەی کە نووسی پاش ئەوە وتارێك بوو بەناونیشانی (وانەیەك لە دەروێشایەتی) کە لە ژمارەی تایبەتی گۆڤاری نامە لە 3ی مارتی 1941دا بلأوکرایەوە کە گفتوگۆیەکە لە نێوان مامۆستایەكو دەروێشێك کە باوەڕی بە یەکەتی هەبوون هەیەو شاگردە لاوەکەی کە لە یەکەم وانەدا رووگرژو بێئارام بوو بەرامبەر ووتەکانی مامۆستای ئەم ووتارەی پوختە کردەوە لە چیرۆکی هۆشێك.(60)

ئەم روانینە دەروێشانەیە کە لە زۆر لە وتارەکانی دەرکەوت ناوە ناوە دەگەڕاوە سەری، بۆ چەندان ساڵ بۆ ماوەیەکی درێژ لە گەلیدا بوو(راستیەکەی هیشتا هەتا ئەم ترووکەیەش هەر ماویەتی)- ئەم روانینە بە تەنیا نەبوو، روانینەکی زانستیانەی پتەوی لەتەکدا بوو لەبارەی خۆیەوە دەیووت: لە ماوەی ئەوان سالآن (ئەوسالآنەی کەوا روانینی دەروێشانەی تیا زاڵ بوو) روانینی زانستیانەی پتەو سەرکەوت کە رێی نەدەدا هیچ شتێك لە هەبووندا هەمووی لە چەنگی زانست بچێتە دەرەوە، هەتاوەکو بەها ئاکاریەکانیش‌و ئەوەی ناویان دەنێین نموونە بالآکانیش.( 61) ئەم روانینە دەروێشانەیە کە لە زۆر لە ووتارەکانی دەرکەوت ناوە ناوە دەگەڕاوە سەری، بۆ چەندان ساڵ بۆ ماوەیەکی درێژ لە گەلیدابوو (راستیەکەی هێشتا هەتا ئەم ترووکەیەش هەر ماویەتی):- ئەم روانینە بە تەنیا بوو، روانینەکی زانستیانەی پتەوی لە تەکدا بوو لەبارەی خۆیەوە دەیووت: لە ماوەی ئەوان سالآن (ئەو سالآنەی کەوا روانینی دەروێشانەی تیا زاڵ بوو)،

روانینی زانستیانەی پتەو سەرکەوت کە رێی نەدەدا هیچ شتێك لە هەبووندا هەمووی لە چەنگی زانست بچێتە دەرەوە، هەتاوەکو بەها ئاکارییەکانیش‌و ئەوەی ناویان دەنێین نموونە بالآکانیش.(62) ئەم دووانەتیەی ئەپستمۆلۆژییانە بوو کە هەیبوو لە سەرەتای لاوەتی‌و لەدواییدا پوختەکەی نووسی بە روونیەکی زۆر لە (ڕۆژهەلآتی هونەرمەند) دا نووسی،تیایدا بۆ ئەوە چوو تیایدا کەوا لایەنێکی کە (روانینی دەروێشانەیە) تایبەتیەکی بنچینەیی پێك دێنێت لە روانینی ڕۆژهەلآتی دوور بۆ جیهان

، کەچی لایەنەکەی دی کە ( روانینی زانستیانەیە) تایبەتیەکی بنچینەیی بیری رۆژئاوایی دەنوێنێت. بەلآم رووناکبیریی عەرەبی ئەوا هەوڵ دەدات- یان پێویستە هەوڵ بدات- هەر دوویان کۆکاتەوە دەلێت (کەواتە دوو روانین هەیە، دوو روانین مرۆڤ تیایدا بەهەر یەکەیان دەڕوانێتە خۆی‌و جیهان یان بەهەر دوویان بڕوانێت: بەو روانینە یان جارێك‌و بەویدیان جارێکی‌دی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ کە بەرامبەر راستیەکی دەرەکی دەوەستێت یاخود ئەوەتا روانینەکی خۆیەکیانەو بەباری دەروونی خۆی دەچوێنێت‌و هەردوولا خۆی‌و راستیەکە یەکدەگرن لەیەك بوونەوەردا، ئەم هەلوەستەش هەلوەستی هونەرمەندانە یاخود سۆفیگەران‌و هاوپێچی ئەوان، یاخود وەك بینەرێك دەڕوانێتە ئەم راستیەو ئاگای لە رووداوەکانی پێش خۆی دەبێت کە لەسەر شانۆی رووداوان دەنوێندرێت‌و وەسفی دەکات وەسفێك کە بە یەکسانی بۆ خۆی و بۆ کەسانی‌دی لە خەڵك بشێ ، ئەو روانینەش روانینێکی زانایانەیەو ئەوەی لەسەر رێی زانایان بڕوات لە بیرکردنەوەی‌دا.

سێیەم گریمانە ئەوەیە کەوا هەردوو رووانین کۆکاتەوە بۆ ئەوەی دوو شت لەیەك جیاکاتەوە، ئەگەر هاتوو بابەتی بەر روانین ویژدانێك بوو دڵی بۆی لێدەدا بەرامبەر گەردوون ئەوا بە یەکەم

تێڕوانین دەڕوانێت، بەو کارەش دەبێتە هونەرمەند یان دەروێش، ئەگەر هاتوو بابەتی روانین رواڵەتی شتانی دەرەکی بێت ئەوا بە دووهەم تێڕوانین دەروانێت، بەو کارەش دەبێتە زانا یان خاوەن رێچکەی زانستی. یەکەم روانین سروشتی رۆژهەڵاتی دوورەو دووهەم روانین سروشتی رۆژئاوایە.(63)

بەڵام دوو روانینەکان ئەوا شەقڵی رووناکبیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لە چەرخەکانی گەشەسەندن، کە ژیاریەکەی گەیشتبووە چلەپۆپەی پێشکەوتن.(64)

لە ناوەوە بڕوانە جیهان دەبیتە هونەرمەند، یان لە دەرەوەی بڕوانییٚ دەبیتە پیاوانی ئەزموونو زانست. وای بنۆڕیٚ کەوا کۆمەڵەیەکە لە دیاردان یەك لەدوای یەك دادێت، یاخود یەك لەتەك یەکدا دێن، دەبیتە خاوەن روانینی هۆشەکی کە ئاکامان لە بەڵگەکان دێنێتەوەو هەنجەتو سەلماندنان دادەمەزرێنێت ئەوەش بارەکە، بەڵکو ئەگەر ویستت هەردوولا بە تەواوی بۆ خۆت هەموار بکەیت، پێویستە هەردوو روانین کۆکەیتەوەو جارێك دەبیتە هونەرمەندو جارێك زانا. لە رووناکبیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست- کە لە پۆپەی شکۆداری دا بوو هەردوولا کۆبوونەوە: هۆشو ویژدان، بە شێوەیەك لە هاوسەنگی کە دەشیٚ بەهەمان پلە لە هیچ رووناکبیریەکی دیدا کۆنەبووبێتەوە.

ئێستا ئەو گیروگرفتەی لەم رووناکبیریەدایە ئەوەیە کەوا لای تەرازووی ویژدان زاڵە،و هیچ هاوسەنگی نییە، کە دەڵێین رووناکبیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەبەستمان رووناکبیری عەرەبیە بە تایبەتی.(65) ئەو رووناکبیریەش بیریارەکەمان بە شێوەیەکی دیار دەینوێنێت، لەبەر ئەوە رێکەوت نەبوو، وەك خۆی دەڵێت (لەو کاتەی ئەنجومەنی باڵای چاودێریی هونەرو تۆروانی دامەزرا خۆی بە ئەندام بینی لە دوو لیژنە لە لیژنەکانی: لیژنەی فەلسەفەو لیژنەی هەڵبەست، هەروەها هەڵبژاردنی وەزارەتی رووناکبیریەوە بەر من کەوت-نزیك هەمان کات- بۆ ئەندامەتی لە لیژنەی تەرخانکردنی هونەرمەندانو تۆروانان،و بە ئەندام ماوە لەو لیژنانە کەوا فەلسەفەو تۆروانیو هونەری گرتبۆە بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ یان پتر.(66) هەروەها خەڵاتی رێزلێنانی دووجار وەرگرت: جارێك خەڵاتی کیشوەر (دەوڵەت) بۆ فەلسەفە، دووهەم خەڵاتی کیشوەر بۆ تۆروانی.(67)

لە وتارەکانی ئەهرامدا هەردوو کەسایەتی یەکیان گرت لەیەك هەوەتی وەك خۆی دەری بڕیوە: بیر خاوەن قووڵایی و دوورابیە، وتاوگیری ویجدان خاوەن کوتەو گەرمابیە.(68)

بەڵام هەموو ئەو شتە واناگەیەنێت کەوا دووانەتی ناساندن کە شەقڵی رووناکبیری عەرەبیە- تەنیا( خستنە پاڵ)ەو بەس نەزۆرو نەکەم، پاشان ئەم دوانەتیە بە ئاشکرایی لە ژیاری ئیسلامی

بۆمان دەردەکەوێت، دەگەینە چەندان نموونەی لاگری ئەم کێشەیە، دووانەتی (هۆش‌و ویژدان) شەقڵێکی رووناکبیریمانە لە چەرخەکانی گەشەسەندنی‌دا، کە ئەم ژیاریە کەوتە لێژی ئەوا هەردوولا تەرازوو شلەژاو بە شێوەیەکی یەکجار زۆر تەرازووی سۆزو ویژدان گرانتر بوو ، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە ئەم هاوسەنگیە بگێڕینەوە باری جارانی کە لە ڕۆژانی گەشەسەندنی‌دا هەبوو بە دانەوەی ئەوەی ئی تەزارە بە تەزارو ئەوەی ئی خوایە بدەینەوە خوا.(69)

دووانەتی ئەتنۆلۆژی: ئەگەر بێت‌و کردەوەی فەلسەفی لە ناخەوە هەڵکەندنی ژێرزەمینەی هەڵکەوتی بیر بێت، بۆ گەیشتن بەرەگە ژێرخاکەکان کەوا ئەم هەڵکەوتەی لێ هەڵقولیوە- ئەوا فەیلەسووفەکەمان (70) بەم هەڵکەندنە هەستاوە لە ژیانی رووناکبیری هاوچەرخدا بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە بۆ جێ رووانی کە ئەم جێ روانانەن ئەشێ ناویان بنێین فەلسەفەی عەرەبی هاوچەرخ-(چەرخی ڕۆژگار لەتەك هاوەڵەکەماندا دەڕوات، خۆی دەبینێت کەوتۆتە پێش کێشەیەکی هۆشەکی تایبەت بەو روانینە گشتیەی کەوا مرۆڤ بە هۆیەوە دەڕوانێتە ئەم جیهانەو سروشتەکەی لەسەر ئەم روانینەی کە مرۆڤ هەڵی دەبژێرێت‌و لە روانگەیەوە دەڕوانێتە جیهان چەندان ئاکامی لاوەکی لێ دەبێتەوە کە لە ژمار نایەن، ئایا ئەم روانینە چی بێت کە هەڵی دەبژێرێت.؟ هاوەڵەکەمان بۆ ئەوە چوو کەوا نزیکترین شت کە روانینێکی لە بارمان بۆ بڕەخسێنێت ئەو گریمانەیەیە کە دەڵێت گیان‌و هۆش شتی لە مایە نین،و مایەی پوخت نە لە گیانەو نە لە هۆش،و مرۆڤ هەردوو لای تیا کۆبۆیتەوە گیان‌و هۆش لە لایەك‌و لە لایەکی‌دی تەن.)

(71) ئەوە دووانەتی ئەپستمۆلۆژی بنچینەییە لای، زەکی نەجیب مەحموود، بەڵام دەرکات دەبێتە دووانەتیەکی ئەتنۆلۆژی وای بۆ دەچێت کەوا لە قووڵایی نیهادماندا لای هەمووومان کپ بووە، وا بزانم ئەگەر بێت‌و قووڵ بینەوە لە نیادماندا ئەبینین یەك بنەمای جێگیر هەیە، لەوەوە هەموو بڕیارەکانمان لە هەموو بوارێك دەردەچوو ئێستاش دەردەچێت- ئەو بنەمایە ئەگەر بە زمانێکی ئاشکراو روون بیخەیتە بەر خەڵك، کەس نابینیت ناڕەزایی دەربڕێت یان بەربەرەکانێی بکات، مەبەستم بنەمای دووانەتیە کە هەبوون دەکاتە دوو کەرت کە لە یەك پایە دابن،و هیچ رووی یەکسانیان تیادا نییە، ئەویش سازکارو سازکراو، گیان‌و مایە، هۆش‌و تەن، رەهاو گۆڕاو، کات بەدەرو رووداو، یان بڵێ ئاسمان‌و زەوین، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دروست بێت)(72)

واتای ئەوەش ئەوەیە کەوا دووانەتیەکانمان بێ هاوتان، راستە بوون کەرت دەکات بۆ دوو کەرت وەك چۆن دووانەتی میتافیزیکی بە درێژایی مێژوو کردوویەتی، بەڵام جیاوازە لەگەڵ ڕاڕەوە دووانەتیەکان لەوەدا (هەردوو کەرت بە یەکسان ناژمێرێت، بەڵکو کەرتی گیانەتی پێش دەخات بە

گوێرەی کەرتی مایەکی، کەرتی گیانەکیە کەوا پەیدای کردوەو ئەوە کەوا دەی ڕوێنێت.و هەر ئەویشە ئامانجەکانی بۆ دیاردەکات.)(73)*

دەشێ بوترێت کەوا ئایا دووانەتی ئەفلاتوون چی بوو هەر هەمان شت نەبوو کە ناوە ناوە (دووانەتی بێ هاوتا)ی تایبەت بە ئێمە- ئایا ئەفلاتوون بوونی کەرت نەکردبوو بۆ دوو کەرت بوونی بەرهۆش‌و بوونی بەر هەست، دووهەمی وادانا پشت بە یەکەم ببەستێت مەگەر هەر (سێبەر)ێك بوو بۆ یەکەم کە چەندان سیفەتی گۆڕان‌و ڕوودان‌و ڕواڵەتی هەبوو.هتد

کەچی یەکەم سیفەتی بۆ ڕەهای هەمەکی دانەنا بە گوێرەی تاك‌و پاژەکان؟ دکتور زەکی نەجیب مەحموود لە وەڵامدا دەڵێت (ئەگەر ووترا فەلسەفەی ئەفلاتوونی،و هاوڕارەوەکانی چەشنە دووانەتیەك بوو کەوا بەرایی دەدا بە ڕەهای هەمەکی بەسەر تاکەکان‌و پاژەکان، دەڵێین: بەڵێ: بەڵام ئەفلاتوون گەیشتە ئەو ڕادەی هەبوونی تاکەکانی پاژەکی نەهێشت هەبوونەکی ڕاستەقینە هەتا ئەو ڕادەی تاکەکانی مرۆڤانیش خۆیان، بەلای‌وی یەك تاکی مرۆڤی ڕاست نییە بەو ڕادە نەبێت کەوا (هاوبەشایەتی مرۆڤایەتی دەکات بە واتا هەمەکیەکەی، گومان لەوەدا نییە کەوا ئەم جۆرە نەهێشتنەی ڕاستینەی تاکان ڕێك ناکەوێت لەگەڵ باوەڕمان کە چەندان بەرپرسی ئاکاری دەخاتە سەرشانی خەڵك لە بارەی کارەکانیان کە بە تاکە کەس دەیکەن، نەك جۆرو کۆمەڵ، ئەوەش واتای داننانە بە ئاشکرا بە بوونی ڕاستینەی ئەو تاکانە لە ژیانی جیهانی‌دا،و لە ژیانی دوایی بە یەکسانی.

کەواتە ئەو ڕوانینە دووانەتیەی کە لەبارە بۆ ئێمە ڕووانینەکی شەقڵداری بێ‌هاوتایە لەلایەك بوونەوەری خوایی ڕەها دەخاتە لایەك،و لە لایەکەی دیش تاکەکانی پاژەکی.(74)

*تێبینی: (پەراوێز) : ئەم بۆچوونە ئەم ڕاستیە زانستیە دادەپۆشێت کەوا بیروهۆش‌و ئەندێشە.هتد

بە ئەرکی مێشك دادەنێت‌و بەرنامەی زانین هەریەك ڕێبازو بەرنامەیەو هەر بەرهەمێکی مێشك بە ڕێبازی شیکردنەوەی زانستیانە سەرچاوەی پەیدابوونی‌و هێزە دنە دەرەکانی دەدۆزێتەوە کە لە کێشەی ژیان مرۆڤ پێی گەیشتووە، ئایین‌و هونەرو تۆرەکان لەم بۆچوونە دەرناچن. ناکرێ بوترێ ئەندێشە پێویستە بە ڕێبازێك پێی بگەین کە سەربەخۆیەو بە ئامرازی تایبەتی دەزاندرێت،و ئەم بۆچوونانەی جیهانی ئەندێشە لە دێو درنج‌و تەلیسم‌و ئەفسانە هەموو دروستن‌و پێویستە زانینی ئەم جیهانە بە ئامرازی تایبەتی بێت‌و ناکەوێتە بەر شیکردنەوەی زانستی‌و نەشتەری ژیربێژی، تەنیا لەبەر ئەوەی جیهانی ئەندێشە سەر بە ئەفسانە و تەلیسمانە نابێت بکەوێتەبەر شیکردنەوەی زانستی، نەخێر پێویستە بە ڕێبازی زانستی ئەم جیهانە ئەفسووناویە شیکەینەوەو مرۆڤ لەم بەندوکۆتە ڕزگارکەین کەوا هەزاران ساڵە بە باوەڕی

پڕوپووچ و نازانستی و نادروست و زیان بەخش بەندە.. کەواتە بەرنامەی زانستی و شیکردنەوەی زانستی، ئەم فەلسەفەیە کلیلی کردنەوەی هەموو دەرگایەکەو ڕێبازی ڕزگاربوونە لە هەموو کۆت وبەندێك بۆ مرۆڤ. و ئامرازی زانین تەنیا بەرنامەی زانستیە لە هەموو بوارێکدا.

ئەوەش واتای وایە خۆمان بەرامبەر دووانەتیەکی ئەنتۆلۆژی دەبینینەوە کەوا ڕێك دەکەوێت لەگەڵ دووانەتی ئەپستمۆلۆژی پێشوو، لەبەر ئەوەی ئەگەرهاتوو دوو جۆر هەبوون هەبێت:

هەبوونی(ڕەها)و هەبوونی(ڕووداو)–کەواتە پێویستە دوو ڕێگە هەبێت بۆ زانین: من دەپرسم– لەسەر بنچینەی ئەو دووانەتیەمان کە پێشنیارکراوە– ئایا لەبەرچی زانین دوو کەژیٚ نەبێت هەریەکەیان ئامرازێکی تایبەتی هەبێت بەخۆی؟ ئەگەر هاتوو فەرمان فەرمانی کەژی ڕاستی ڕەها بوو ئەوا دەزانین لە ڕێگایەکەوە پێمان دەگات، و ئەگەر فەرمان سەر بە سروشت و بوونەوەرەکانی بێت ئەوا زانین لە ڕێگەیەکی دیەوە دێت، هەروەها ناشێ هیچ یەك لەم دوو کەژیانە پێشبڕکێ لەگەڵ ئەوی دی بکات. چەندان جەنگ بەرپابوو بەهۆی ئەوانەی ویستیان ئامرازی جیهانی یەکەم بەکار بێنن بۆ جیهانی دووهەم– یان ئامرازی جیهانی دووهەم بۆ جیهانی یەکەم بەکار بێت، لەم تێکەڵ کردنە تووشی خراپترین بلاٌوی و شێواوی ولێڵی و سەختی دەهاتن.(75)

بە سروشتی بار لە ئەم بۆچوونەکی هەبوونی دووالیزمی (بەرنامە)ی لیٚدەبێتەوە بە شێوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی سروشت– واتە زانستە سروشتیەکان و بەرنامەیەکی تایبەتی هەبێت و خاوەن مەرجی زانراو،

هەروەها بۆ ئەوەی کە سەر بە ڕاستیە ڕەهاکەیە بەرنامەیەکی دی– بەرنامەی زانستەکانی سروشتی لەسەر بینینی بە هەستەکان و ئەزموون ئەنجامدان و دروست هێنانەدی دامەزراوە، ئەوەی لە جیهان مەبەستبێت تەنیا دیاردەکانیەتی، بە شێوەیەك نابێت ڕوانیمان بۆ ئەودیو ئەم دیاردانە ڕەت بێت، لەبەر ئەوەی بە پێی ئەم زانستانە ئەو دیوی نییە، تەنیا دیاردەکانە، بەلاٌم بەرنامەی سەر بە ئەودیوو هەڵکەوتی ڕاستیان بە نموونە وەك بەهاکانی ئاکار ئەوەیان شتێکی دیە، دەشێ پەنا بەینە بەر بینینی بە هەستەکان و ئەزموونی کاتەکی ئەوەندەی کە پەنا دەبەینەبەر پێزانینی بینایی یاخود هاتنە خوارەوەی وەحی(سروش) (پێگۆتنی سرووش)، یان بۆ ئەو خووو نەریتەی کە لە ناو خەڵك باوە.(76)

دووانەتی ڕووناکبیری یاخود ژیاری:– ئەگەر هاتوو دووانەتیەکانی ڕابردوو– ئەپستۆلۆژی یان ئەنتۆلۆژی– ڕوانینەکی زانینەکی بۆ جیهان بنوێنێت، و تێگەیشتنەکی تایبەتی بۆ سروشتی ئەو هەبوونەی کە تیایدا دەژین، کە بەستراوەتەوە بە ڕوانینی تاك بۆ ئەم هەبوونە، ئەوا دووانەتی ڕووناکبیری یان ژیاری گرفتی ژیاری کۆمەڵگەی عەرەبی دەنوێنێت لە سەرەتای دەرچوونی لە چاخەکانی ناوەندو هەتا ئەم ترووکەی ئێستا. لێرەوە ئەم دووانەتیە بووە گیرهاتێك بیریارە مەزنەکەمانی بیٚئارام دەکات، لە ئاستی نیشتمانی عەرەبی هەمووی– کە پوختە دەکرێت لە

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: چۆن ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ڕووناكبیرییەك كە ئەمڕۆ تیایدا كۆبێتەوە لەگەڵ ڕووناكبیری ئەم چەرخەی كە تیایدا دەژین، بە مەرجێك ئەم كۆبوونەوەیەی نێوان هەردوو ڕووناكبیری هاوسێیەتی دوو شتی لەیەك جیا نەبێت، بەڵكو هاوكاریەك تەیمانەكە داوەكانی كەلەپوورمان لەگەڵ داوەكانی ئەم چەرخە بچنێت چنینی تانوپۆ بچندرێت.(77)

ئەوەیە ئەو گرێیەی كەوا ڕووبەڕووی ڕووناكبیری عەرەبیمان دێتو هەتا ئەم كاتژمێرە نازانێت چۆبكات.(78) لەبەرئەوە بیریارەكەمان هەوڵدەدات بگاتە چارەیەك میسر بە تایبەتیو وڵاتی عەرەبی بەگشتی، بگەیەنێتە ژیانەوەیەكی نوێ تیایدا بگەینە ئەم چەرخەو بیرو ژیاریەكەی بەبێئەوەی هەوەتی مێژوویی خۆمان لەدەست بدەین(79)

لەبەر ئەوە ئەم گرفتە بە دایكی هەموو گرفتەكانی ژیانی ڕووناكبیریمان دادەنێت: هیچ ترووكەیەك دوو دڵ نیم لەوەی كە بڕیار دەدەم دایكی گرفتە ڕووناكبیرمان ئێستا هەوڵدانە بۆ دەرخستنی ڕێژەیەك بۆ ژیانی بیروكارەكی، بۆ ئەوەی لە ناوەرۆكدا دوولا كۆكاتەوە، تایبەتیەتی عەرەبی ڕەسەنمان بۆ بپارێزێت،و لە هەمان كات دەرگاكانمان بۆ بكاتەوە بۆ ئەوەی بە سینگ فرەوانی پێشوازی بنچینەكانی ژیاری ئەم چەرخە بكەین وەك چۆن پێشەنگەكانیان تیایاندا دەژین.(80)

مامۆستا هەندێجار ئەم گرفتە ناودەبات بە (گرفتی ڕەسەنایەتیو هاوچەرخایەتی)- دەشێ مامۆستا یەكەم كەس بێت ئەم دوو زاراوەی بەكارهێناوە- ئەم كێشەیەی كۆكردنەوەی نێوان ڕەسەنایەتیو پێویستی بەیەكەوە ژیانمان لەگەڵ ئەم چەرخەمان گرنگترین شت بووە كە لە ڕووی بایەخ پێدانەوە بەبیر لێكردنەوەو لەسەر نووسینی ڕووبەڕووی بووە ئەگەر هاتوو هەموو ژیانی بیری خۆی لە سەرەتاوە تا دوایی بخاتە پێش چاو.(81)

ئەم كێشەیەی كە خەریكیەتی- كێشەی یەككردنی ڕەسەنایەتیو هاوچەرخایەتی- ئەوە (موسڵمانانی نوێ) پێك دێنێت كە موسلمانەو ئەركە ئایینیەكان بەجێ دێنێتو ستوونەكانی دێنێتەدیو پاشان(هەوڵ دەدات بۆ دەست خستنی هێزی زانست لە تازەترین وێنەی، لە دەرگاو لە كولانەكانیەوە بۆی دەچێت،و لە هەموو كونە دەرزیەك كە بیگەیەنێتە ئەم هێزە.(82) ئەم گرفتە بوو ئەو پرسیارە گەورەیەی كە مامۆستامان خستیەڕوو لە پێشەكی كتێبەكەی (نوێكردنەوەی بیری عەرەبی)- ئایا چۆن نێوان ئەم بیرە دوا كەوتووە بگونجێنین كە بەبێ ئەو ئەم چەرخەمان لەدەست دەچێت یاخود لێی بێبەش دەبین، لەگەڵ كەلەپوورمان كە بەبێئەو عەرەبایەتیمان لەدەست دەچێت یاخود لێی بێ بەش دەبین..

شتێکی نەکردەیە ئەگەر ڕێگەی ئەم گونجاندنە ئەوەبێت کەوا بیرە ڕاگوازتەکەو ڕەسەنەکە لەتەك یەك دابنێین بە جۆرێك هێما بۆ دەلاقەی کتێبان بە ئەنگوست بکەین‌و بڵێین: ئەوە شکسپیرە وەستاوە لەتەك ئەبولەعلا- کەواتە ڕێگەی گونجاندن چۆن دەبێت، چ ڕێگەیەك هەیە بۆ ڕووناکبیریەکی یەکگرتوو فرەوان، ڕووناکبیرێکی زیندوو لەم چەرخەمان تیایدا بژی بە شێوەیەك ڕاگوازتەو ڕەسەن یەك بگرن لەیەك ڕوانیندا. دەتوانین بڵێین کەوا کۆششەکەی تەنیا لە (نوێکردنەوەی بیری عەرەبی)و(هۆشپەسندی‌و هۆش ناپەسندی)- بەڵکو لە هەموو نووسینەکانی پێشانیشی‌و ئەوەی دواییش، بە ئامانجی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گەورەیە بوو کە زۆر لە مێژە خۆی سەپاندۆتە سەرمان.(83)

لەو ترووکەوە کەوا ڕووناکبیری عەرەبی هەستی‌کرد کەوا ڕووناکبیریەکی خاوەن سروشت جیهانییە ئەوا هەوای بیری وڵاتە عەرەبیەکان ڕادەماڵێت،ئەم گرفتە خۆی سەپاندۆتە سەر ڕووناکبیری جیهانی عەرەبیەوەو پێویستە پێوەندی بە ڕووناکبیری پێشینانمان دیاربکرێتن.(84)

ئەگەر بمانەوێ پتر دیاری بکەین دەڵێین، ئەو گرفتەیە کەوا بوەتە تەوەرە لە ڕاپەرینی نوێمان هەر لەو کاتەوە کە هەڵکوتی فەرەنسی بۆ سەر میسر دەستی پێکردو گەیشتە کەنارەکانی ئەسکەندەریە لە ساڵی 1798- واتە پێش داهاتنی سەدەی نۆزدەهەم بەدوو ساڵ- لەگەڵ هێرشەکە چەندان زانای فەڕەنسی تایبەتکاری تێدابوو لە بوارەکانی زانستی جیاواز، یەك لەو شتانەی ئەو زانایانە کردیان ئەوەبوو کۆمەڵەیەك لە زاناکانی مزگەوتی ئەزهەریان بانگکرد- کۆمەڵ کۆمەڵ، زانستە تازەکانیان نیشان دەدان، وەك ئەوەی بە نموونە، بەریزە دەیان وەستاندن‌و دەستیان لەناو دەستی یەکدی بێت پاشان ئەوەی لە یەکەمی ڕیز وەستاوە تەلی کارەبایان پێ‌دەگەیاند، بەوەش تەزووی کارەبا لەتەنی هەموویاندا ڕەت دەبوو،و سەریان سووڕ دەما، بەڵام زانا فەڕەنسیەکان پێکەنینیان پێ‌دەهات. ڕۆژێك یەکێك لە شێخەکانی ئەزهەر تووڕەبوو لەم یاریە منداڵانەیەو پێی ووتن: ئایا زاستە نوێکانتان دەتوانێت وا لە مرۆڤ بکات لێرەدا بێت‌و لە وڵاتی ڕۆژئاواش دا بێت لەیەك کاتدا؟ وەڵامیان ئەوەبوو کەوا شتی وا لە زانستەکانی ئەواندا نییە، ئەو ڕەتیکردنەوەو ووتی: بەڵام ئەوە لە زانینی گیانەکی ئێمە شیاوەکییە.(87)

ئەم ڕووداوە مێژووییە وەك ئەوەیە بە ئاشکرایی‌و ڕوونی وێنەی بارستی گرفتی ڕووناکبیری کە تووشی هاتووین دەکێشێت. سنوورو دوورابیەکانی دیار دەکات. لە هەمان کاتدا سێ‌چارەی دەرخست کەوا هەتا ئێستاش لاگریان هەیە. کۆمەڵێك بەردەوام بوون- وەك ئەو شێخەی کە باسمان کرد- ڕووناکبیری ڕۆژئاوایی ڕەتکاتەوەو هەر ئەوەندەی بەسە دەفرەکانی لە کتێبەکانی

کەلەپوور پڕکات بەو کارەش رەسەنایەتی پاراست، بەڵام هاوچەرخ نییە، لەبەر ئەوەی چاوی لەم چەرخە پۆشی بە هەموو ئاژاوەو کێشەو گرفتی بیرەکی کە هەیە، زۆربەی خەڵك کە رووناکبیر نین وەگەڵ ئەم کۆمەڵە کەوتوون،و کۆمەڵەیەکیدی ئەوەی بەخراپ نازانێت کەوا– لاپەڕەکانمان رەش بکەینەوەو پڕبکەینەوە تەنیا بە رووناکبیریهاوچەرخ وەکو لە سەرچاوەکانیدا ناسراوە، بەبێ لێگۆڕینو راستکردنەوە، بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵە هاوچەرخ بوون لەگەڵ کێشەکانی ئەم چەرخە دەژیان بەڵام رەسەنایەتیان فەرامۆش کردوو پێوەندی بە رەگەکانی رووناکبیری خۆی نەماوە.
تیپی سێهەم ماوە کە بایەخی بە کەلەپووری خۆیان داوەو بایەخێکی ئاشکرا، پاشان هەوڵی داوە کەمێك بیری هاوچەرخ بگونجێنێت رای بێنێت لەگەڵ رووناکبیری خۆی بەوەش دامرکا تا ماوەیەك، زۆربەی کەڵە پیاوانی وێژەو بیر لە مێژووی تازەمان لە دالأنی ئەم تیپەدان:محەمەد عەبدە،و لوتفی سەید،و عەقاد،و تەها حوسەین،و تۆفیق حەکیم، زەکی نەجیب مەحموود..هتد
هەروەها کەسانی دیش کەوا کەژاوەی رەوتی راپەڕینیانی رازاوەتەوە، وەك لە پێشدا بە درێژایی باسمانکرد– لەگەڵ جیاوازی بۆچوونیانو چەشەیان– بەڵام یەکیان گرتووە لەوەی کە ئەم چەرخەیان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان داوە لە قالبەکانی رووناکبیری رەسەنی عەرەبی دابڕێژن، هەرچەند جیاوازن لە پلەی سەرکەوتنیان لەم ئەرکە، بەڵام زۆربەی رووناکبیران لەتەك ئەم پێشەوایەنەدا دەڕۆن.(86)
ئەم تیپە لە جووڵانەوە سەرتاپاگرەکەی کە بە ئامانجی راپەڕاندنی ژیانی رووناکبیری عەرەبی بوو بۆ بەرێچوون لە ئاستی ئەم چەرخەدا لەلایەكو لەلایەکیدی پێوەنددار بوو بە هەوەتی مێژوویمان– بانگەوازەکەی چەقگیر بوو لە دوو بیری بنچینەیی کە (ئازادی)و(هۆش پەسندی) بوون. ئەو دووانەتییە لە راستیدا دوو رووی یەك راستین، ئازادی نابێت بەبێ رزگاربوون لە بەند، ئەو بەندەی کە لەو کاتیدا هەبوو،و ئەو بەندەی کە بەرەوتی سەدەکانی کە فەرمانداری تورکی زاڵ بوو توندتر دەبوو بەندی نەزانیو وڕێنان بوو لە تێگەیشتنی خەڵك بۆ دیاردەکانو رووداوان. هەروەها بەندی دەقی راگوازتە بوو کە خۆی سەپاندبووە سەر خوێندکاران خۆسەپاندنەکی پتەو بە شێوەیەك هیچ کەلەبەری سەربەخۆیی بیری لە پێش ئەم خوێندکارانە نەهێشتبوو، تەنیا پەراوێز نووسی نەبێت بۆ دەقەکەو راڤەکردنی تیایدا پاشان راڤەکردنی راڤەکەو..هتد. هەمان باربوو کە کەوتبووە سەرهۆشی خوێندکاران کە راپەڕینی ئەوروپا بەرپابووو رزگاربوون لەو بەندەو یاخیبوون لێی کاکڵی واتای راپەڕین بوو. بەڵام (هۆش گیری)
واتای هانا بردنەبەر هۆشە دوور لە تاوگیریوهەوەس– دەنا جارێکیدی دەکەوینەوە بەر دەسەڵاتی سۆزو تاوگیریو بەندایەتی ئەوان– ئەگەر بڵێین(هۆش) ئەوا شتێك لەم دوو

شتانەمان ووتوە، یان هەردووکیان بەیەکەوە، یان ئەوەتا مرۆڤ پشت بە بەڵگەی هەستو ئەزموون بگرێت لە بڕیارەکانیدا. ئەوەش لەو کاتەی بابەتی تۆژینەوە دیاردەیەکی دەرەکی بێت لە دیاردەکانی سروشتو کۆمەڵ، یاخود لە بڕیارەکانی پشت بە دروستی بەڵگە هێنانەوە ببەستێت لە دەرهێنانی بڕیارەکان لە پێشەکیەکانیان، ئەویش لەو کاتەی کە بابەتی تۆژینەوە بیرێکی دیمانەیی بێت، ئەشێ هەردوو رێباز کۆببنەوە لەیەك تۆژینەوە، ئەوا یەکەم چەندان بەڵگە لە ئەزموونەکانمان کۆدەکەینەوە، پاشان بیرێکی دیمانەیی پێك دێنینو لەوەوە بەڵگە دێنینەوە بۆ ئەو ئاکامانەی لە تواناداپە– ئەوەشە رێگەی هۆش.(87) بەڵام ئەم دوو بیرە یری ئازادیو بیری هۆشیارکردن– یەکدی تەواو دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو لە بەندی نەزانیو وڕێنە رزگاربووی، وەك ئەوە وایە کە نیوەی ڕێت بڕیوە،و هێشتا نیوەکەی دی ماوە ببڕیت بە ئەنجامدانی کارێکی لەبار. وەك مرۆڤی گیراو کە لە گرتنخانە دەری دێنێت، هەرئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو رێیەی بۆ رەها بێت کە دەیگرێت پاش ئەوە، هەمان شت بۆ ئەو کەسەی کە لە ورێنەیەك رزگار ئەبێت ئەشێ بکەوێتە بەر داوی وڕێنەیەکیدی لەبەر ئەوەی پێویستە بۆ رزگاربووی بۆ تەواوکردنی رێکەی بەچاکی پیلانێکی داڕێژراوی هەبێت، ڕێنوێنی بکات، ئەم پلانە رێنوێنەش لە رێی رۆینی تەنیا (هۆش)ە. ئەوەش واتای وایە کەوا راپەڕینی رووناکبیری کە بانگەوازی بۆ ئازادیو هۆشیارکردندا رێی هەموار کرد لە پێشمان بۆ هەردوو نیوەی ئەرێونەرێی بەیەکەوە– بێگومان زانستە جیاوازەکانی فیزیاو کیمیاو پزیشكو ئەندازەو ئیدیش،(ئازادی) دابین دەکات. لە وڕێنان،و (هۆشیار کردن)رێگەی گەیشتن بەو ئامانجەی دەیەوێت دابین دەکات، لەبەر ئەم هۆیە بوو بیریارە مەزنەکەمان ئەوهەندە بایەخەی بە زانستو بەرنامەکانیدا، بە هەموو تواناو تێکۆشانی بڵاوکردنەوەی بیرکردنەوەی زانستیانە لە هەموو شتێکی سەر بە سروشتو دیاردەکانی،ئەشێ کتێبە ئەکادیمەکانی هەموو تەنیا بەردی بناغەی ئەم بنیاتنانە بن: ئامانجەکانی( ئەفسانەی میتافیزیکا) بوو، هەروەها (بەرەو فەلسەفەیەکی زانستی)و( ژیربێژی دانانەکیەتی) بە هەردوو بەشیەوە، کە لە پێشەکیەکەیدا بە ئاشکرایی دەڵێت (ئەز باوەڕم بە زانست هەیە، باوەڕم نییە بەو چەنەبازیەی کە هیچ سوودی بۆ خاوەنەکانی نییە،و نە بۆ خەڵك، لای من هەر نەتەوەیەك بەشی لە شارستانیەتی تا ئەو ڕادە زۆرە ئەوەندەی بەش لە زانستو بەرنامەی زانستی کە هەیەتی.(88)

بایەخدانی بە زانستە جیاوازەکان ئاکامێکی ژیربێژیانەیە بۆ بایەخدانی بە (ئازادیوهۆش) بەیەکەوە- ئەو دووانەی دوو ستوونی بنچینەیین بۆ ڕاپەڕینی تازەمان- ئەویش بەم کارە ئەم کایە درێژە تەواو دەکات کەوا بیریارە ڕووناکسازەکان دەستیان پێکرد بوو لە چەرخی ڕەفاعەی تەهتاوی هەتا ئێستا.

هاوبەشە تایبەتیەکان: ئەگەر بپرسین ئایا ئەو هاوبەشیە تایبەتیانەی کە زەکی نەجیب مەحموود کردوویەتی لە ڕێی ڕاپەڕینی ڕووناکبیریمان- وەلأمدانەوەی: وا دەبێت کە زۆر هاوبەشی کردون، لە هەندێکیان ئەم بانگەوازەی تەواوکرد کە بۆ ئەم چەمکانەی ئەدا لە ڕەوتی ڕاپەڕینی پێشوو سەری هەڵدابوو، بە تایبەتی دوو بیری (ئازادی)و(هۆش) بەلأم ئەو پتر دیارکردن، لەبەر ئەوە ئەبینین کەوا نەك تەنیا ئەم دوو بیرە بەکاردێنێتو بەس یاخود بانگەوازیان بۆ دەدات، بەڵکو خۆی دەست بەرداری دیارکردنی هەموو بێژەیەك دەکات کە دەیەوێت بەکاربێنێتو داوا لە کەسانی دیش دەکات کەوا ئاخێوەری دروست ئەگەر هاتوو دەستەواژەیەکی دەربڕیو مەبەستی ڕاگوازتنی بیرێك بوو لەسەریەوە بۆ سەری کەسانی دی.(89)

ئەگەر هاتوو بانگەوازی بۆ ووردی کردن لە دیارکردنی واتاکان گەورەترین خەمی بوو کە بە درێژایی پتر لە نیو سەدە هەڵی گرت، ئەوا هەستی دەکرد کەوا لە پێشترین ئەرکی لەسەر خۆی ئەوەیە کەوا ئەو بەم ووردیکاریە هەڵستێت کەوا خەڵکی بۆ بانگ دەکات.(90)

لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کەوا لە سەرەتای ئاخاوتنی لەبارەی ئازادیدا دەپرسێت(مەبەست لە ئازادی چیە) ئەو ووشەیەی کە لە دووابیەکانی سەدەی ڕابردووەوە لەسەر نووکی خامەی نووسەرانو زمانی دواندەرانو ئاخێوەران دووبارە بوەتەوە. پاشان دەستی دەکات بە نەشتەری نوێگەری وەشاندن لەو بیرە بۆ ئەوەی واتا جیاوازەکانی دەربێنێت کە بە ڕەوتی کات فرەوانو قولتر دەبن. کە ئەم بیرە دەستی پێکرد ئەو واتایەی هەبوو کە داوای یەکسانی نێوان هاوولأتیانی مەبەست بوو (بە شێوەیەك هاوولأتیانی مەبەست بوو)(بە شێوەیەك هاوولأتیان ماف ڕاوێژیان هەبێت لە فەرمانداری ولأتیان، پاشان کە داگیرکاری بەریتانی هات واتای (ئازادی ڕامیاری) گۆڕاو واتای ئازاد بوون لە داگیرکاری دەبەخشی، ئەم کێشەیە بووە کاری بایەخ پێدان تاوەکو دەروونی خەڵکی داگرتو شۆڕشی 1919، هەڵگیرسا، واتای ئازادی قوولتر بوو، تەنیا ڕزگاربوون لە داگیرکەر نەما بەڵکو دەست کرا بە ئاخاوتن لە بارەی (ئازادی ئابووری نیشتیمانی) (ئازادی ئافرەت)، ئازادی هونەرمەندو تۆروان..هتد بەم شێوەیە لووزەوی ئازادی یان بەرەو بەهێزتر بوونو

فرەجۆرتر بوون دەچوو تا شۆڕشی1952 هات، چەندان دەورەی فرەوانی کردەوە بۆ ئازاد بوونی جووتیار لە دەسەڵاتی خاوەن زەوی‌و ئازاد بوونی کرێکار لە دەسەڵاتی خاوەن کار..هتد(91) بەڵام کەس، بە درێژایی ئەم مێژووە،(ئەم ئازادیانەیان9 نەخستە سەر مێزی نوێگەری بەڵکو شیکردنەوەی هۆشەکی بەجێ‌ما بۆ زەکی نەجیب مەحموودی ژیربێژی‌زان، بۆ ئەوەی بە چاوەکی لێنۆڕی وردکاری بنواڕینە ئەو ئازادیانە بە هەموو لکەکانیەوە بۆ ئەوەی ئەو راستیەمان بۆ بدۆزێتەوە کە گرنگی خۆی هەیەن ئەویش ئەوەیە کەوا ئامانجەکانمان لەم ئازادیانە لە رابردوو کۆببونەوە لە لایەنی نەری‌ی بە تەنیا بە واتای داواکاری نەتەوەیی بە مەبەستی (ئازاد) بوونە لەو بەندانەی پێی بەستراوەتەوە لەم بوارە یان ئەوێهیێ: وەك ئازادبوون لە داگیرکاری بەریتانی، و ئازا بوونی ئافرەت لە زێدەڕۆیی پیاوو ئازادبوونی کرێکاری سازکاریێ لە دەسەڵاتی خاوەن سەرمایە،و دەسەڵاتی ئەوە لە ئەوێهیێ. بە دەستەواژەیەکی دی ئەوەندە مابوو هەموو کۆششمان بۆ داخوازی ئازادی کۆبۆتەوە لە شکاندنی کۆت‌وزنجیر، راستە ئەو کارەش شتێکی پێویستەو ئەرکی سەرشانە، بەڵام ئەو چەشنە ئازاد بوونە تەنیا یەك لایە لە ئازادی کە (لایەنی نالەباری)یەتی– لەراستیدا وەك ئەوە وایە دەرگای گرتووخانە بکەیتەوە تاوەکو گرتیەکە رەها بێت‌و ئازاد)، واتە بە کۆت‌و زنجیر بەستراوەتەوە بەڵام ئایا پاش ئەوە چی؟ چی (بکات) بۆ ژیان؟ ئا لێرەدا واتای لەباری ئازادی دەست پێ‌دەکات کە پێویستی بە (توانست) ی مرۆڤ هەیە بۆ ئەنجامدانی کار، کەس هیچ توانستی نییە لە هیچ بوارێك هەتاوەکو راستی ئەو مەیدانە نەزانێت‌و ئەوەی پێوەندە پێی،– ئێمە(ئازادی ئەوانەی کار دەکەن)مان دەوێت)(92)

بەم شێوەیە بیریارەکەمان توانی ئازادی بە واتا ئەرێیەکەی ببەستێتەوە بە پتەوی لەگەڵ توانستی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیار (کە دەزانێت) چۆنی ئەنجام دەدات، کەواتە لایەنی لەبار لە ئازادی‌و زانیاری دوو رووی یەك پارەن. ئەو منداڵەی کە پاش گریانێکی بەرك خامەو پەرێکی دەست دەکەوێت(ئازادە) لەوەی کە بە خامە چی بوێت تیادا بنووسێت. هونەرمەند (ئازاد)ە لە دامەزراندنی بنیاتێکی رەنگ لەسەر تابلۆن بەڵام چەندان جیاوازی هەیە لە نێوان ئازادی تا ئازادی؟ ئەم هۆیانەی رێی دەگرت لە منداڵەکە بۆ دەستخستنی پەڕو خامە نەمان، کە گەیشتە داخوازیەکەی ئازاد بوو، ئەم ئازادیە شێتە دەستیکرد بە (گێرە شێوێنی) هێڵکاری لەسەر پەڕەکە بەبێ ئامانج. بەڵام هونەرمەندی کە نهێنیەکانی هونەرەکەی دەزانێت، بەو ئازادیە (پێوەندە) بە دەستوورەکانی هونەرو

بنچینەکانی دەتوانێت شتێکی وا دابهێنێت کەوا ئەخرێتە سەر گەنجینەی جوانی، کەواتە ئازاد بون لایەنی نەرێی ئازادیە، بەڵام لایەنی لەباری ئازادی ئەوا پێوەندە بە زانستو زانیاری، لێرەدا مافی ئازادی بە واتا لە بارەکەی بەرهەم هێن تایبەتە بە ئەوانەی دەزانن.
بەڵام دووهەم بیردۆز-(بیردۆزی هۆش) بوو کە بیریارەکەمان بە درێژی لێی وورد بووەوە، لەبەر ئەوەی بایەخێکی گرنگی هەیە لە رۆنانی ژیانی رووناکبیریمان☹ئەگەر هاتوو لایەنە نەرێکەی ئازادی (ئازاد) بوون بێت لە بەندەکان، لایەنە لە بارەکەی واتای رۆنانە، ئەو کارەش پێویستی بە پلانێکی داندراو هەیە رێنوێنی بکات پاش رزگاربوونی لە بەند ئەم پلانە ئامانجدارەش (هۆش) دایدەنێت.(93)
ئایا ئەم هۆشە چیە؟ هەرچەند پێناسەی خەڵك جیاواز بێت بۆ بێژەی (هۆش) ئەوا لە چەرخی ئێمەدا بەلای کەمی لەسەر ئەوە رێك کەوتووین کەوا ئەو واتایە دوورخەنەوە کە رەوا نییە هیچ بیریارێك هزری بۆ بچێت ئەویش وا لێکدانەوە کەوا لە جیهانی بوونەوەران بوونەوەرێك هەیە سەربەخۆ ناوی 0هۆش)ە، وەك چۆن ناوی (هەمەلایا) هێمایە (بە نموونە) بۆ چیایەکی زانراو لە جیهانداز بەڵکو هۆش ناوێکە بۆ کارێك لە چەشنێکی تایبەتی کە دیارو هەڵواردەیە کاریشی چەشنە چالاکیەکە مرۆڤ چارەی شتانی پێدەکات بە شێوەیەکی زانراو.(94)
ئەگەر هاتوو هۆش کاربێت ئەوا دەتوانین بەم شێوەیەی دادێ دیاری بکەین : هۆش جووڵەیەکی راگوازتنەکیە رەوتی لەبەر هەستەکانو بەڵگەکانو پێشەکیەکانەوە دەست پێدەکات، لەو ئاکامەوە کە لێیەوە پەیدا دەبێت کۆتایی دێت، ئەو شتەی کە بە هۆی ترووکەیەك یان وەك دەڵێن ترووسکەیەك پێی دەزانین هۆش نییە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پێزانینانەی یەکسەی چەندان ناوی دی هەیە سروشتی دی هەیە، بەڵام هۆش پێزانینێکی تیانە لەبەرئەوەی توانستێکی بەڵگە هێنانەوەکیە، واتای ئەو شتەش وایە کەوا لە ناوەڕۆکدا دوو لای هەیە: لایەك ئەو خاڵەیە کەوا لێیەوە دەست پێدەکەینو لایەکەیدی ئەو ئاکامەیە کەوا کۆتایی پێدێت.)(95)
هۆش ئازادە لە هەڵبژاردنی لای یەکەم کە لەو لاوە دەست پێدەکات، بەڵام کە خاڵی دەست پێکردنی بۆ خۆی دیارکرد ئەوا پاش ئەو هەڵبژاردنە لە ئاکامەکانی ئازاد نییە، لەبەر ئەوەی ئەم ئاکامانە بە پێویست لە خاڵی سەرەتاوە پەیدا دەبن.(96)

(بەلاّم هۆش دوو ڕێگەی هەیە، سێهەمی بۆنییە، لەم دووانە ئەم ڕێگەیە دەگرێت یان ئەویدی، بەپێی ئەو بابەتەی کە بیری لێدەکاتەوە، یەکێکیان ئەو ڕێگەیەیە کەوا خاڵی سەرەتای بە چەندان ووشەی زانراو دەست پێ‌دەکات، بەلاّم ئەویدی ئەو ڕێگەیەیە کەوا خاڵی سەرەتای دەکاتە ئەم پێدراوەکانی هەستەکانمان کە دیارن.(97)

لەباری یەکەم هۆش دەستەواچەیەك کە لە چەندان ووشە پێك هاتووە، یان پێواری بیرکاری لە پێشەخۆی دەبینێت‌و، کاری بیرەکی خۆی لەسەر ئەنجام ئەدات. هەر ئەوەندەی لەپێشە ناو توێژە شارداوەکەی لە ناو واتاکانی پێوارەکان دەربهێنێت، هۆش لەم بارەدا لە خۆڕا بیرێك پێشکەش ناکات، بەڵکو ئەرکی هەر ئەوەیە کەوا ئەو بەرگانەی داکەنێت کەوا واتاکانی داپۆشیوە لەناو پێوارەکانی، هەروەك چۆن ئەگەر گەنج بخەیتە ناو ئاشی تەنیا تاودن دەست دەکەوێت، یاخود وشیەترێ بخەیتە ناو گوشەکی مێوە ئەوا تەنیا خۆشاوی ترێت بۆ دێتە دەرەوە، بەهەمان شێوە لەم پێکهێنراوە بێژەییانە یان پێواریانە تەنیا چەندان واتای کە تیایدا شاردراوەتەوە، بیرکردنەوەی هۆشەکی دێت‌و ئەم شاردراوانە دەردەخات ئەوەی بیەوێت وەری دەگرێت‌و ئەوەی پێویستی پێ نەبێت ڕەتی دەکاتەوە، بیرکردنەوەی بیرکاری هەمووی لەم چەشنەیە.(98) ئەوەش یەکەم ڕێگەیە لەم دوو ڕێگەیە، بەلاّم ڕێگەی دووهەم لەم بارەدا تەنیا پێکهێنراوی بێژەکی یان پێواریمان لەبەر دەستان نییە، بەڵکو (پێدراوەکان)ە کەوا بەهۆی هەستەکانمانەوە لە سەرچاوەکانیانەوە وەرگیراون، لەم بارەدا ڕێگەی هۆش جیاوازە لە ڕێگەکەی لە باری یەکەم، لەبەر ئەوەی کاری هۆش لێرەدا هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەو پێوەندیانەی کە هەیە لە نێوان ئەو کۆمەڵە شتانەی کە بینیمان یاخود بیستمان یان بە هەر هەستێکی‌دی لە هەستەکانمان پێمان زانین، گریمان لە ئاسمانەوە باران دەباری، ئەوەی بەرهەستە دڵۆپە ئاوە، پاشان پێوەندی نێوانی ئەم دڵۆپە ئاوەو بەر هەستەکانی دی دەدۆزێتەوە، وەك پێوەندی لەگەڵ پلەی گەرمی، یان لەگەڵ پلەی شێ، یان لەگەڵ ڕووکاری با..هتد ئەگەر هاتوو ئەم پێوەندیانەمان دۆزیەوە ئەوا کەوتینە بەر ڕاڤەکردنی باران ڕاڤەکردنێکی هۆشیاریانە..(99)

کەواتە هۆش کردەوەیەکە لە سەرەتایەکی زانراو دەست پێ‌دەکات: ئەگەر سەرەتا بیرکاری بوو پێوارەکان شی‌دەکاتەوە بۆ ئەوەی بڵێێن ئەو شتەو ئەو شتەی لێ‌یەدا دەبێت، یاخود لە هەڵکەوتانی بەرهەست دەست پێ‌دەکات‌و لەگەڵ هەڵکەوتانی دی بەیەکیان دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شتەی لێ بێنێتە بەرهەم کە پێی دەڵێن یاساکان.

کردەوەی هۆشەکی بۆی ناکرێت ئەوەندەی موویەك بجوولێتەوە ئەگەر-(خاڵی سەرەتا)مان لەبەر دەست نەبێت کە لەم خاڵەوە دەست پێدەکەین، ئەشێ (گریمانەکان) ئەگەر یەکەم بوون ئەوا ئەو کردەوەیە هۆشیاریە لەو چەشنەیە کەوا لە زانستە سروشتیەکان باوەن و ئەگەر لە دووهەم بوون ئەوا لەو چەشنەیە کە باوە لە زانستەکانی بیرکاری، ئەم دوو چەشنە کردەوەیەی بیر سێهەمی بۆنیە، هەرچەند تۆژینەوەکانی فرەجۆر بێت، پاش هەندێ شیکردنەوە- ئەبینین ئەوە یان سەر بەو جۆرەیە کە لەسەر راستیەکانی هەڵکەوت دامەزراوە، یاخود سەر بەو جۆرەیە کە لەسەر گریمانان دامەزراوە.(100) لێرەدا دەگەینە دووانەتی خاڵی دەستپێکردن یان دووانەتی خاڵی سەرەتا.(101) ئەشێ لە هەڵکەوتەکانی سروشتەوە دەست پێ بکەین، ئەوەش کۆمەڵە زانستیەکانی سروشتی دەیکەن، وەك باسمان کرد، و ئەشێ لە (گریمانان)ەوە دەست پێبکەین وەك لە بیرکاری، ئەوەش چەند بنەمایەکی هەڵبژاردەیە و هیچ دەربەرستەیەکی بۆ کەس تیا نییە لە خاوەنەکەی بەولاوە، ئەشێ بیرکاریزان گریمانەی ئەوە بکات کەوا شوێن راستۆکیە و ئاکامەکانی لەسەر رۆبنێت لەسەر ئەم گریمانەیە، یاخود ئەشێ وا گریمانە بکات کەوا شوێن گۆیەکیە و پاشان ئاکامەکانی لێ هەڵێنجێت، یاخود شوێن لوولەکیە-هتد.(102)

بەڵام ئەگەر بیرکاری نموونەی کلاسیکی ئەو سەرەتایەیە کە لە گریمانانەوە دەست پێدەکات، یاخود بنەمای هەڵبژاردە، ئەوا ئاینە جیاوازەکان نموونەیەکی ترن بۆ ئەو سازشتانەی بیر کە لەسەر (بنەما)یان رۆنراوە، هەریەکەیان کتێبەکەی خۆی ئەخاتە پێش خۆی وەك (بنەما) (سەرەتا)یەك لێرەوە دەست پێدەکات و لێی هەڵدێنجی، بە شێوەیەك بڕیارەکانی رێچکەزانی هەر ئایینەك دروست و راست بێت بە گوێرەی دەقی کتێبەکەی.(103) ئەشێ لەبەر بەرچدانەوەدا یەکێك بپرسێت و بڵێت: ئایا چۆن ئاینە جیاوازەکان ئەشێ نموونە نەبن بۆ ساشتی بیرکاری هۆشەکی، لەو کاتەی سەرەتا لەهەر ئاینێك سەرەتایەکی ویجدانیە یان دڵ پەسندیە یان باوەڕەکە- مەبەستم(ناهۆشەکیە). بەڵام خاوەن پرسیارەکە لەم خاڵە گرنگە بێئاگایە کەوا لەم بابەتەدا هەیە ئەویش لەوەیە کەوا، خولی هۆش لێرەدا لە (خاڵێکی زانراو)وەوە دەست پێدەکات و یەکسانە چ لەرێی دڵەوە یان ویجدانەوە یان سرووشەوە یان خۆرسکانەوە هاتبێت پاشان ئەو هەموو ئاکامانەی لێدەردێنێت کەوا پێی دەگات، یاخود پێشەکیەکانی دەکوشێت وەك چۆن هێشووە ترێیەك دەکوشیت- ئەوەش (زانستەکانی ئاین)ن نەك ئاین خۆی- پاشان پاش کەمێك

دەگەڕێینەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر ئەم خاڵە– دەتوانین هەمان شت لەبارەی زانستەکانی بیرکاری بڵێیت، ڕێبازی ڕۆیین، دەست پێکردن لە سەرەتاوە تا ئاکامەکان کردەوەیەکی هۆشەکیە، بەڵام سەرەتا چۆن دەبێت.. پێناسەکان (پێناسەکان): خاڵ ئەوەیە کە نە درێژیو نە پانی هەبێت..هتد بەلاچم ئەم وشانەش خۆشی پێویستی بە پێناسین هەیە ئەو کاتە پەنا دەبەم بۆ چەند وشەیەکی دی نویو پاشان بۆ چەند ووشەی دی سێیەمو چوارەمو بەم شێوەیە تا دەگەمە ئەوەی پێی دەووترێت (بێ پێناسەکان) لەبەر ئەوەی ناکرێ تا نا کۆتایی بڕۆم. بەم شێوەیە هەتا لە بیرکاریش سەرەتا هۆشەکی نییە بە واتایەك هەمان شت بڵێ بە گوێرەی بەکارهێنانی ووشەی هۆش لە ژیانی ڕۆژانەماندا یان کاروباری کۆمەڵایەتی یان رامیاری..هتد هەتا واتا زمانەوانیەکە کە دەبەشم دەکات (بەند) بم بەو هەنگاوانەی راگوازتن بە شێوەیەك هەر هەنگاوێك بگەیەنێتە ئەویدی (ئەگەر هاتوو هۆش ئەو چەشنە بێت لە چەشنەکانی ڕەوشت کە لەو کاتەی دەردەکەوێت کە هەوڵ ئەدەی کە نیگاری ڕێگەی گەیەنەر بە ئامانجێك بکێشی کە خۆشمان پێی بگەین، ئامانجی هەڵبژاردە لە خۆڕا (هۆش)نییە، لەبەر ئەوەی تەنیا لە ئارەزوەوە پەیدا بووە هەروەها ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەست بەرۆین دەکەم لەسەر ئەم ڕێگەیە ئەویش (هۆش) نییە،

لەبەر ئەوەی بنەمایەکی گریمانە کراوە، بەڵام هۆش بەو واتایە ووردەیو زۆر ئاسانەی نیگارکێشانی هەنگاوەکانی گەیەنەرە لە نێوان ئەم بنەمایە گریمانە کراوە لەلایەك، و ئەو ئامانجەی بەر داخواستە لەلایەکیدی)

لێرەدا سەرنج بۆ خالێکی گرنگو پڕبایەخو پڕ مەترسی رادەکێشین: ئەویش ئەوەیە کەوا رشتە بیرەکیە جیاوازەکان، لەگەڵ ئەوەی هەر یەکەیان سەربەخۆیە بە گوێرەی ئەوانیدی لەبارەی دروستی بڕیارەکانی یان هەڵەبوونی ئەم بڕیارانە، مەبەستم ئەوەیە هەر یەکەیان ئەگەر هاتوو یەکەیان گەواهی دەرێکی هێنا بۆ راستی بڕیارەکەی زانراو ئەوا سەرچاوەکەی بنەماکەیەتی، نەك بنەمای رشتەیەکیدی، بەڵام دەتوانیت چاگری لەناو ئەم رشتە زۆرو هاوسێیانە بکەین لەسەر بنچینەی ئەو ڕێژەیەیە کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی هەیەتی بۆ بەختەوەریو خۆشیو بڵند چوونو ئیدیش. ئەوەش وەك چەندان خانووی هاوسێ وایە کە وەك یەك بن، و هەریەکەیان بناغەی تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەر دامەزراوەو هەریەکەیان بەشەکانی ناوەوەی خۆی هەیە کە لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراوە، و هیچ خانوویەك نابێتە بەڵگە بۆ خانوێکی دی، ئەشێ یەکێکیان بڕووخێ لەبەر ئەوەی بناغەی داهێزرابێت، کەچی ئەویدی بمێنێت لەبەر بەهێزیو پتەوی بناغەکەی، بەڵام بەکارهێنانی ئەم خانووە

هاوسێیانە ڕێگەی ئەو شتا ناگرێت کەوا پلەی باش‌و باشتری ئەم خانووانە دیاربکرێت لەسەر بنچینەی ئەو کارەی کە دەکاتە سەر چیانی ئەو خەڵکەی کە تیایدا دەژین.(105)

- (م.د) نیشانکردنی پلەی باش‌و باشتری ئەم شتە بیرەکیانە لەسەر بنچینەی لێکدانەوەی بنەڕەتەکەیان نزیکترە لە زانست، واتە هەر سازشتێکی بیری بگێڕدرێتەوە سەر ئەو بنەمایانەی لەسەر دامەزراوەو ئەم بنەمایانەش شیٚکرێتەوە بۆ دیارکردنی سەرەتای دەست پیٚکردنی سەرەتای دەست پێکردنیان ئایا لەسەر ڕێبازێکی زانستیانە دامەزراوە یاخود ئەندێشەو بۆچوونی نازانستیانە یان ئەفسانەو وڕێنە بۆ ئەوەی چاگری هەر رشتەیەك بخرێتە بەر تیشکی شێکردنەوە زانستیو ئەگەر لە ئەزموونی زانستی دەرنەچوو ئەوا تەنیا بەهای مێژووی خۆی دەمێنێتەوە نەك وەك ئامرازێکی زانستی بیروهۆش‌و باوەڕ. کواتە تەنیا ئەگەر هاتوو لە قۆناغێکی گۆڕانی کۆمەڵ سازشتێك سوودبەخش بێت تەنیا لەبەر ئەو سوودە کاتەکیەی نابێت ملکەچی بۆچوونەکانی بین بەبیٚ تۆژینەوەی زانستی بنەڕەتەکانی بەپێی بەرنامەی زانستی.

دوو نموونەمان هێنایەوە بۆ بنەماکانی گریمانەکراو کە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی هۆش لەو بنەمایانەوە رەوتی دەست پیٚ بکات، ئەو رەوشی (زانستەکانی بیرکاری)و (ڕۆندراوەکانی ئاینی) بوون- ئێستا دەتوانین نموونەی سێهەم بێنینەوە لە بیری رامیاری، کەوا لە (بنەما)یەکی دیارکراوەوە دەست پیٚدەکات‌و بنیاتەکەی هەموو لەسەر دادەمەزرێنێت، بە نموونە دوو فەیلەسووفی ئینگلیزی وەرگرە (هوبز)و(لوك) یەکەم دیمانە رامیاریەکەی لەسەر بنچینەی ئەوە دامەزراند کەوا مافی فەرمانداری بۆ کەسێکی کە بەهێزترین کەس بێت بۆ ئەوە، ئەو کەسە بەهێزترینەش ئەگەر دەسەڵاتی کەوتە دەست گەلی بەر فەرمان مافی ئەوەی نییە نارەزایی دەربڕێت بەرامبەری یان وەریگرێت، بەڵام دووهەمیان دیمانە رامیاریەکەی لەسەر بنچینەی ئەوە دامەزراندوە کەوا مافی فەرمانداری بۆ ئەو کەسەیە کەوا گەل هەڵی دەبژێرێت، بەوەش گەل مافی ئەوەی هەیە فەرماندار لاببات ئەگەر هاتوو لەوە لایدا کە ویستبوویان بیکات. لە بنەمای یەکەمەوە دەگەینە فەرمانداری گەل بۆ خۆی، بەم شێوەیە خۆمان بەرامبەر دوو رشتەی بیرەکی دەبینین کە هەریەکەیان لەسەر بنکەیەك وەستاوە،و هەریەکەیان بڕیار لەسەر ئاکامەکانی دەدرێت بەپێی ڕێبازی هەڵێنجانی ئاکامەکان لە بنەماکانی، ئایا چۆن چاکترینیان دیاربکەین ئەگەر ویستمان بۆ خۆمان یەکێکیان هەڵبژێرین بیٚئەوی دی؟ ئێمە لەم بارەدا چاکترینیان لەسەر بنچینەی دروستی یەکێکیان‌و هەڵەبوونی ئەوی دیان دیار ناکەین، لەبەر ئەوەی ئەشیٚ هەردووکیان پاژەکانی

دروست بێت لەبەر ئەوەی ئەم پاژانە هەڵێنجانێکی دروست هەڵێنجراون لەسەر چاوەکانیانەوە، بەدەستەواژەیەکی دی ئەشیٚ هەردوو رشتە بیرەکی راستبن لەگەڵ ئەوەی کە لە نێوان پاژەکانیان جیاوازیەکی زۆر هەبێت، چاکترینیان لەسەر بنچینەی هەڵەو دروست دیار ناکەین، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان لەسەر (بنەما)ك دامەزراوە، بنەمایەکەشی (گریمانە)یەو گریمانەش وەسفی ناکرێت بە هەڵەیان دروست، بەڵکو چاکترینیان دیاردەکرێت لەسەر بنچینەی سوودی ئەم رشتە بیریانە بۆ ژیانی مرۆڤ. هەمان شت بڵێ لەبارەی هەموو راڕەوە فەلسەفیەکانی دی.(106) کەواتە هۆش کردەوەیەکە، چالاکیەکە، بەو کردەوەیە یان ئەو چالاکیە لە( ا)ەوە دەڕۆین بۆ (ب) ئەشیٚ (ا) پێدراوی هەستیٚ بێت،و (ب) ئەو یاسایانە بن یان ئامرازەکانی پێوەندی نێوان دیاردەکانی سروشتی بن، ئەوەش رێگەی زانستەکانی سروشتییە،و ئەشیٚ(ا) سەرەتایەکی گریمانە کراو بێت کە پێوارە بیرکاریەکانن یان، بنەما دیمانەییەکان بن لە راڕەوە فەلسەفیەکانی جیاواز..هتد.

بنچینەی یە چاکزانی لەم رشتە بیرەکیانە رادەی سوودیەتی بۆ ژیانی مرۆڤ، بەڵام ئەگەر هاتوو بەو کردەوەیە( هۆشیە) روانیمان ئەرکەکانی ژیانو رووناکبیری هەمووی، وەك ئەو کەسەین کەوا لای هەر بابەتێکی بەردەست بپرسێت: ئایا ئەگەر ئەو هەنگاوەی بنێین دەگەینە ئامانجەکان؟ ئەم روانینەش چەندان سیفەتی دی وەك لق لیٚ دەبێتەوە چۆن بەر لە دار پەیدا دەبێت ئەوانیش ئەوها دێنە بەرهەم، ئەم سیفەتانەش ئەو شتە پێك دێنن کەوا ناویان دەنێین(روانینی هۆشەکی)، یاخود هەڵوەستی هۆشەکی- دەتوانین بەم خاڵانە پوختەی بکەینەوە:-

1-یەکەم سیفەتیش لەوانە: ئەویش خۆی ئەو ئاکامانەن کەوا لەو بنەما هۆش پەسندە هەڵقوڵیوە ئەوەیە کەوا شتان سنووریان دیار بکرێت بە رێژەی دروستی شتەکان هەریەك بە گوێرەی ئەوی‌دی، گەورە گەورە دیار دەبێت وەك خۆی،و پووچیش پووچ وەك خۆی، ئەشیٚ دەوڵەتی ژیار پەسند بایەخ بە کێشەیەکی زانستی بدات کە دەیەوێت لە بیری خەڵکی جێگیر بێت، بەڵام چاو دەپۆشێت لە رەوشتی کەم کە ئەو پیاوە یان ئەوی دی دەیکات.

ماوەلاپەرە129و130

میکرۆبی نەخۆشیەکە بێت کە هۆی پەیدابوونی ئەم نەخۆشیەیە ئەوا بنۆسەکە لای جادووگەر (ئەجندە) کەوتوونەتە تەنی نەخۆشەکەوە، چاکبوونەوەشیان تەنیا بە دەرکردنی ئەم (لەمە چێترانە)ن کە بەهۆی ئەو ورتەورتەی کە دەگۆترێتو ئەو چەنەدانە بخوردەی کە

هەوای شووێنەکەی پیٚ بۆندار دەکات، و پاکی دەکاتەوە لەو ئەجندە شەیتانانەی کە زیان بە تەنی خەڵك دەگەیەنن..هتد(107)

4-روانینی هۆشەکی هەڵکەوت چۆن هەیە وای ئەروانێتیٚ بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ هەڵکوتێکی نویٚ ئەگەر ویستی، بەبیٚ ئەوەی لە نێوان هەڵکەوت خۆی کەلەبەرێك دروست بکات لە وڕێنان، و هەندەی نابات کە لە یادی نامێنێت کە ئەوانە وڕێنەن،

ئەگەر هاتوو مرۆڤی سەرەتایی ئەفسانە بۆ خۆی دروست دەکات بۆ ئەوەی لەم روانگەیە بڕوانێتە هەڵکەوت ئەوا مرۆڤی ژیارخواز رووبەڕووی ئەم هەڵکەوتە دەبێت وەك بۆ بینایی و بیستنی مرۆڤ دەردەکەوێت.

5-بەڵام بەرچاوترین شەقڵی روانینی هۆشەکی بۆ گەردوون ئەو زانیاریە خۆشویستنەیە کە مرۆڤ هەیەتی کە بەو هۆیە لەو خانووە شارەزا دەبێت کە بە خۆی تیایدا دەژی، هۆش پەسند لە روانینی بۆ زانینی راستیەیەکان و سروشتەکان و بنۆسەکان زۆر چڵێسە،

هیچ ئەو قەدەغە کردنەش کە سەرەتاییەکان ئەیسەپێننە سەر خۆیان رێگەی ئەو شتەی لیٚناگرێت. ئایا شتێکی نامۆیە ئەگەر بڵێین کەوا (دەسەلاٚتی هۆش خولگەی پێوانە بۆ پلەی ژیاری؟ پێم بڵیٚ هەر نەتەوەیەك ئەوەندەی چەند پشتی بەستووە بە هۆش لە رێك هێنانی کاروباری، پێت دەڵێم چەند بەرزبۆتەوە لە پلەکانی ژیاری..)(108)

هۆش پەسندی لەو گۆشە نیگایەدا ئەوەیە کە دەیبینێت، بەرجەستەیە لە هەموو ژیاریەك هەرچەند رەنگیان جیاواز بێت لە هیچ کۆمەڵەیەکی سەرەتایی نابینیت هەرچەند سیفەتەکانی زۆربن پاش ئەو شتە، ئەشیٚ روانینی هۆشەکی ئاراستەی مەترسیە رەهاکان بکرێت و رێکیان بخات و سازشتیان بکات لە ریزکردنێکی قووچەکی گرنگترینیان ئەخاتە سەر تایبەتتریان، وەك لای یۆنانیە کۆنەکان هەبوو، یاخود ئەشیٚ ئاراستەی شیکردنەوەی ئەوە بکرێت کە بە سووش هاتووە لە دەستوورانی ئاین، وەك لای مەدوسلمانەکانی بەرایی روویدا، یاخود رووبکاتە دیاردەکانی سروشت و یاساکانی دیمانەیی لیٚ دەردەهێنێت وەك لە ئەورووپا روویدا لە چەرخەکانی تازە، یاخود رووبکاتە بەرجەستەکردنی ئەو یاسا زانستیانە دیمانەییانە لە چەندان دەزگای وا کە مرۆڤ دەیگێڕێت یاخود خۆکارە وەك لەم چەرخەی ئێستاماندا روویداوە.(109) لەبەر رۆشنایی ئەوەی رابرد ئاوڕ لەم چەرخەمان و ژیاریەکەی دەدەینەوە، ئەویش ریز پەڕ نییە لەو دەستوورە لادات کەوا چەرخەکانی دی

لەسەر رۆنراوە، ژیاریەکەی هێشتا لەسەر هەمان بنچینە دامەزراوە کەوا ژیاریەکانی رابردوانی لەسەر دامەزرابوو ئەویش (هۆش)ە..
پاش ئەوە دەپرسین ئایا نەتەوەی عەرەبی ئەمڕۆ لە رەوتی ژیاری لە کوێ وەستاوە؟
لە وەڵامەکەم- کەێك خەفەتو زۆر هیوا تێکەڵ بووینە تیایدا- بۆ ئەو کەلەبەرەی قووڵی هۆش ناپەسندی کە هەتا ئێستا لەو تاریکاییەی دەژین، هیواش بە نەوەی نوێیە لەسەر رێی هۆش پەسندایەتی زانستیو رووناکی ئەو بڕۆن..(110)
بەڵام پێش ئەوەی لەم پاژەرەت بین، پێویستە لەگەڵ گرنگیەکەیو لەگەڵ ئەوەی چەندان لایەنی هۆشەکی بە نرخی تێدایە- هێما بۆ کێشەیەك بکەین کەوا ئەشێ تیایدا گۆشە نیگامان جیاواز بێت لەگەڵ مامۆستای مەزنمان ئەویش (بە چاکزانی) نێوان راڕەوە فەلسەفیەکانە لەسەر بنچینەی سوودەکەی، ئەوەش لەبەر ئەوەی ووشەی(سوود) لە سەرەتادا ووشەیەکی ئاشکرا نییەو چەندان پرسیار هەڵدەگرێت:
راڕەوی(سوود) بەخش کامەیەو بە چ واتایەك؟و کەی سوود بەخش دەبێت؟ ئایا ناشێ راڕەوێك ئێستا (سوود)بەخش نەبێت پاشان دەرکەوێت کەوا(سوود) بەخشە پاش دەیان ساڵ؟ ئایا فەیلەسووفانی سەردەمی راپەڕین، بە نموونە، چەندان بیری سوودبەخشیان نەدۆزیەوە لای فەیلەسووفانی یۆنان..؟
پاشان ئایا بۆمان نییە کەوا رەخنە لە راڕەوەکانی فەلسەفی بگرین کە لە روانگەی سوود نەبێت؟ ئایا ئەرستۆ لە کتێبەکەی (میتافیزیکا) فەیلەسووفانی پێش خۆی یەك یەك نەخستە روو لە تالیسەوە هەتا فەلاتوونو یەك یەك رەخنەی لێ گرتن لە روانگەی هۆشەکی بێ پێوەندی بە سوود؟
پاشان ئایا ناشێ (رەخنە) گرتن لە هەر فەلسەفەیەك یان بەن کردنی راڕەوێکی زانراو تەنیا ئەو واتایە ببەخشێت کەوا ئەو بنەمایەی کە لەسەر دامەزراوە بووەتە کارایەکی یاریدەر، یان توخمێکی ریز بەستوو لە فەلسەفەی دوای خۆی، بەم شێوەیە راڕەوە فەلسەفیەکان یەك لەدوای یەك دێنو دەچن لە گۆڕانێکی دیالەکتیکی توێکڵی دەرەوەی لەناو دەچێتو بنەماکەی دەمێنێت بۆ ئەوەی ببێتە توخمێکی پێکهێنەری راڕەوێکی باڵاتر.؟(111)
ئایا هیگل نەیووت (فەلسەفە) گشتێکی بەیەك لکاوە پێویستیەکی ناوەخۆی هانی ئەدات، هەر فەلسەفەیەك لە رابردوو ئێستا ناچارەکیە، کەواتە هیچیان نەبزر نەبووینەو نە نەماون، بەڵکو دەبینی توخمی لەبارن لە هەر یەکێکیان.. دوا فەلسەفە ئاکامی هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆیەتی..(112) لەم بارەدا هیچ یەکێکیان لەوی دی چاکتر نابێت(چاگری) ناکرێ لە

**نێوان ڕاڕەوە فەلسەفیەکان کە وەك بنەدارێکە لە ڕووی فراژوو بوونی، هیچ ڕاڕەوێك ئەگەر ڕاڕەوەکانی دی لە پێشدا نەبوایە ڕووناکی نەدەدیت"**

**گرفتی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی:**

**کێشەی کۆکردنەوەی ڕەسەنایەتی ڕووناکبیری کە ڕەگی داکوتاوە بۆ بنچینە سەرەتاییەکانی کە عەرەب بەوە عەرەبە، لەگەڵ هاوچەخایەتی کە بە هۆیەوە دەبێتە بەشێك لەم کاتەمان بە چالاکی بیرەکی نەك تەنیا بە هەبوونی تەنی- ئەو گرفتەش تەوەرەی دەستاڕەو (دایکی هەموو گرفتەکانە) وەك باسمان کرد- لە ژیانی بیریارە مەزنەکەمان- هەتا ئەو رادەی بووەتە ئەو کێشەیەی کە دەتوانین وای پێبڵێین وەك گووتەی هامات کە لە تەنگانە دەروونیەکەی ووتی: هەبم یان نەبم: ئەوەیە پرسیارەکە.(113)**

**ئەگەر هاتوو تەنگ‌وچەڵەمەی پێشینانمان ڕێبازی بەیەك گەیشتنی بڕیارەکانی دەستوورانی ئاین‌و ژیربێژی هۆش بووبێت، ئەوا گیرهات لای ئێمە ئەم ڕێبازی بەیەك گەیشتنی نێوان زانست‌و مرۆڤە.(114) یان بە واتایەکی دی ڕێبازی بەیەك گەیشتنی نێوان (هۆش‌و ویژدانە)(115) ئەو دارشتەیەی کە بیریارە مەزنەکەمان پێشنیازی دەکات وەك چارەیەکی گرفتی (ڕەسەنایەتی‌و هاوچەرخایەتی) ئەو ڕێژەیەیە کە (هۆش‌و ویژدان) کۆ دەکاتەوە بە شێوەیەك لامان ئاشکرا بێت کەوا بواری هۆش هەموو دیاردەکانی سروشتی‌و کۆمەڵایەتی..هتد دەگرێتەوە کە پێویستی بە راڤەیەکی (زانستی) هەیە بە واتا فرەوانەکەی ئەم ووشەیە- ئەو واتایەی کە هەموو مرۆڤان یەکسان دادەنێت‌و هەنگاوەکانی ڕەوتەکەشیانی خستنە پێش هەموو کەس هەبێت لە خاڵی سەرەتاوە هەتا دەگەینە ئاکامەکانی کە کۆتایی تیا دێت. بەڵام بواری ویژدان ئەوا بواری هونەرو هەست‌و نەستە بە گشتی کە بوارێکە شەقلی (خۆیەکی) تایبەت بە تاکە کەس پێوەیە، نەك هاوبەشی‌و گشتی نێوان خەڵك، لە داهێنراوە هونەریەکان ئەبینین هەر هونەرمەندێك سروشتەکی تایبەتی تاکە کەسی خۆی هەیە کە لە ژیانی دورەوەی خۆی وەریگرتووە کەوا هیچ مرۆڤی‌دی هاوبەشی تیادا ناکات. لەسەر ئەم بنچینەیەدا ئەگەر هاتوو چاکسازیمان ویست، پێویستە نەوەکانی نوێ وا پەروەردەکەین لەسەر هەڵوەستەکی دی کە بتوانێت بۆ خۆی بە ئاشکرایی ئەوەی گشتیە جیاکاتەوەو بیگێڕێتەوە بۆ هۆش‌و ئامرازەکانی،و ئەوەی تایبەتە کە لەو کاتە هیچ خراپی تیادا نییە پەنا بەرێتە بەر زمانی هەست‌ونەست.(116)**

ئەگەر بپرسین: لەبەر چی لەگەڵ ئەوەی ئەو ماوەیەی کە بەسەر میسردا رابرد لە سەرەتای دەست پێکردنی راپەڕینە تازەکەیەوە هەتا ئەمڕۆ نزیکەی سەدوپەنجا ساڵ دەبیچت بەلای کەم، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین کەوا لە رووناکبیری ئەم چەرخە نوێیەی خواردۆتەوە تا ئەو رادەیەی کە هیوامان وابوو بیخواتەوە؟

ئایا لەبەر چ خوێندکاران لە میسر بەدەیان ملیۆن دەژمێردرێن لەگەڵ ئەوەشدا، سل دەکەنەوە لەوەی بە روانینی زانستیو ژیربێژی هۆشەکی بڕواننە ژیان بە رادەیەك کەمتر نییە لە سل کردنەوەی باپیرانیان لەو کاتەی کە پێلی تاریکی دایگرتبوون لە سەردەمی سێ سەدەی رابردوو پێش لە راپەڕینی نوێ؟

ئەگەر پرسیاری لەم چەشنە بخەینە روو، یەك وەڵامی بۆ ئەبینینەوە ئەویش: کەموکورتی لە پەروەردەکردنی هۆشو زێدەڕۆیی لە داگیرساندنی ویژدانە.(117)

وەك ئەوەی شتێك لە پێکهاتنی رووناکبیریمان خوشخوتەمان بۆ دەکات هەمیشە کەوا هۆش بەتەنیا بەس نییە مرۆڤ پشتی پێ ببەستێت لە ژیانی،و زۆر دیاردە هەیە روودەدەنو بەرەنگاری هۆش دەبن بۆ راڤەکردنی روودانیان بە ژیربێژی زانست،و هۆش بەرامبەریان پەك کەوتە ئەوەستێت،و ئەم جۆرە هەست کردنە بە پەك کەوتەیی هۆشو کورتی زانست، بە پلە یەك دایگرتووین کەم هاوتایە لە گەلانیدی لەتەك دڵنیاییم لە گرنگی لایەنی ویژدان لە ژیانماندا بەڵام زۆر جاران هەست بەو ئەرکە ئەکەم کە بەرزکردنەوەی باری هۆش-هۆشیش دامەزرانی زانستو بەرنامەکانی لە تەك دایە- هەتا لەو بڵندگریە گەیشتبمە زێدەرۆیی، بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگیەك پەیدا بکەم لە ژیانماندا لە نێوان هۆشو ویژدان، لەبەر ئەوەی هەمبەری لە نێوانیاندا نەماوە.(118)

گرفتی راستەقینەی کە لە ژیانی رۆژانەماندا رووبەڕووی دەبین لە وەرگرتنی رێژەی (هۆشوویژدان)دا نییە بەڵکو لە دەرخستنی هەردوو بوارەکەیانە لەلایەكو لە لایەکی دی بە وەرگرتنیان لە جیهانی هەڵکەوتەکی چی بەدوا دادێت: لە هەر کەسێك بتەوێت بپرسە ئا دەخوازی لەتەك ئەم چەرخەدا بڕۆی لە هۆش پەسندیەکەیو تەکنەلۆژیایەکەی؟

بە فیزەوە وەڵامت ئەداتەوە کەوا هۆش پەسندیو ئەوەی دوابەدوای دا دێت بەشیچکە لە کەلەپووری رەسەنەکەمان، بەڵام پێی بڵێ لەم چەرخەمان چەندان شتی بەدوا دادێت. لەوانە جڵەوی خۆت نەدەیتە دەست سۆزەوە هەر جۆرێك بێت،و لەوانە کار بدرێتە دەست ئەو کەسەی کە لێی دەزانێو کارامەیەتیایدا، نەك ئەوانەی سەر بە خاوەن دەسەڵاتو پایەن بە خزمایەتی، لەوانەش چەقبەست هەمووی لەسەر هەڵکەوتی مایەکی توند بێت،و لەوانەش

لە ژیانماندا لەسەر روانینی زانستخوازانە بڕۆین کە تەوەرەی لێرە بێت لەسەر ئەم زەویە، پێش ئەوەی لە جێیەکی دی لە جیهانیچکی دی..وای پێ بڵێ، ترس دایدەگرێت، لەبەر ئەوەی کە دەریخست کە لە لاگرانی روانینی هۆشەکیە، بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کەوا روانینێکە هەموو ئەو نەوە سەیرەی پەیدا دەکات، هۆشخوازە بەناو، نەك بە ناو توێژو ئاکام، لەم چەرخە تەکنۆلۆجیای وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی دەیەوێت وەك کەسانی دی-سوود لە ئوتومبیل و فڕۆك و دەزگاکانی گەرمکردن و ساردکرنەوە وەرگرێت- بەڵام ئەگەر زانی کەوا هێنانی ئەم ئامێرانە بۆ ژیانمان واتای هێنانی رەوشی نوێیە بۆ ئەو ژیانە، واتای گۆڕینی چەندان بەهای کۆن بە بەهای نوێ، ترس دای دەگرێت، لەبەر ئەوەی لە قووڵایی دەروونی نایەوێت بەها بۆماوەکانی بگۆڕێن. بەم شێوەیە دەکەوینە تەنگانەیەکی لە چەشنێکی کەم هاوتا لەبەر ئەوەی لە راستیدا وەك ئەوە واین کەوا بە دوو رووناکبیری دژیەك بژین لەیەك کاتدا:

یەکێکیان لە دەرەوەی دەروون و ئەوی دیان خزاوەتە کەلێنەکانی و دەرناچێت، ژیاری ئەم چەرخە لە ماڵەکان و جادەکان و بازێرەکان، ئەبینین بەڵام هەست بە ژیاری رابردوو دەکەیت لەو دیوو پەراسوان وەستاوە.(119)

لە راستیدا پێویستە لەسەرمان دان بنێین بە پێویستی پەنا بردنەبەر هۆش و زانست کە لە راستیدا بەرجەستەبوونی هۆشە لە کێشانی نەخشەی رێگای سەرکەوتن. ئەوەندە بەس نییە کەوا بەوە بنازین بەسەر هەموو جیهاندا کەوا ئێمە خاوەن دڵی پڕ لە سۆزین بەبێ جیاکردنەوەی ئەو بوارەی کە خراوەتە بەر چارەکردن ئایا لەوانەیە کەوا دڵ و ویژدان تیایدا سوود بەخشە یان سوودی تیا نییە: (هەر لەبەر ئەوەشە ئەو بانگەوازەم دووپات دەکەمەوە کەوا پێویستە بە ئاشکرایی ئەم دوو بوارە لەیەك جیاکرێنەوە بوارێك تەنیا هۆشی بۆ چاکە بە هەموو پتەوی و ساردیەکەوە، بوارێکی دیش مافی هەست ونەستە کەوا تیایدا گڕبگریچت ئەوەندەی گەرماتیەکەی بخوازێت)(120)

پێویستە لەسەرمان ئەو رایەی کە باوە لە نێوانمان بگۆڕین کە دەڵێت هۆش و زانستەکانی-کە ناوەرۆکی ئەم چەرخە یە کە تیایدا دەژین- دوژمنی ویژدان و هەستەکانیەتی، و لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئێمە لاگری ویژدانین با بڕوخێن هۆش و بەرنامەکانی.(121)

نەخێر هۆش دژی ویژدان نییە بەڵکو هەر کامێکیان بواری تایبەتی خۆی هەیە، گیروگرفتی بنچینەیی لای ئێمە لەوە دایە کە هەردوو بوارمان تێکەڵ کردووە یان لە سنووری ووردی هەر یەکەیان ئاگادار نین. ئەگەر هاتوو هەندێ لە تۆژەران بۆ ئەوە دەچن کەوا (جووتی

بوونی) رەسەنایەتیو هاوچەرخایەتی- یان ئەو رێژە پێشنیار کراوەی کۆکردنەوەی نێوان هۆشو ویژدان- هیوایەکی نەکردەیە، یان بیرکردنەوەیەکە هەر بە خۆزیایە، ئەوا بیریارە مەزنەکەمان باوەڕی وایە کەوا بەراستی لە کەلەپووری کۆنماندا هاتۆتەدی، و زۆر نموونەی هەیە لە بیری تازەشمان- کەواتە ئەشیٚ بێتەدی، بەڵکو پێویستە لە بیری هاوچەرخماندا بیهێنینەدی. خەڵك پێش دەرکەوتنی ئیسلام ئاشنای دوو چەشنە ژیاریو رووناکبیری بوون، کەوا تا رادەی دژایەتی لەیەك جیاواز بوون، بەڵکو تا رادەی لەگەڵ یەك کەوتنە شەڕ، ئەم دوو ژیار بەشی ژیاری فارسیو رووناکبیریان لەلایەكو ژیاری یونانو رووناکبیریان لەلایەکی دی، تەوەرە لەباری یەکەم(ویژدان)ە یاخود(پێدان) دڵ یان سروش یان مەزندە رێبازی بیرو چەشنی رەوشتی پیٚدەبەخشێت.

لەباری دووهەم ئەوە هۆشی مرۆڤە کە بەڵگەی بۆ دێنێتەوە لەسەر ناڕەوایی هەڵە بەوەش رەتی دەکاتەوە، و بەڵگەی بۆ راستی بۆ دێنێتەوەو وەری دەگرێت..

گومان وابوو کەوا هیچ رێگا نییە بۆ بەیەك گەیشتنی (ڕۆژهەلات) کە فارسی نموونەی بوو، و (ڕۆژئاوا) کە یۆنان نموونەی بوو، کە ئیسلامەتی هات لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتی زاینی، و لەگەڵ سەرکەوتنەکانیدا ئەم تەگەرانەی نێوان هەردوو رووناکبیری نەمان، یان دەتوانی بڵێی لەیەك هەنگاوی یەکەم یەك بوون لەسەر ڕێی هاوولاّتی جیهانی، ئەم یەکبوونە شکۆدارە بوو کەوا ئەو رێژە ژیاریە رووناکبیریە ئیسلامیە نوێیەی دەرهێنا بۆ جیهان کەوا لەیەك لێکدراودا: دەروێشایتی فارسیو هۆشمەندی یۆنانی کۆکردەوە، ئەم سروشتە سێهەمە نوێیە، پێزانینی مەزەندەی دەروێشانەی کۆکردەوە لەگەڵ پێزانینی بەڵگە هێنانەوەکی هۆش بە شێوەیەك ژیانی رووناکبیری ئیسلامی توانی ئەوەی تیادا هەبوو گەورەترین دەروێشو مەزنترین ژیربێژیزانی هۆش تیادا هەڵکەوێت لەیەك کاتدا.(122)

بیریارە مەزنەکەمان دەپرسێت: ئایا رووناکبیری ئیسلاممان توانی لە چەرخی مەئموونداد، بە تایبەتی، ئەوەندە بگوازێتەوە لە فەلسەفەی یۆنانو زانیاریەکانیان بۆ زمانی عەرەبی، کەچی خەلچکی هیند یان خەڵکی چین نەیانتوانی بیگۆزنەوە بۆ سەر زمانەکانیان؟

وەڵام دەداتەوە: بنۆس لەوەدا نییە کە زمانێك دەتوانێتو زمانێك ناتوانێت، بەڵکو بنۆس لەوە دایە کەوا رووناکبیریەك ژیربێژی هۆش وەردەگرێت( لەتەك ویژدان)و هەرسی دەکات، و رووناکبیریەکیٚدی وەری ناگرێتو هەرسی ناکات.(123)

قورئانی پیرۆز کە کتێبی موسلمانانە(و ئاین کە لە هەر لایەك دەرکەوێت پەنا ناباتە بەر بەڵگەهێنانەوەی هۆشەکی بەڵکو نامەیەك دێنێت لە خواوە بە سرووش هاتووە یاخود بیٚ

سرووش وەك پێغەمبەرانی رۆژهەلاتی دوورو خەڵك ناوەڕۆكی ئەم نامەیە وەردەگرن‌و دەبێتە ئاین‌و باوەڕ)، كەواتە خۆی ترووكەیەكی دڵە، یان كوتەیەكی ویژدانە یان (مەزەندە) بە زاراوەی فەلسەفی یاخود یەكسەر پێزانینە.(124)

ئەوە باوەڕە پشت بە سەلماندن نابەستێت‌و داوای لێ ناكریچت پشت بە بەڵگە هێنانەوە ببەستێت لەبەر ئەوەی مرۆڤ پێویستی بە سەلماندنی سۆزو ویژدانەكەی نییە، یاخود دروستی هەستێك كە یەكسەر لە ناخی دەروونی هەستی پێبكات: ئەگەر برسی بووم‌و هەستم بە برسیەتی كرد ئەوا داوای بەڵگە لە كەس ناكەم بۆ سەلماندنی ئەوە كەوا برسیمە یاخود خۆشەویستم، ئەوانە چەندان باری نیهادو ناوەكین خاوەنەكەی یەكسەر وەریان دەگرێت، نەخۆی داوا دەكات كە دروستی بسەلمێنێت،و نە چاوەنوارە كەسێكی دی بەڵگەی سەلماندنی بۆ بنێتەوە، ئەم بینینە یەكسەرەی كە بێ ناوەندكارە تەنیا سەر بە ئاین نییە، بەڵكو بواری هەموو بەرهەمەكانی ویژدانە لە هونەرو تۆرو دەروێشایەتی(تەسەووف).

بەلاّم لەسەر بنچینەی ئەم ئاینە نوێیە چەندان زانستی هۆشەكی دامەزرا– ئەوەی ئاین زانست نییەو زانستی تیادا نییە لەبەر ئەوەی لە تاخەوە نامەیەكی ئاكاریە– ئەوا مەزنترین شتێك كە ئاینی ئیسلام شانازی پێوە بكات ئەوەیە كەوا ئەو خەڵكی هاندا كەوا هۆش بەكار بێنن بۆ دۆزینەوەی یاساكانی گەردوون. بە هاتنە خوارەوەی قورئان‌و هەر رەتبوونی كەمتر لە سێ چارەكی سەدەكەی پاش نامەكە جوولاّنەوەیەكی هۆش پەسندایەتی نوێ پەیدا بوو، لەو ئاووهەوایەی كە نامەی موحەمەدی تیادا هاتە خوارەوە ئیمان تیایدا گڕی سەندبوو لە دلاّندا، ئەوەش هەنگاوی یەكەمە، لەو كاتەی كە نامە نوێكە وەردەگرێت‌و باوەڕی پێدەكرێت كە تەنیا هەر باوەڕ پێهێنانە، پاشان هەنگاوی دووهەم دێت، كەوا خاوەن شیكاری هۆشەكی شیكردنەوەیان بخەنە سەر ئەو شتەی كە لە هەنگاوی رابردوو جێی باوەڕ پێهێنان بوو.

لە سەدەی دووهەمی كۆچی كۆمەڵەیەك لە بیریاران دەركەوتن بڕیاریاندا بە چاكی لە قورئان بگەن، چۆن؟ شتێكی ئاسایی‌و پێویستیەكی ژیربێژەكیە كەوا لە زمانی عەرەبیەوە دەست پێبكەن بۆ ئەوەی ئامرازەكانی تێگەیشتنی دروستیان بۆ كۆبێتەوە، نەیانویست تەنیا بە هەڵوەستی‌و چێژ وەرگرتن لە زمان بێنن‌و بەس، بەڵكو ویستیان لێكۆڵینەوەیەكی زانستی بێت بە ووردترین رادەیلا كە بەرنامەی زانستی هەیەتی، دەستوورەكانی زمان پوختە نەكرابووو كۆنەكرابۆوە هەتا ئەو كاتی، خۆیان خەریك كرد بە پوختە كردن‌و كۆكردنەوەی. لێرەدا تۆژەرەكان بوونە دوو لق یەكەم بنكەی لە شاری بەسرە بوو،و دووەم

له شاری کووفه. کەواتە یەکەم چالاکی هۆشەکی کە دەبینین ئەم لێکۆڵینەوانەی زمانەوانیە کە لە فێرگەی (خەلیلی کوڕی ئەحمەد)و شاگردەکەی سیبەوەیە لە بەسرە،و کەسائی لە شاری کووفە-و هەروەها ئەم کۆششەی کە هەردوو فێرگە کردیان بۆ دەرهێنانی ئەو بنچینانەی کە پێویستە بدۆزرێنەوە بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی لەسەر بنچینەیەکی زانستیانەی دروست تێبگەین، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کەوا ئەم کۆششە بۆ یەکەم جار ئەدرێت لە مێژوودا، نەزانراوە کەوا زانایەك پێش ئەوان هەڵسێت بۆ دەرهێنانی رێزمان یاخود کێش‌و سەروای هەڵبەستان یان داڕشتن، خەلیلی کوڕی ئەحمەد یەکەم فەرهەنگی زمانی عەرەبی دانا کە ووشەی لە زاری خەڵك کۆکردەوە بۆ یەکەم جار، ئایا ئامانجی لەم کارە چیبوو؟ تێگەیشتنی قورئان بوو تێگەیشتنەکی دروست. با تێبینی ئەم هەڵوەستە خۆی بکەن لە پیاوێك کە لە زمان دەتۆژێتەوە تۆژینەوەیەکی زانستی بۆ ئەوەی لە ئاینەکەی بگات. با تەنیا بڕوانینە ئەم هەڵوەستە، بە ئەندێشە نیشانی بدەین ئایا چی دەبینین؟

پیاوێکی زانا ئەبینین ئەگەر بتەوێت، ئایندارێك ئەبینین ئەگەر بتەوێت، لەبەر ئەوەی هەردوویان لە (یەکبوون)دان، بەڵکو ئەویان کە زانستی ویست ئەوا بۆ ئامانجی ئاینی ویست. ئەم هەبوونەی خاوەن دوو رووی تەواوکار ئەو کۆکردنەوەی دوو چەشنی پێشوون لەیەك چەشندا.(125)

ئەم داڕشتنەیە کە پێشنیاز کراوە بۆ چارەکردنی دوالیزمی رووناکبیری کە ئێستا تیایدا دەژین. دەتوانین زۆر نموونەی دی بێنینەوە بۆ هەبوونی ئەم رێژەیە لە رووناکبیری کۆنمان مەبەستم کۆکردنەوەی نێوان(هۆش)و(ویژدان)ە کۆکردنەوەی نێوان رووناکبیری یۆنان‌و رووناکبیری فارسی لەیەك رووناکبیری نوێ بە نموونە(زانستەکانی ئاین) کە رۆنانێکی زانستیە بۆ خزمەتی ئاین دامەزراوە..

رێچکەزانیی(الفقه) بە نموونە، ئێمە رامبەر دەقێکی قورئانین،و کۆمەڵەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر،و دەتەوێت بیرۆزەکانی شەرعیی لێ دەربهێنێت، ئەوەش هەمووی دیار نییە بۆ هەموو کەس- بەڵکو ئەوەی دیارە کەمە، ئەوی دی پێویستی بە هۆش‌وزانست هەیە کە پوختەی لە ئایەتە پیرۆزەکان دەربێنێت کە تیایاندا شاردراوەتەوە لە بڕیاری ئاینی کەواتە کردەوەیەکی هۆشەکیە- پێویستە لەسەرمان جارێکی دی بە ووردی بڕوانینە ئەو (رێچکەزانە)ی کە بەم ئەرکە هەڵدەستێت ئەبینین کەوا مرۆڤێکی ئایندارو زانایە لەیەك کاتدا. مەسەلەکە لێرەدا لەتەك یەك بوون دوو توخم نییە بەڵکو هەردوو توخم تێکەڵ یەکەو

یەکێکیان بۆ خزمەتی ئەوی تریان هاتووە، کەواتە هەردوویان لەیەك ئاوێتەدان، وەك ئەوەی هەردوو چەشن لەیەك چەشندا ببینین.(126)

سێیەم نموونە وەرگرە (زانستی ئاخاوتن) کە بەو ناوە ناسرا لەبەر ئەوەی چالاکیەکی هۆشەکیە ئەکەوێتە سەر شیکردنەوەی (ئاخاوتن)ی خوا کە قورئانی پیرۆزە.خوا (یەکە)، بەلام ئەم خودە چەندان سیفەتی هەیە زانین و خواست و توانست و بەزەیی– ئایا زۆری ئەم سیفەتانە لەیەك خوددا هەندێك لە زۆربوونی پێ نابەخشێت؟

ئێمە باوەڕ بە (یەك) دەکەین بەلام پێویستمان بە کردەوەیەکی هۆشەکی هەیە بۆمان روونکاتەوە کەوا چۆن زۆر سیفەتی ناساز نییە لەگەڵ یەکایەتی رەها..هتد

بەلام بۆ جاری سێیەم بڕوانە ئەوانەی بەم کارە هۆشەکیە هەڵدەستن و هەوڵ بدە بژادی ئەم پیاوە بزانی چیە؟ ئەوا یەکبوونی دوو چەشنە لەیەك چەشن ئەویان ئاین و هۆشە بەیەکەوە. هەمان شت بڵێ لەبارەی فەیلەسووفە موسلمانەکان: ئایا فەیلەسووفی موسلمان کێیە؟ ئەویان پیاوێکە هەوڵ دەدات بەرهەمی هۆشی یۆنانی بە زمانی شەریعەت بخوێنێتەوە، یاخود ئاین بە زمانی هۆش بخوێنێتەوە، ناونیشانی کتێبی ئیب روشد بەسە:( دوا بڕیاری وتار لەبارەی پێوەندی نێوان پەیوەندی نێوان پەندیاری و شەریعەت) پیاوێکی وا بخەرە بەر تیشکی شیکردنەوە ئەبینیت ویستوویەتی هۆش یۆنانی یەك بخات لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی لەیەك ئاوێتەدا.

ئەگەر هاتوو ئەم نموونانەو ئیدیش زۆر– لە پێشەوەی ئەم مێژووەن کەوا ژیاری ئیسلامەتی تیایدا گەشایەوە– ئایا سەختە کە بتوانین سەر لەنوێ(هۆش)و(ویژدان) یەك بخەین؟ ئایا سەختە بۆمان لەرێی هۆشەوە پێبەست بین بەم چەرخەمان کە نژادی زانستە، و پێبەست بین بە رابردوومان لەرێی ویژدانەوە کە بە سروشتی خۆی پێش ناکەوێت؟

(دەقی ئاینی) وەك خۆی دەمێنیچتەوە، کەچی زانستەکانی ئاین پێش دەکەون یان زانستەکانی زمان لەبەر ئەوەی چالاکیەکی هۆشەکیە، هەروەها ووشەی(پێشکەوتن) ئەشێ بێواتا بێت لە تۆردانی و هونەردانیدا، ئەشێ هونەرێك لە هونەرەکانمان ئەو ڕۆ نەتوانێت هاوشانی (ئیمریئول قەیسی) بێت و ئەشێ کەس نەتوانێت لە چیرۆك خوانەکان لەم ڕۆژە نەتوانێت نزیك بێتەوە لە پۆپەی تۆردانی کە (هەزارو یەك شەو) پێی گەیشتووە،تەخێر، پێشکەوتن تەنیا لە زانیاریەکانی زانستیمان روودەدات (یان هۆشەکی) بەلام ئەوەی تایبەتە بە ویژدان، ئەوا پێشکەوتنی تیادا نییە، گومانی تیا نییە کەوا دایکی هاوچەرخمان کە لەسەر تەرمی مردووەکەی دەگرییێت تەواوتر دەگرییێت لە دایکانی دوێنێ، و نە دڵدارێك کە

گۆرانی بۆ خۆشەویستەکەی بڵێ پتر لەو گۆرانیەی کە (قەیسی) بۆ خۆشەویستی(لەیلا)کەی وتووە.(127) وا گومان دەبەم کەوا ئەم بیرە، ئەو گیروگرفتەی کۆمەڵە ئاینیەکان چارە دەکات کەوا بانگمان دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ رابردوو لەبەر ئەوەی کە گەشەدارترین چەرخی ئیسلامەتی بوو– ئەو کارە بە گوێرەی کێشەو ویژدانیەکان دەکرێت کە پێش ناکەون، دڵپاکی، دەروون دروستی،و شیرنی باوەڕ..هەروەها ئەوەی لە رابردوودا هەیە لە هونەرو تۆردوانی– بەڵام زانستەکان‌و زانیاریەکان بە هەموو جۆرەکانی پێویستە زانستەکانی ئەم چەرخە بن لەبەر ئەوەی بواری(هۆش)ن کە تەنیا ئەویشە پێش دەکەوێت.

ئەگەر پرسیار بکەین (ئایا بەڕای من ئەو کەسە کێیە کەوا بە کەسایەتی خۆی ئەم چەشنە بەیەك گەیشتنە بەرجەستە دەکات لە نێوان کەلەپوورمان‌و بەرهەمەکانی ئەم چەرخەمان لە جیهانی بیر؟ یەکەم کەس کە بە یادم دادێتەوە هەرچەند ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم (تەها حوسێن)ە، لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی نووسینی کە خاوەن بەهایەکی گەورەن، لە کەسایەتی ئەودا شتێکی لەوە گرنگتر دەبینم لەبارەی ئەوەی ئێستا لەسەری دەئاخوین، مەبەستم رێبازەکەیەتی لە کۆکردنەوەی کەلەپوورە بۆماوەکەمان‌و گیانی هاوچەرخمان، لەبارەی کەلەپوورمان ئەوا گومانی تیادا نییە کەس کێشە لەسەر ئەوە ناکات کەوا خاوەن ئاگاییەکی فرەوان بوو تیایدا ئاگاییەك کە وردی‌و تێگەیشتنی تێدابوو، بەڵام گیان ئەم چەرخە ئەوا لە بەرنامەکەی دیارەو لە روانینەکەی‌و لە بۆچوونەکەی.(128)

نموونەیەکی دی دێنمەوە کەسێکە هەردوو چاکەکانی کۆکردۆتەوە لە خۆیدا ئەویش (شێخ مستەفا عەبدول رەزاق) ئەویش ئاگای لە کەلەپوور هەیە ئاگاییەك ئەو کەلەپوورە دەخاتە سەر کەناری پەنجەکانی، گەر ئارەزووی نووسینی هەبێت لەبارەیەوە، ئەویش لە هەمان کات ئاگاداری گرنگترین ئەوەی بە بیروهۆش زانایانی رۆژئاوادا هاتووە لە بواری تایبەتی خۆی.(129) راستی دەتوانین هەمان بیردۆز بەکاربێنین بەرامبەر هەموو ناودارانی راپەڕینی رووناکبیری تازەمان لە سەرەتاوە لە رەفاعەی تەهتاویەوە هەتا زەکی نەجیب مەحموود خۆی، هەریەك لەم بیریارە ناودارانە رەسن بوو لە رووی ئاگاداربوونی لە کەلەپوور بەڵام هاوچەرخیش بوو بە ئاگاداربوونی رووناکبوونی ئەم چەرخە لەبەر ئەوە بیری ئاوێتەبوو لە هەردوو یان بەیەکەوە ئێمە نامانەوێت رووناکبیریمان لە رووناکبیری کەسانی دی تێبچێت بە شێوەیەك بیانکەینە نموونەیەك بەدوایاندا برۆین، بەڵکو دەمانەوێت تاکایەتی رووناکبیریمان لەو لایەنانە کۆبێتەوە کەوا گەلان پێیانەوە دیا دەبن،

ئەوەش لە هەمان کات پێوەری پێشکەوتنی ژیاری نییە- ئەویش لایەنی هۆشە- مەبەستم لەوە لایەنەکانی هۆنراوەو هونەرە.(130)

پوختەی وایە کەوا ناچارەکی نییە کە ژیان هەمووی یان بۆ زانستو بەرنامە لێگەرانەکیەکەی بێت یان ژیان هەمووی بکەوێتە ژێر چەندان بنەمای وەرگیراو لە پێشدا- توان بەدەر نییە کەوا لە گۆرەپانێکدا بژین دوو بەش بێت هەریەکەیان بەرنامەی خۆی تایبەتی هەبێت کەسێکە لەگەڵی: بەشێك بۆ زانستەکانو لکەکانی لە سازکاری، کە بەرنامەکەی دامەزراوە لەسەر گەڕان بەدوای هەڵکەوتان پێش داڕشتنی یاسایان،و بەشێکی دیش بۆ ژیانی ویژدانو بەها ئاکاریەکانو جوانیەکانو تیایدا بە ڕێنوێنی چەندانبنەمای پێشینی دەڕوات.(131)

دەتوانین بڵێین مامۆستا زەکی نەجیب مەحموود خۆی نموونەیەکی زیندووی دیاری ئەم ڕێژەیەیە کە پێشنیازی دەکات بۆ چارەکردنی گیروگرفتی روناکبیریمان- ڕێژەی یەکبوونی (هۆش)و(ویژدان)- لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە کەوا ئێستا بپرسین:ئایا ئەو هاوکاریانە کامەن کەوا ئەم بیریارە پێشکەشی کردوون لە هەریەك لەم دوو بوارە.

بەشی یەکەم: بواری شیکردنەوەی هۆشەکی: دەتوانین بڵێین کەوا زەکی نەجیب مەحموود زۆری پێشکەشی بواری هۆش کرد سەرەتا لە هەوڵدانەکانی بۆ دیارکردنی(چەمکی هۆش) خۆی- وەك لە پێشدا هێمامان بۆ کرد- بەدیارکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی، تا هەوڵدانەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی روانینی هۆشەکی وەك لەو پێنج خاڵەی رابردوو دیاری کرد. بەڵام لایەنێکی پڕ بایەخ هەیە ئەویش بەکارهێنانی کارایەتی هۆشەکیە یان چالاکی هۆشەکی بۆ دیارکردنو شیکردنەوەی زۆر چەمکی باوو تیشکی رووناکی خستنە سەریان، ئەوەش ئەرکێکی گرانە لە کۆمەڵگەیەك کەوا راهاتووە کە قسە بەبا کاتو بیری لێڵو بزر بەکاربێنێت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە هەیە، یاخود لەبەر ئەوەی سۆزی ئەورووژێنێت. لەگەڵ ئەوەی واتای ژیانی بیرەکی بە واتایەك لە ووردترین واتاکانی تێکەڵبووەکانە، یاخود واتاکانی وەك یەك هاوشێوە: دەتوانین بڕیار لەسەر پلەی هەر نەتەوەیەك بدەی لە پەیژەی ژیانی بیرەکی بەرادەی ئەوەی ڕۆڵەکانی توانیویانە ئەو واتایانەی کە بەکاری دێنن دیاریان بکەن..(132)

ئەوەش ئەو ڕۆڵەیە کەوا (کارایەتی فەلسەفی) پێی هەڵدەستێت.

لەو وەسفانەی کە هەندێجار بە کارایەتی فەلسەفی دەوترێت، ئەو هەوڵدانەیە بۆ روونکردنەوەی چەمکەکانی قەلا خەڵك دەکەونە نێوان نەزانینی تەواوو زانینی تەواودا،

واتە ئەو چەمكانەن كەوا خەڵك بەكاريان دێنن بەڵام هەندێكى كەمى لەبارە دەزانن، نە بەتەواوى نايزانن،و نە بەتەواوى دەيزانن، ئەوا فەلسەفە هەڵدەستێت بە شيكردنەوەو روونكردنەوە يان بە هيواى گەيشتنە دياركردنى بە ووردى‌و يەكجارەكى، ئەو چەمكانەى لاى خەڵك دەكەونە نێوان بزرى‌و ئاشكرايى وەك شارێكى وايە كە لە دووررا بيبينى وەك بەرزاييەك وايە لە ئاسۆدا درێژبۆتەوە.(133)

هەمان شت بڵێ لەبارەى زۆر لە چەمك‌و بيرەكانى كە لە رەوتى ژيانى بيريمان سەودايان پێدەكەين، بەڵكو لە رەوتى ژيانى كارەكيماندا، كەوا هەست دەكەين ژيان، بيرەكى يان كارەكى بەبێ ئەو ناكرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانينمان لەبارەيەوە لەوەندە دەرناكات كەوا لە ئاسۆى دوور شارێكى گەورە هەيە.

ئالێرەدا كارى فەلسەفە ئەوەيە كەوا نزيكمان دەكاتەوە لە ئەوان چەمكان بۆ ئەوەى بە ووردى‌و بە پاژەكى بيان بينين. سەير لەوەدايە كەوا خەڵك بەهۆى ئەم شيكردنەوەيە تاوانبارت بكەن كەوا شتى سادە ئاڵۆز دەكەو ئالۆز بە سادە نيشان دەدەى، كە فەيلەسووف هات‌و شيكردنەوەى بۆ هێنان كەوا ئەو چەمكانەى كەوا ئاڵوگۆرى پێدەكەن شى‌دەكاتەوەو پاژەكانى دەردەخات ئەوا بەگژى داچوون وەك ئەوەى لەو تێگەيشتنە لێڵە يان خۆشى ببينن وا،و دەترسن شيكردنەوەى فەيلەسووفان ئەو نيعمەتەيان لێ نەهێڵێت.(134)

رێبازەكەى وابوو بەرچاوكەيەكى گەورەكەرەوەى بەدەست دەگرت‌و توخمەكانى ئەو بيردۆزەى بۆ خوێنەردەدۆزيەوە كەوا بەرئاخاوتن بوو، تەنيا ئەوەشە كەوا ياريكارە بۆ لابردنى تارمايى بزرى كە چەمكە تەوەرەييەكانى داپۆشيوە كە روناكبيريمانى لەسەر دەخولێتەوە.(135)

روونكردنەوە واتاى شيكردنەوەى چەمكە ناديارەكان دەكات بۆ دەرهێنانى توخمەكانى كە لێيان پێكهاتووە بۆ ئەوەى تێى‌بگەين، بە تەواوى وەك هەر كردەوەيەكى كيميايى بۆ ئەوەى لە ئاو بگەيت يان هەوا، يان پارچە رەژوويەك،يان ئەوەى بتەوێت، تێگەيشتنێكى زانستيانە پێويستە لەسەرت شيكەيتەوە لە كارگەكان، هەروەها شيكردنەوەى هۆشەكى بۆ برە ناديارەكان پێويستە هۆشەكيانە شى‌كەيتەوە بۆ ئەوەى توخمەكانى بدۆزيتەوەو ئەو كارايانەى پێكيان هێناوە.(136) ئەگەر بمانەوێت چەندان نموونە بۆ ئەم بيردۆزانەى كەوا مامۆستا مەزنەكەمان بەشيكردنەوەيان هەڵسا ئەبينين زۆر زۆرييەك سەرنج راكێشە، لەبەر

ئەوەی ناچارین دابەشی سەر چەند کۆمەڵەیەکی بکەین و پاشان لە هەر کۆمەڵەیەك یەك یان چەند نموونەیەکی کەمی بۆ بهێنینەوە:

یەکەم کۆمەڵە: بیرە رامیاریەکان: (ئەلف)-رووناکبیری شۆڕشگێڕ: لە شێستەکان دەستەواژەی (رووناکبیری شۆڕشگێڕ) دەرکەوت لە نووکی خامەی نووسەران بلاوبۆوە بیریارە مەزنەکەمان لەسەری بوو ئەو پرسیارە لە خۆی بکات،( کەی رووناکبیر دەبێتە رووناکبیر) بە تەنیا،و کە دەبێتە رووناکبیری شۆڕشگێڕ بەیەکەوە؟ وەلأم ئەداتەوە لە دوو روانگە بۆ (ئیسراو میحراجەوە) واتە شەوڕۆیی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان، بەلأم یەکەمیان ئەوا فەرموودەی پێغەمبەرە(د.خ) کەوا ئیبن و عەرەبی هێناویەتیەوە: (هیچ پێغەمبەرێك بەوەی من ئەزموونکراو وئەزموون نەکراوە)(1) هێمای بۆ ئەوە کردوە کە گەڕانەوەیە لە بارودۆخی بینین،(بینینی خوا) بۆ جیهانی خەڵك بۆ ئەوەی بانگی گومڕاهان بگاتە ڕێگەی راست. دووەم روانگەش: ئاخاوتنی دەروێشێکە کە دەڵێت: مەحەمەد پێغەمبەری عەرەبی چوو بۆ ئاسمانانی بەرز، پاشان گەڕاوە بۆ زەوی بە خودای ئەگەر بگەیشتبامە ئەو پێگەیە هیچ نەدەهاتمەوە.) ئا لێرەدا ئێمە لە پێش دوو چەشنە ئاگایی داین: یەکەمیان شەقڵی پێغەمبەرایە نییە،و ئەوی دیش باری دەروێشێکە کە (خوا) ببینێت هیوا دەخوازێت نەیەتەوە ناو خەڵك، ئەگەر هاتوو گەڕاوە ناو خەڵك ئەوا کەم سوودە لەبەر ئەوەی خۆی حەشار ئەدات لە خۆیداو لە خۆشی ئەوەدا دەژی کە بینی.(137)

ئەوەتا ئێمە لە پێش دوو کەس داین: یەکێك حەق دەبینێت و هەر ئەو دیتنەی بەسە،و کەسێك حەق دەبینێت تەنیشتی داناکەوێت هەتا ژیان دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی بینی،

هیچ بەرگری نابینم لەوەی لە بەکارهێناندا ئەم نموونەیە فرەوان بکەین و بیکەینە نموونەی جیاکردنەوەی نێو ئەو رووناکبیرەی خۆشیی لە رووناکبیریەکەی دەبینێت و هیچ لە رەوتی ژیان ناگۆڕێت. لەگەڵ ئەو رووناکبیرەی کەوا تەنیا ئەگەر بەکاری بێنێت وەك ئامرازێکی گۆڕینی ژیان لە دەوروبەری خۆشی لە رووناکبیریەکەی دەبینێت. لەم باری دووهەمە رووناکبیر رووناکبیرەو شۆڕشگێریشە بەیەکەوە.(138) بەلأم ئەوەش پێویستی بە دیارکردنی پتر هەیە: سیفەتی(شۆڕشگێر) کە ئەخرێتە پاڵ رووناکبیر پتر یەکچینە لەگەڵ بواری زانستە مرۆڤەکیەکان لەوەی لە بواری زانستە سروشتیەکان: ناکرێ بەو زانای بیرکاریەی کە خوێندی و خوێندنەکەی خستەکار لە دروستکردنی پردێك پێشی بوترێ رووناکبیری شۆڕشگێر لەبەر ئەوەی خوێندنەکەی خستەکار،نەخێر" جیاوازیەکە تەرخانە بۆ خاوەن رووناکبیری مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی ئەو بوارەیە بەهاکان دەگرێتەوە،

بەهاکانیش کەوا دەکەونە بەر گۆڕان کە دەوترێت شۆڕشێك روویداو رووی ژیانی گۆڕی.(139) بەلاّم ئەم دیارکردنەش هێشتا بەس نییە، لەبەر ئەوەی ئەوەی رووی ژیان ئەگۆڕێت، گۆڕانێکی بەرەو دوواوە بێت نەك بۆ پێشەوەی بەرێت، کەچی شۆڕشگێڕایەتی ئەخرێتە پالّ ئەو رووناکبیرەی کەوا ژیان بەرەو پێشەوە دەبات بەرامبەر (کۆنە پەرستی) بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت ژیان بۆ دواوە بگێڕێتەوە. بەلاّمووردەکاری وا پێویست دەکات کەوا واتای (پێش)و(پاش) دیار بکەین لەبەر ئەوەی واتای دیار نابێت مەگەر بە گوێرەی ئامانجێکی زانراو، بەم شێوەیە دەتوانین( رووناکبیری شۆڕشگێر) بەووردتر دیار بکەین ئەگەر بلێین ئەو کەسەیە کەوا بە چەندان نموونەی نوێی زانیوە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی،و هەولّیدا ژیان بەپێی ئەوە بگۆڕێت، بە مەرجێك ئەم گۆڕانە لەو رووکارەوە بێت کەوا مێژوو پیایدا دەڕوات بە شێوەیەك ئەو رادەیە فرەوان بێت لە مرۆڤان کەوا سوود وەردەگرن لەوەی کە تەرخان بوو بۆ کەمینەیەك لە لایەنەکانی هێزو ئازادیو زانستو هەموو رووەکانی تەواوی.(140) سەیر لەوەدا کەوا سوکرات دەکاتە یەکەم نموونەی (رووناکبیری شۆڕشگێر) لەبەر ئەوەی پشوو نادات و دلّی داناکەوێت، هەتا ئەو کاتەی وا دەکات خەلّك ئەوە وەرگرن کەوا لە بیریدا نەخشە کێشاوە لەبارەی جلّەوی کار هەمووی بکەوێتە دەست بنەماکانی هۆش: نە تاوگیریو نەئارەزووو نەسۆز چاکترن بۆ مرۆڤ لە هۆش.(141) (دووەم نموونەمان بۆ رووناکبیری شۆڕشگێڕ ئەفلاتوونە):وێنەیەکی هۆشەکی لە بیردا کێشرا لەبارەی دەولّەتی نموونەیی چۆن دەبێت بۆ ئەوەی دەولّەتێك بێت لەسەر دادپەروەری دەمەزرابێت) لە گفتوگۆیدا لە (کۆمار)دا بە درێژی لەبارەی وێنەی ئەو کیشوەرەدا پەروەرە دوا.. ئەگەر ئەفلاتوون تەنیا بەو وێنەیە وازی هێنابا ئەوا بە (رۆشنبیرێك) دەژمێردراو بەس کەوا بیرێك ئەبینێت شیدەکاتەوەو پالچ ئەداتەوەو پشوو ئەدات، بەلاّم رووناکبیرێکی شۆڕشگێر بوو لەبەر ئەوەی رێگەی هێنانەدی گرتەبەر بۆ ئەو بیرەی کە بۆی چوو بە تایبەتی بەهۆی شاگردەکەی دیونیسوسی لاو کەوا فەرمانداری کەوتە دەست لە سەراقوسە لە جەزیرەی سقلیە.(142) هەروەها غەزالی لە بیری ئیسلامی چاکترین نموونەیە بۆ بیریاری شۆڕشگێر لە مێژووی بیری ئیسلامی لەبەر ئەوەی بە بیرەکەی ژیانیو ژیانی خەلّکی گۆڕی لە پاشە خۆی بۆ چەند سەدەیەكو لە ژیانی بیری تازەمان( جەمالولدینی ئەفغانی) خولی سوکراتی هەبوو: کێشەیەتیو وتوویژ دەکاو شاگردان پەیدا دەکاتو گیان دەورووژێنێتو دەروونان بە ئاگا دێنێت..

هەروەها شاگردەکەی(مەحەمەد عەبدە) وانەی دەوتەوە بۆ ئەوەی چاکسازی ئەنجام دات و بنیات بنێت و دروست بکات و فێر بکات و پەروەردە بکات، تەنیا (رووناکبیر) نەبوو بەڵکو( رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ بوو) هەمان شت بڵێ لەبارەی قاسم ئەمین و لوتفی سەید، یەکەم دەنووسێت بۆ ئەوەی نیوەی گەل (ئافرەت) بگۆڕێت،و دووەم بۆ ئەوەی ژیانی رامیاری بنجی لەسەر بنەماکانی دیموکراتیەت دامەزرێنێت. بەم شێوەیە دەتگەیەنێتە چەندان ئاسۆی کە رەچاو نەکرابوون لەو شیکردنەوە هۆشەکیەی چەمکێك کە لە ژیانی رووناکبیریمان دەرکەوت. بەڵکو ئەوانەی ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە بیریان بۆ ئەوە نەچووە کەوا ئەم هەموو وەچەیان لێ دەبێتەوە.

(ب) ویستی گۆڕین: زەکی نەجیب مەحموود لە هیچ رۆژان لە ریزی هیژ پارتێکی رامیاری دیارکراودا نەبووە، بەڵام بە دەستەواژەی خۆی (هەڵوەستێکی سوکراتی) هەبووە واتە خاوەن رایەکی سەربەخۆ بێت. مافی دەربڕینی بیروڕاو رەخنەگرتنی هەیە لە زۆر لە بارودۆخی کۆمەڵگەکەی، بەبێ دەسبەرداربوون بە بیرەکانی پارتێکی زانراو یاخود هەڵوەستێکی( ئایدۆلۆژی تایبەتی)، ئەم هەڵوەستە سەربەخۆیە، ئازادی جووڵانەوەی پی بەخشی لە رەخنەگرتن و شیکردنەوەی هەر چەمکێك کە لەسەر شانۆی ژیانی رووناکبیری یان رامیاریمان دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی هیچ شلەژان و توندی تیادا بێت لەبەر ئەوەی ئەبینیت ئامادەیە وەك خامەکە تەیارە نەشتەری شیکردنەوەی لەدەست دایە هەر بیرو چەمکێکی کە دەردەکەون وەردەگرێت و کاری خۆی تیادا دەکات: گرنگ نییە لای وی ئایا ئەو سەرچاوەی کە ئەم بیرەی بڵاوکردەوە– سەرەك کۆمار بێت، یان کۆمەڵانی خەڵك لەسەر شەقام– پاش شەڕی سویس سەرەك جەمال عەبدول ناسر لە یەکێك لە دوانەکانی بانگەوازیدا بۆ (ویستی گۆڕان) کە ئێمە زۆر پێویستیمان پێی هەیە، بیریارە مەزنەکەمان هەڵی دەگرێتەوەو دەیخاتە ژێر بەرچاو کە گەورەکەرەکەی و دەردەکەوێت کەوا ئەم دەستەواژەیە دەبێتە قسە کاوێژ کردنەوە" دوو ووشەی هاو واتان (ویستی گۆڕین) دوو ووشەی دارێژراون لەسەر شێوەی پاڵدراو بەر پاڵ وەك کە دەڵێین خوێندنەوەی کتێب یان (بینینی رۆژ). بەیەکەوە یەکێك لە بنەماکانی کە ئامانجمانە لە لەرۆنانی ژیانی نێمان، ئەو دووانەش لەو چەشنە چەمکانەن کەوا خەڵك لێیانەوە لەسەر پلەیەکی ناوەند دایە لە نێوان(زانین و نەزانین)، کام هەیە ووشەی (ویست)و ووشەی(گۆڕان) بەکار نەهێنیچت لە ئاخاوتنی رۆژانەیدا کە هەندێکی لە بارەی دەزانین ئەم یان ئەوێهیّ..؟(143)

لەو شیکردنەوەیەی لە کۆتایدا دەگاتە ئەوەی کەوا ویست‌وکار لەیەك جیا ناکرێنەوە، هەتا ئەو رادە کە دەبێتە زۆر ووتن ئەگەر لەبارەی مرۆڤێکدا بلێین(ویستی )هەیە بەلأم ئەو کارەی نییە کە بیکات، وەك ئەوەی دەلێت دەخواو بیٚ خۆراك یان دەخواتەوەو بی ٚئاو"
ویست خۆی ئەو کارەیە کەوا ئامانج دێنێتەدیو ئەو تەگەرانە لادەدات کەوا رێی هێنانەدی دەگرن لادەبات بە مەرجێك ئامانجەکە ئامانجی تۆ بێت، دەنا دەبێتە ئامێرێك لە دەست خاوەن ئامانجەکە بە بێگار بۆ خۆی بەکاری دێنێت، تۆ لە کاری بە ویستی خۆت فەرماندەو بەرفەرمانی، تۆ کە کاردەکەی کەوا بە هۆیەوە هەولی دابینکردنی ئامانجەکانت دەدەی تۆ لەو کاتەیدا بە هەموو رەوشت ویستو هێنانەدی بەرجەستە دەکەی.(144)
بەم شێوەیە ئەبینیت کەوا کەوتن (ویست)، لەبەر ئەوەی کە بەبیٚ کار نابێت، کاریشی نابێت بەبیٚ گۆڕین، ئەم گۆڕانە کە ڕوویدا چ کەم چ زۆر یەکسانە، لەبەر ئەوەی تۆ لە بۆشایی کارناکەیت، بەڵکو بۆ ئەوەی شتێك بجوولێنیتەوە بۆ ئەوەی شوێنی بگۆڕیت، بە کورتی هەموو ویستێك کارە،و هەموو کارێك جوولأنو گۆڕینە" کەواتە پێویستە لەبارەی (ویستی گۆڕان) نەدووێین بەڵکو لە بارەی ئەوە بدوێین کەوا دەمانەوێت بیگۆڕین، یان ئەو ئامانجەی کە بۆ دابینکردنی ئەوەی گۆڕا گۆڕاوە، ئەوە پێشنیار دەکات کەوا گۆڕان ئاراستەی کێشو بەهاکان بکرێت کەوا لە ژیانماندا باون، نموونەیەکی بۆ دێنێتەوە لەیەککردنی نێوان تایبەتیو گشتی (ئێمە بەو نەریتە کۆمەلأیەتیەی بۆمان ماوەتەوە پتر رشتین لەسەر (سامانی تایبەتی)،و زۆر کەم تەرخەمین بەرامبەر (سامانی گشتی) وەك چۆن لەبارەی سەخبیری پێویست بەرامبەر منداڵو سەخبیری پێویست بەرامبەر هاونیشتمانی دوور" یان ئاگاداری پاکژی ناوماڵو ئاگاداری رێگەی گشتی، نێوان ئەو ماڵەی هەیتتو ئەو ماڵەی نیتت، لەنێوان سەرینگەی تایبەتی کەوا پزیشك بەکاردێنێت،و نەخۆشخانەی گشتیی کە هەمان پزیشك دەیگێڕێت- بەلأم بەناوی دەوڵەت دەیگێڕێت.(145)
هەمان شت بلیٚ لە بارەی واتاکانی(شکۆ)و(پێشگەگرتن لە کۆمەڵدا)و سەربڵندی بە ملکەچ نەبوون بۆ یاسا..هتد(146)

ج- ئاکاری لادیٚ: (147)

که سەرۆك سادات لەبارەی ئاکاری لادێ دوا بۆ ئەوە چوو بوو کەوا ئاکاری نموونەییە، دەیەوێت کۆمەڵگە بگێڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە(ئاکارە باڵایە)-بیریارە مەزنەکەمان بەرەنگاری شیکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە نامۆیەی ئاکاری لادێ بوو.

لەو بارەیەوە ووتی: ئاکاری لادێ ئەو ئاکارەیە کەوا ژیاری کشتکاری لادێی پەیدای کردووە، بەو رادەی کە بمانەوێت شتێك لەم ژیاریە بپارێزین پەندیاری لەوەدایە کەوا ئاکارەکەی بپارێزین. بەڵام رووکاری گشتی کە لەم چەرخەماندا باوە ئەوەیە کەوا لادێ ببێتە شار نەك شار بکەینە لادێ، نزیکترە بۆ بیر کەوا جووتیار ببێتە کرێکاری کشتکاری بە هەموو ئەو واتایانەی ووشەی کرێکار هەڵی دەگرێت لە مافی لە کیَ‌و دابینکاریَ‌و پێك هێنان جڤانان‌و ئیدیش.

بەهاکانی ژیاری سازکاریی پەیدا بووینە بۆ مانەوەو سەرکەوتن کەس هیچی پیَ لەگەڵ ناکرێت.(148) پاشان مامۆستا مەزنەکەمان لەسەر دەڕوات‌و ئەو (خراپی)یانەی ئاکاری لادێ دەژمێرێت کەوا سەرەك کۆمار ستایشیان دەکات:

1-ڕۆڵەکانی لادێ کە دەست بە ئاکاری لادێیی دەگرن خۆیان بەیەك خێزان یان وەك یەك خێزان دەژمێرن، سەرچاوەی توندییەکەشیان لێرەوەیە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کەوا هەستی یەك خێزانی هەروەها لێرەوەیە سەرچاوەی دواکەوتنی ژیاریشیان، لەبەر ئەوەی هەستی یەك خێزانی بنچینەی سەرچاوەی(لە خۆمان)یەتیە خاوەن فەرمان ئەوەندەی بەسە کەوا بزانێت لە نێوان ئەوو فلانەکەی ئەو پێوەندیە بەتینە هەیە بۆ ئەوەی بیکات بە(لە خۆمانە) ئەو کاتەش ناچار دەبێت ناچاریەکی ئاکارەتی پشتگیری بکات هەتا ئەگەر بەبیَ مافیش بێت، ئەو پشتگیریەش بە زۆری وادێت کەوا نرخەکەی ئەو کەسەی بە (خۆیی) ژمێردرا لاگری خاوەن خۆیەتیەکە بێت.. بەم شێوەیە ئاکامە زیان بەخشەکان دەردەکەون.

2-پێوەندی نێوان تاکەکانی لادێ لەسەر پێویستیەکانی پێوەندی خوێن دامەزراوە- مەبەستم پێوەندیەکانی خزمایەتی- زۆر جاران ئەوەش لەسەر مافی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت کە لە سنووری لادیَ‌و ڕۆڵەکانی فرەوانترە، ژیاری سازکاریی بووە هۆی کۆبوونەوەی هەزاران کرێکار لەیەك کارگە بەڵکو ئاسایی لەیەك گەڕەکیش دابژین، ئەوەش بووەتە هۆی پەیدابوونی پێوەندیانی کۆمەڵایەتی لە جۆرێکی نویَ ئەو پێوەندیانەی کە خۆی لە جڤانان دەنوێنێت، پاش ماوەیەك ئامانجی هاوبەش تەنیا خزمەتکردنی یەك خێزان نابێت، بەڵکو خزمەتکردنی پیشەیەکی سازکاری زانراو،و خزمەتی ئەوانەی پێی

هەڵساون، ئا لێرەدا واتای بەرەیەکی زۆر لە بیژەکانی ئاکاری دەگۆڕێن وەك دادپەروەری و سەربڵندی و هاوکاریی.

3-ئەگەر بێت و بانگەوازکردنی بۆ ئاکاری لادێ رومانسیەتیەك بێت و ئەندێشە ئاو بداتەوە، ئەوا زۆر لایەنی کەموکورتی تێدایە بە نموونە وردی کردن لە کاتی تێدا نییە وەك چاکەسازیی، بەڵکو وردترین ئەوەی دەزانن بووترێت بەیان، و گزنگ، و ئێوارەو، رۆژئاوایە لەبەر ئەوە کوڕی لادێ دڵی تەنگ ئەبێت کە داوای کات راگرتنی لێ دەکەیت بە سەعات و دەقە، ئەگەر هاتوو زانیمان کەوا وردی کردن لەکات لە ئەستوونەکانی بنچینەیی ژیاری سازکاری ئێستاماندایە، بەوەوە دەزانین کەوا ئاکاری لادێ یارمەتی ئەو کەسە نادات کە دەیەوێت هاوبەشی لە ژیاری ئەم چەرخە بکات.(149)

(د) راست رەوی و چەپ رەوی لە بیر:

لەو چەمکانەی لێڵن و بە چەندان هێمای رامیاری بەکارهاتوون(راست وچەپ)ن دوو ووشەن بە فرەوانی بەکاردێن بۆ جیاکردنەوەی نێوان چەندان بیرو هەڵوەست و کەسان: ئەو بیرە لە راستەوەیە و ئەویهی لە چەپەوەیە، هەروەها ئەم هەڵوەستە و ئەویهێ، و ئەم پیاوە و ئەویهێ.

زۆر جاران ئەوەی ئەخرێتە کۆمەڵەی راست بە کۆنەپەرست و نازانستی دەژمێردرێن، لەبەر ئەوەی چەپ تەنیا ئەو پێشکەوتنخوازە و زانستیەیە، ئەو شتەش بێبایەخ نییە کەوا وازی لێ بێنین بڕوات بەبێ دیارکردن..(150)

لە شیکردنەوەی ئەم دوو چەمکە دەگاتە ئاکامێك(وا بزانم ناچارەکیە ئەویش ئەوەیە لە بواری فەلسەفە هیچ جیاوازی لێك دابڕ نییە لە نێوان راست و چەپ،هەروەها باوەڕ ناکەم کەس بە ئەندێشەی دا بێت بڵێت(زانست) راست و چەپی هەیە..(151)

بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە ئاشکرایە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاریی..

سەرەڕای ناو توێژی وێژە نەك شێوەکەی، و ناو توێژی هونەری شێوەکاریی و شێوەکەی بە یەکەوە لای ئەوانەی داوا لە هونەرمەند دەکات کەوا هونەرەکەی نامەیەك لە ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵگرێت.(152)

(ه) تاك مەزن: وا چاکە پێش ئەوەی ئەم بەشە لە بیرەکانی و چەمکەکانی رامیاری کۆتایی پێ بێنم بە خێرایی لە بارەی شیکردنەوەی پەیدابوونی تاك مەزن چۆن پەیدا دەبێت بدوێم؟ کە ئەیروانیە چۆلەکەیەك کەم کەم ئەهات چەند دەنکە دان بخوات لەو دەفرەی کە لەسەر دیواری بەر هەیوانی دەرەوەی خانوو داندرابوو، هەر کە چۆلەکەکە نیشت لە نزیك دانەکە

ئەولاو ئەولای خۆی روانی بەخێرایی بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی کەس کە دڵنیا بوو کەمێك یەك دوو هەنگاو هاتە پێشەوە زۆر بە ئاگایی و تا دانەکە کەوتە بەر دەندووکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك وەستا دووبارە ئەولاو ئەولای هەست لێ راگرت کە هیچی نەدیت بە ترس بێت دەنکێکی لێ هەڵگرت بە خێرایی پاشان کەمێك دامەزرا دووبارە ئەولاو ئەولای خۆی نۆری کە تەنیا هەستی بە کرێو هێمنی کرد کەوتە سەر خواردنی دانەکە تا تێری خواردو فڕی.(153) لێرەدا ئەو دیمەنانە نیشان دەدات کەوا چۆن داگیرکەر بە ترس و ئاگایی دەست پێدەکات کە دڵنیا بوو لەوەی هیچ زیانی پێناگات پڕ دەبێت لە ئازایی، و دەست بە داگیرکردن و زۆرداری دەکات بە هەموو توانای بە دڵنیایی و ئاسایش یاخود بڵێ وەك هێمنی دڵنیا وایە هیچ شتێك رێی لێ ناگرێت تا دەگاتە کۆتایی رێگەکە.

بێدەنگبوونی خاوەن مافی دزراو ئەوەندە نابات دزەکە دەبێتە خاوەن ماف لە دەستدرێژی:( ئەو دەستوورەش دەمەوێت لەبەر دەستی تۆی دانێم ئەوەیە هەر کاتێك مرۆڤێك مافێکی خۆی بەفیڕۆدا ئەوا تاك مەزنێك پەیدا دەبێت و خۆی بە خاوەنی دادەنێت.(154)

کۆمەڵەی دووهەم: چەمکە ئاینیەکان:

1-لارۆیی ئاینی: لە شیکردنەوەی ئەم چەمکە نموونەیەکی ئاشکرامان بۆ روون دەبێتەوە لە پێوەندی شیکردنەوە لای ئەو بە دەرکەوتنی چەمك و بیردۆزان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی لە ژیانی رووناکبیریمان، ئەم کاراتیەی فەلسەفیە بەکار دێنێت بۆ شیکردنەوەی هەموو بیرێك لەسەر رووی ئەم ژیانە دەردەکەوێت هەر چ رەنگێك بێت، لەو کاتەی کە خەڵك لەبارەی (لارۆیی ئاینی) دوان یەکسەر نووسی(لارۆیەك لە ژێر ووردبیندا) هەوڵ ئەدات لەگەڵ خەڵك بپرسێت واتای ئەم دەستەواژەیە چیە وەڵام دانەوە لای وی بەم شێوەیە دەبێت: لە سەرەتادا پێویستە دوولا لەیەك جیا کەینەوە (ئاین)وەك هەیە لە کتێبە ئاسمانیەکاندا هەیە لەلایەك، و (ئایندار)ی ئەم ئاینە لە لایەکی دی، کەوا کتێبەکە یەکە بەڵام ئاینداری زۆرە، شتێکی ریزپەڕینە لە سروشتی شتان کەوا جیاواز بن لە رێبازی تێگەیشتنی یەك دەق کە خوێندوویانەتەوە. هەر ئەوەش روویدا لای موسلمانان، یەکدەگرن لەبارەی کتێبی پیرۆز بەڵام جیاوازن لە تێگەیشتنیان لە هەندێ ئایەتەکانی، لێرەوەیە راڕەوە جیاکان پەیدابوون، کەواتە واتای لارۆیی ئەوەیە مووسڵمانێك رێێك هەڵبژێرێت بۆ تێگەیشتن، یان راڕەوێکی دیارکراو، پاشان دەردەخات کەوا هەر تەنیا ئەو دروستە، و ئەوانیدی هەڵەن، ئەگەر کێشەکە هەر لێرەوە وەستابا ئەوا کارەکە ئاسان بوو بەڵام دەبێتە

(لاڕۆ) ئەگەر بیەوێت کەوا کەسانی دی بەهێز بخاتە سەر هاوبەشکردنی لەو بیروباوەڕەی هەیەتی- ئەم هێزە لەسەر هەر وێنەیەکی هێز بێت.(155)

بیریارە مەزنەکەمان لەو شیکردنەوەی بۆ چەمکی لاڕۆیی دەگاتە ئەو ئاکامە کەوا لاڕۆ چوار تایبەتی هەیە لە بواری ئاین یان لە هەر بوارێکیدی جگە لە ئاین.

یەکەم: شەقلێکی بنچینەیی لاڕۆ ئەوەیە کەوا خەڵکیدی بترسێنێت بۆ ناچارکردنیان بۆ وەرگرتنی ئەوەی ئەوو ئەو کەسانەی لەگەڵ ویدان بانگی بۆ ئەدەن، ئەو شەقڵەش جێی رەخنەیە، هەر لەو تۆقاندنەیە نەژادی لاڕۆیی تێدایە، کێشەکە لەوەدانیە کەوا بۆ خۆی گۆشە نیگایەك هەڵبژێرێتو تیایدا بیرەکانو هەڵوەستەکانی تیادا ببینێت. بە نموونە گۆشە نیگای (خەوارجەکان) (هەڵگەراوەکان) جێی رەخنەی تیادا نەبوو، کەچی نەتەوەی ئیسلامەتی هەمووی لێیان دووركەوتنەوە،بۆ..؟ بنۆسی لاڕۆییان پەنا بردنە بەر توندوتیژی بوو بە تۆقاندنی هەموو ئەوانەی بکەوتانە بەر دەستیان تا دەهاتە سەر گۆشەنیگای وان ئەگەر نەیکردبا بە خراپترین شێوەی کوشتن دەیان کوشتو درندەترین شێوەی لەگەڵ ئەوەی ئەوان یەك trووکە وازیان لە خواپەرستی نەدەهێنا-و بەردەوام بوون لە نوێژ تا ئەو رادەی بەو برینەی نێو چاوانیان دەیان ناسین بەهۆی سوجدە بردن لەسەر بەردی رووتی سەر زەوی.(156)

دووەم: ئەگەر هاتوو تۆقاندن ئامرازێکە بۆ ناچارکردنی نەیارەکان شەقڵی ناوبڕ بوو کەوا لاڕۆ جیا دەکاتەوە لە کەسانی دی، بە هیچ شێوە مرۆڤی بەهێزی دڵنیا لە خۆیو باوەڕەکەی پەنای بۆ نابات. بەڵکو کەسێك کە بێهێزیەکی هەبێت لە هەر شێوەیەك بێت لە شێوەکانی- ئەو پەنای بۆ دەبات-بۆ؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر هەستی بەبێ هێزی کرد لە دەروونیدا ترس دایدەگرێت لەوەی خاوەن هەڵوەستەکانی دی بەسەردا زاڵ بن، وەك هەر ترساوێکی دی ئەبینیت لاڕۆ بە پەلەو بێئارامە پەنا دەباتە بەر نزیکترین ئامراز بۆ لەناوبردنی نەیارەکەی گەر بتوانێت پێش ئەوەی دەرفەت رێك کەوێت لە پێش ئەو نەیارەی.(157)

سێیەم: بەو واتایەی رابرد کەسی لاڕۆ نابێت ئەو کەسە نەبێت کەوا لەسەر هەردوو شانی سەرێکی بەتاڵو بۆش هەبێت مەگەر چەند وڕێنە نەبێت کەوا بە تێگەیشتنو بێتێگەیشتن ئەو سەرەی پێ پڕکردووە. ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: ئەو بیرانەی کەوا لەسەریدا باری کردوون نازانستی بن لەبەر ئەوەی بیردۆزی زانستی دروستن بە لێبڕاوی.

دووەم: ئەگەر هاتوو سەری لاڕۆی پیٚ پڕبوو، کە سەر بە زانست نین بە هیچ پیٚوەندیەك، کەواتە ئەو تایبەتیانەی دژی زانستی هەیە، لەوانەش (جۆشی تاوگیری)و لیٚلّی واتاو شیانی زۆربوونی گۆشە نیگا تیایدا.(158)

چوارەم: دوا شەقلّی لاڕۆیی، لە راستیدا، دۆخیٚکە لە دۆخەکانی پیٚك هاتنی دەروونی، کە دەلّیٚین گۆشە نیگا ئەوا لە بواری بە ئاسان گرتنەوەیە، کەچی لە راستینەی ناخیدا (دۆخیٚکی دەروونیە) وا لە خاوەنەکەی دەکات ئامادە بیٚت بۆ لاڕۆیی و بەس:

ئەوە گرنگ نییە کەوا لە چ بابەتیٚك لاڕۆیە، بەلّکو گرنگ لەو پیٚك هاتنەی ئەوەیە کەوا لاڕۆ بیٚت بۆ لاڕۆیی لە خۆیدا، لیٚرەوەیە کەوا ئەبینین زۆر نموونە هەیە لە لاڕۆیان لە نیٚوان رۆژو شەویٚکدا پاز ئەدەن لە لاڕۆ بوون لە بیریٚك بۆ لاڕۆبوون لە بیریٚکی کە نەسازیەتی، ئەبینیت ئەوڕۆ لاڕۆیە لە روانینیٚکی ئیسلامی زانراو پاشان بەیانی ئەبینیت لاڕۆیە لە روانینیٚکی شیوعیەتی، یان پیٚچەوانەی، لەگەلّ ئەوەی ئیسلامەتی و شیوعیەتی دوو دژن هیچ ناگەنە یەك.(159)

(ب)فەلسەفەی گەواهی: واتای گەواهی چییە (لا ئیلاهە ئیللە اللە)(هیچ پەروەردگار نییە هەر خوا نەبیٚت) کەوا بنجیٚکی چەسپاوە لە ژیانی ئاینیمانو رووناکبیریمان؟

لە داری هۆشیاری بە ژنو رەگیەتی و پاشان لکەکان شین دەبنو فراژوو دەبیٚتو پەلك دەردەکەن ئەو گەواهیە هیٚمایە- لە نیٚوان ئەو بەر هیٚمایانە- بۆ سیٚ ستوون بە تەنیا بەسە بۆ رۆنانی پەیکەریٚکی رووناکبیری تەواو ئەگەر هاتوو گۆشتی بکەینەبەر دەبیٚتە ژیانیٚکی بیرەکی سروشتیٚکی دەبیٚت جیای دەکاتەوە لە زۆر لەوانی دی، هیٚما بۆ خودی خوایی زانراو دەکات، و خۆیەکی مرۆڤی بینەر دەکات، و کۆمەلّەیەك لە کەسان کەوا گەواهیەکە بە ئامادەبوونیان تەواو دەبیٚت:

1-یەکەم ستوون کە شادە هیٚمای بۆ دەکات، بوونی خۆی خواییە، کەوا گەواهی ئەدەیت هیچ خوای دی نییە، پاشان ئەبینین ئەم خۆیە چەندان سیفەتی هەیە یەکدەگرن لە یەك سازشت، ئەوانەن ناویان دەبەین بە ناوە چاکەکانی خوا (اسماء الله الحسنی)،ئەم کۆمەلّە سیفەتانە بۆ خوان بە شیٚوەیەکی رەها،هەروەها بۆ مرۆڤن بەلاّم بە پیٚوەندی، واتە موسلمان پیٚویستە کار بکات بۆ ئەوەی لە ژیانیدا زاناو تاكو توانا و زالّو سەر بلّندو بە زەبر هتد بیٚت دەنا گەواهیەکەی بە بیٚژەیەو بیٚواتا.

2-بەلاّم ستوونی دووەم کەوا شادەتیایەتی ئەویش بوونی خۆی مرۆڤایەتیە کەوا گەواهی دەرە پێویستە بە رامانەوە بوەستین لای(خۆی مرۆڤایەتی) بۆ ئەوەی ببیستین ئایا چۆن بوونی دێتە جیٚوچۆن؟ هەر چۆنی بێت لایەنی لەیەکچوون و گونجانی نێوان تاکەکانی مرۆڤ ئەوا تاکی مرۆڤان نابێتە(خۆرایەك، مەگەر هەندیٚ شتی بۆ بمێنێتەوە کەوا جیا بێت پێوە لە هەموو ئەوانی دی، ئەوانەش بۆماوێکن زۆر گرنگ و بە مەترسیە لەبەر ئەوەی ئەوەیە چیەتی دیاردەکات، ئەویشە بەرپرسیارە بەرامبەر خوا و خەڵك ئەم لایەنە تاکەشە لە بوونی مرۆڤ کەوا گەواهی ئەدات کەوا هیچ پەروەردگار نییە هەر خوا نەبێت).(160)

ج-نیهادی ئاینی: ئەو ئامانجەی کەوا پێویستە نیشانەی پەروەردەی ئاینی بێت ئەوەیە پەیداکردنی ئەو چەشنە ویژدانە ئاینیە بێت کەوا ببێتە ریٚ نیشاندەرەی خاوەنەکەی هەرچەند هەڵوەستەك لە رێگە نویٚ دەرکەوت- بۆ هەڵبژاردنی ئەو رەوشتەی کە یاریدەی ئەدات بۆ تەواو بوونی کەسایەتیەکەی کەوا نیشانەی(یەکایەتی ئەو کەسایەتیە بێت) لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کەوا ئیسلام بوونی موسلمان دابین دەکات لە پێگەی یەکەم، لە کەسایەتی خۆی نامەی ئیسلامەتی بەرجەستە بکات-و(یەکایەتی لەم نامەیەدا مەبەستمان لە وشەی (نیهاد) چیەیە؟ مەبەستمان لیٚی ئەوانەیە کەوا پوختەمان کردووە بۆ خۆمان لەوەی ئاگاییمان لیٚ قەیدا کردووەو تیایدا ژیاوین:

یان لە شارەزایی یەکسەرمان یان لەوەی باوکمان و مامۆستاکانمان فێریان کردووین و(خستومانەتە نیهادەوە) لەناو دەروونمان بۆ ئەوەی هەڵی گرین لەگەڵ خۆمان بۆ هەر لایەك بچین، وەك کەسێك بین کەوا لەگەلچ خۆی رێنوێنێکی نیشاندەری هەڵگرتبێت بۆ رێگەی راست ئەگەر هاتوو رێی لیٚ ون بوو.(161)

ئایا ئەو بنەمایە چیە کەوا موسلمان وەری دەگرێت لە یەکایەتی خوا و دەیخاتە سینەیەوە بۆ ئەوەی سەرچاوەی بێت لە رەوتی ژیانی؟ ئایا چۆن باوەڕی (یەکایەتی) بە پەروەردە بکەینە (نیهاد) موسڵمان بەو هۆیەوە ببێتە موسلمان لەوەی کە وازی لیٚ دێنێت و لەوەی کە هەڵی دەبژێرێت؟

ئەو بنەمایە ئەوەیە ئەو کارانە هەڵبژێرێت کەوا لەگەڵ ئەوانی دی رێك بێت بە رۆنانی کەسایەتیەکی یەکگرتوو، یەکایەتی ئیسلامی لە ناخەوە رێکهێنانی ژیانی ئاکاری مرۆڤە، بە واتای رێکخستنی کۆمەڵە بەهایەکی گیانی لە ریزکردنێکی زانراو ئەوە دەربخات کامیان لە پێشترە لەوی دیان ئەگەر نەیار بوون لەیەك هەڵوەستی زانراو،کەواتە باوەڕی موسڵمان گەر لە سینەی چەسپا لە شێوەی نیهادێك رێگای راستی بۆ نیشاندا، ئەوا ئەو شتەت دابین

کرد کەوا پێوەرە ئاکاریەکانی زۆر نابن، پێوەرێك لە پێش خەڵكو پێوەرێکی سێیەم ڕادەگرێت کە تەنیا لەگەڵ خۆی دابێت: ئێمە ئەگەر توانیمان ئەو (نیهادە ئاینیە) لای ڕۆڵەکانمان پەروەردە بکەین ئەوا دەبێتە زرێیەك دەیان پارێزێت لەوەی بچووکەکەیان ژێر دەستی گەورەیان بێتو هەژاریان ژێر دەستی دەوڵەمەندیان بێتو یان بەرفەرمانیان ژێر دەستی فەرمانداران بێت.(162)

چەندان چەمکی لەیەك جیاواز: چەندان چەمکی ئاینی هەیە کەوا بیریارەکەمان شیکردۆتەوەو توێگەری کردووە، لەو چەمکانەش بە نموونە جیاکردنەوەی نێوان(بیری ئیسلامی) لە لایەك،و بیری (موسڵمانان) لە لایەکی دی، بۆ ئەوەی بیر ئیسلامی بێت پێویستە لە بارەی ئەو کێشەیانەوە بێت کە سەر بە باوەڕی ئیسلامندینو سەر بە ڕێچکەکەیەتی. لەو باوەڕانەش وەك باوەڕ بوون بە بوونی (خودا)و ماکەکانی وەك یەکایەتی،و دادپەروەریو توانستو زانین..هتد هەروەها چەندان چەمکی دی وەك پێشەوایەتی،و چەمکی ئافەریناندنی قورئان..هتد ئەوە بیری ئیسلامییە کە لە بارەی بابەتەکانی سەر بە باوەڕ دەدوێت. بەڵام موسڵمانان چەندان زانای خاوەن بیری مرۆڤایەتی گشتی تیادا هەڵکەوتووە ئەو زانایانە خۆیان نە بەستۆتەوە بە هیچ سیفەتێك– تەنیاو تایبەت بێت بە ئاینێك دوور لە ئاینەکانی دی– لێرەدا سەیری بیری ئەو موسلچمانانە دەکەین کە لە بارەی ئەو زانیاریانە دواون کە تایبەت نییە بە باوەڕو شەریعەت، تەنیا ئەوەندەی لە ئیسلام تیادایە کە خاوەنەکەی موسڵمانە، وەك بیرکاری،و ئەستێرەزانی،و زاناکانی کیمیاو بینابیزانی،و پزیشكو ئەندازیاران، بەڵکو دەتوانین هەندێکی دیش بخەینە سەر وەك نووسەرانی وەك نووسەرانی گەشتو گەڕانو ڕەخنەی تۆروانیو زانستی ئاژەڵو رووەك..هتد هەموو ئەوانە چەند چەشنێکە لە زانینو زانیاری کە موسڵمانان پێی هەڵساون هەتاوەکو بووەتە شێوەیەکی پڕ بەها لەوەی ناوی دەبەین بە کەلەپووری عەرەبی بەڵام ناکەوێتە بەر ئەوەی ناوی دەنێین بیری ئیسلامی..(163)

لەو چەمکانەی کە لەسەری نووسین لە چەمکە ئاینیەکان(ئاین)(ئایندار ی) (زانستەکانی ئاین)بوون کە زۆربەی خەڵك واتاکانیان تێکەڵ دەکردن هەتا دەگاتە پسپۆڕەکانیش.

(ئاین لەسەر دەقە دیارکراوەکانەوە دامەزراوە. پاشان دوولایەکەی دی دێت: ئەوانەی باوەڕیان بەم ئاینە هەیەو بەو سیفەتەشیان دەوترێت (ئایندار ی)و پاشان زانستەکانی ئاین دێن کەوا لەسەر بنچینەی ئەم دەقانەوە دادەمەزرێن، وەك بینیمان. زانستی ئاین نە (ئاین)ەو نە (ئایندار ی) بەڵکو کردەوەیەکی هۆشەکیە لەسەر بنەڕەتی ئاین دامەزراوە،

ئیسلامەتی وەك(ئاین)ێك مایەوە بۆ باوەڕ پێكەرانی و لەسەر (ئایندارێ) ڕێنوێنیەكانی و بنەماكانی دەڕۆیشت پێش ئەوەی ڕێچكەزانان دەركەون تا لەسەر بنچینەی بیركردنەوەی زانستی لەسەر دامەزرێن. كە ئایەتی (الیوم اكلمت لكم دینكم) واتە (ئەمڕۆ ئاینەكەتانم بۆ تەواو كردن) هاتە خوارەوە (ئاینی ئیسلام تەواو بوو خەڵك پۆل پۆل هاتبوونە ریزیو هەتا ئەو كاتەش هێشتا یەك دێڕ لە هیچ زانستێك نەنووسرابوو لە زانستەكانی ئاین، ئەوەش بەلگەیەكی یەكجارەكیە كەوا ئاین خۆی شتێكەو ئاینداران شتێكی دووەمو، ئەو زانستانەی كە لەسەری دادەمەزرێت شتێكی سێیەمە.) دەتوانین وتاری(شەیتانی لاڵ) بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بزانیت چۆن ئەم بیریارە مەزنەمان بەرەنگاری چەمكە ئاینیە هەڵەكان دەبوو بە شیكردنەوەو پووچ كردنەوەیان هەر لە كاتی دەركەوتنیان لە رۆژنامەكاندا- یەكێك لە پێشەوایانی ئاینی- لە رۆژنامەی ئەهرام نووسی (پیاوانی شەریعەت توانایان هەیە لە بارەی هەموو شتێك بدوێن) دەست بەجێ بیریارەكەمان ئەم هەمەكی گرتنەیان رەت دەكاتەوە(ئەگەر ئەم كارە وا بێت كە ئاخێوەر بۆی چووە پێویستە لە بەیانیەوە هەموو زانكۆكانو بنكەكانی تۆژینەوەو ئیدیش لەوانەی كە دەیانەوێت شتێك لە راستی بە خەڵك بگەیەنن دابخرێنو تەنیا كۆلیژی شەریعەت كراوە بێت لەبەر ئەوەی (هەموو شت)ێكمان فێر دەكات..(165)

كۆمەڵەی سێیەم: چەمكەكانی نەتەوەییو بیری نیشتیمانی.

من لەو باوەڕەدام كەوا بیریارە مەزنەكەمان زۆر بە پەرۆشەوە بوو (عەرەب بوون) بكاتە چەمكێكی رووناكبیری، نەك بیردۆزێكی رامیاری، لەم بارەیەوە دەنووسێت (عەرەب بە بوونی مرۆڤی عەرەب بڕیارێكی رامیاری نییە كەوا كۆنگرەكانی پۆپە یاخود كۆنگرەكانی لاپاڵەكان یان دۆڵەكان دەری بكات.. بەڵكو ئاوێتەیەكی رامیاریە لە ژیانی رۆژانەیدا تیایدا دەژیو هەتا عەرەب خۆی ئەگەر ویستی لێی جیا بێتەوە ناتوانێت یان بیكاتەوە بەر بەویستی خۆی.. نەخێر عەرەبایەتی عەرەب پۆشاكێك نییە لەبەر كاتو یان دایكەنێت بە ویستی خۆی، بەڵكو چەندان تایبەتیە ئەشێ ئەوەندەی رەنگی پێستو رەنگی چاو لێی نزیك بێت..(166)

ئایا ئەم تایبەتیانە چین: یەكەم: یەكەم تایبەتی عارەبایەتی زمانیەتی بەڵام ئەم لایەنە ئەوەندە بەس نییە كەوا زمانی نووسینوئاخاوتن بە عەرەبی بێت، كەسێكی ئەوروپی كە زمانی عەرەبی خوێند بێت ئەشێ قسەی پێ بكاتو پێی بنووسێت بەڵام نایخەینە عارەبایەتی وەك ڕۆڵەیەك لە ڕۆڵەكانی.. گرنگ لێرەدا ئەو ترووكە هۆشەكیانەیە یان ئەو

پێزانینە قووڵەیە کە لە گیانی عەرەبی دایە، بۆ ئەوەی دەبات کەوا ئەو سیفەتانە وەرگرێت کەوا لە زمانی عەرەبی‌دا خۆی دەنوێنێت.
بە نموونە لە تایبەتیەکانی زمانی عەرەبی ئەوەیە کەوا ئەتوو ئەگەر بنجی سێیانەت زانی ئەوا دەزانیت چۆن داری دارشتنەکانی لێ بتەقینیتەوە هەرچەند لکەکانی زۆر بن، ئەگەر وشەی (کتب–نووسی)یە زانی ئەوا چەندان وشەی دی لێ دەتەقێتەوە وەك (کاتب–نووسەر)،و(کتاب– پەرتووك)و(کتابە– نووسین)،و(مکتوب– نووسراو)..هتد) وەك ئەوەی ئێل بێت یاخود هۆزێك بن بە ژمارەی تاکەکانیەوە بەلاَم ئەم تاکانە سەر بەیەك سەرن.
دووەم: تایبەتی دووەم مەیلی عارەبە بۆ خێرا پازدان لە تاکە پاژەکیەکانەوە بۆ رەهاکردنی و هەمەکی کردنی بۆ جۆرەکانو رەگەزەکان، لای گرنگ نییە ئەو ئەو باڵندە زانراوە لای وی‌گرنگ نییە بەڵکو ئەوەندە بەسە کە باڵندە بە جۆرەکەی بناسێ.. عارەب لە پێکهاتنی هۆشەکی‌یەکەیدا بایەخی زۆر بە تاکەکان نادات یان تاك تاکی بابەتان، بەڵکو بایەخ بە (پوختە)ی گشتیە رەهاکەی ئەدات کە بتوانێت لەگەڵ خۆی هەڵی گرێت لەو کاتەی کە لە گەشتدایە لە بیابان لەسەر پشتی وشتر! مەیلی شاعیری عەرەبی گەیشتە رادەیەك لە رەها کردن ئەگەر بە ئافرەتێکدا هەڵبڵێیت ئەوا مەیدبەستی ئافرەتێکی دیار کراو نییە، بەڵکو لاواندنەوەکەی هەموو (جۆر)ی ئافرەت دەگرێتەوە، یان ئەگەر وەسفی ئەسپێك بکات یان وشترێك یان هەر شتێکی دی.(167)
سێیەم: سێیەم تایبەتی باوەڕهاتنی عەرەبە بەوە کەوا ژیاری دروست لەسەر تەوەرەی ئاکار دەگێڕدرێت لەو کەسەی کە ژیاری سازداندویەتی ئەوە گرنگ نییە کەوا بەهێز بێت بە چەکەکەی یان توانا بێت بە سامانەکەی، بەڵکو گرنگ ئەوە کەوا ئاڵوگۆڕ لە نێوان مرۆڤو خودای،و مرۆڤو مرۆڤی دی لەسەر چەندان چەشنە دەستووران بڕوات کەوا ئاسمان بۆ خەڵکی زەوی کێشاوە. ئا لێرەوەیە نژادی عارەبایەتی ئەو باوەڕ بوونە بەو شتە کەوا پەروەردگار دەیەوێتو فەرمان ئەدات‌و بەندە گوێڕایەڵەو ملکەچی فەرمانە بەبێ پرسیار:
چوارەم: عەرەب هەڵکەوت‌و نموونە بەرامبەر ناکات بەڵکو، هە(ڵکەوت)و(هەڵکەوت) ووشەی نموونە لە زمانی عەرەبی واتای نواندن، هەبوونی بوونەوەرێك دەبەخشێت کە ئەبینین‌و دەستی لێ ئەدەین، بەلاَم ووشەی(هەڵکەوت) واتای کەوتن دەبەخشێت کە دابەزین‌و بەرزبوونەوەیە لەم بۆچوونەوەیە کەوا عەرەب ئەروانێتە جیهانی بوونەوەرە کارەکیەکانەوەو هەندێکیان لەگەڵ ئەوانی‌دی بەرامبەر دەکاتو هەموویان(هەڵکەوت) یەکسانە چ نزمتر یان بەرزتربن! بەلاَم پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کەوا ئەم تایبەتیانە ئەوە نەریٚ دەکات کە

هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەوەی بیانەوێت بیگۆڕین لەوانە. ویستمان هەر ئەوەندە بڵێن کەوا: عارەبایەتی عەرەب هەبوونی رووناکبیری هەڵاواردراویتی– بە بڕیار نابەخشرێت وەك ئەندێشەبازان بۆی دەچن)(168)

ب–کەسایەتی میسری:هیچ نەسازی نییە لە نێوان عارەبایەتی کەسی عارەب لەلایەكو هەڵاواردەکانی ناوچەیی لە لایەکی دی، میسری میسرو عەرەبە بەیەکەوە هەروەها چۆن سوودانی سوودانیو عەرەبە بەیەکەوە،و عیراقی عیراقیو عەرەبە بەیەکەوە.. لەسەر ئەم زەمینە کەسێك نییە تاك هۆگریی بێت، ئەو شتە وەك ئەو بازنانە وایە کە پلە پلە فرەوان دەبن.(169) ئەگەر ئەوە دروست بێت ئایا گرنگترین تایبەتیەکانی کە خۆی میسری هەڵداوێریێ چینە..؟! گرنگترینیان قووڵی هەستی ئاینیە، دوا بەدوای ئەو فرەوانی ئەو سنوورەی کە ئاڵوگۆڕ لەگەڵ (ونیەتی) دا دەکات، هەندێ جار بە باوەڕی رێنیشاندەر،و هەندێجار بە تەلیسمو ورێنان.(170)

پاشان ئەو تایبەتیەی دێن کە هۆگری خێزانیەتی هۆگریەکە لە سنووری(خێزانی ناوك ناوەستێت وەك زۆر لە نووسەرانی رۆژئاوا وەسفی دەکەن بە واتای دایكوباوكوبراکان، بەڵکو میسری سنووری خێزان کە زۆر هۆگریەتی فرەوان دەکات تاوەکو کوڕە مامەکانو کوڕە خاڵەکانی بگرنەوەو ئەوانەی بە وانەوە پێوەندارن.(171)

هەروەها میسری هەڵداوێردرێن بە خۆشویستی زەوی نەك هەر لەو لایەنەوە کە زەویەکەیەتی دەیچێنێت، بەڵکو للەو لایەنەوە کە زەویەکە پێوەندی پێوە هەیە لە رووی دایك بوونیەوەو تیایدا فراژووبوونو خزمەکانی تیا بوون..

لای میسر لە قووڵی باوەڕی ئاینیو لە بەهێز هۆگر بوونی بۆ زەویەکەیو رەسەنەکەی، خۆشەویستیەك لکی دەرکردووە وەك خۆشەویستی سۆفیگەری بۆ کاری کە ئەنجامی ئەدات، چ کشتوکاڵی بێت یان سازکاریی،و مەبەستم لێرەدا بە خۆشەویستی سۆفیگەری خۆشەویستیەك بۆ شتەکە خۆیو یۆ خۆی نەك بۆ ئەو کرێیەی کە لە سەری دا دەمەزرێت.(172) پاشان بیریارەکەمان پوختەکەی کە کلیلی کەسایەتی میسری لەو دەستەواژەیە دەردەخات:( میسری سازکارو پەرستیارە) کار لەگەڵ بوونەوەرەکانی،و کار لەگەڵ ونبینایەتیدا بە دڵو ئیمان دەکات، هەڵکەوت خوازە لەباری یەکەمو سۆفیگەری خوازە لەباری دووەم مایەخوازە لەلایەكو گیان خوازە لەلایەکی دی وەك ئەوەی بیریارەکەمان دەیەوێت بڵێت کەوا کەسایەتی میسری نموونەیەکی نوێیە بۆ ئەم رێژەیەی

که پێشنیاری کرد بۆ چاپکردنی گیروگرفته رووناکبیریەکانی هاوچەرخمان، مەبەستم ڕێژەی کۆکردنەوەی نێوان (هۆش و ویژدان) و ئەوەی یاریدەی‌دا بۆ ئەم کۆکردنەوەی هەردوو لایەن لەیەك کەسایەتی تەواوکار ئەو نموونەیەکی بێ‌هاوتایە لەیەك ڕێژەی ژیاری تایبەتیەکانی زەوی چاندن و ژیانی بەداوەتی بیابان و کۆمەڵگەی شار کۆدەکاتەوە.(173)

بەڵام ئایا ئەو میسریەی کە هەم سازکارەو هەم پەرستکار) لەیەك کاتدا لە کوێ ببینین؟!

مامۆستا وەڵام ئەداتەوە دەڵێت (دەتوانی لەو شتانەی بەدەستی خۆی دروستی کردوون ببینیت، دەتوانی لە کێلێکدا کە لە بەردی سەخت بە دەسکەنەی بلیمەتێکی توانا داتاشراوە، ببینیت، کە سەری بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان، وەك ئەوەی وشەیەك نزابێت لە نوێژدا! دەتوانیت بیبینیت لە ئەخناتوون کە گەواهی ئەدات کە خوایەکە لە پشت ئەم هەموو دیاردانەی سەر زەوی و لە ئاسماندا! لە رەبەنی دێریٚا دەیبینیت کە دەچینێت و خواپەرسیی دەکات لە یەك کاتدا دەیبینیت لە مزگەوتەکان و منارەکانیان، ئەوانەی کە لەبەر پڕشکۆیی بنیاتنانیان نازانی ئایا نوێژە لەو بنیاتە بەرجەستە بووە یاخود ئەم بنیاتەیە تواوەتەوە لە نوێژ.(174)

ا- لاگری نیشتمان: مامۆستا کە لە تەلەفزیۆندا بینی کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم هاوار دەکەن ئامادەن بۆ خۆ بەخت کردن بە خوێن‌وگیان بەهۆی(لاگری) ئەو کەسە یان ئەوێهیٚ، هەستی کرد لەم وێنەیەدا شتێك هەیە دەبێتە هۆی بێ‌ئارامی و پێویستی بە راستکردنەوە هەیە.(175) لەسەر زمانی سوکراتدا نووسی(لاگری بۆ تاکە کەسێك نابێت، ئایا لەو کاتە چ دەبێت کە ئەو کەسە نەمینێت کە لاگری ئەویت بە ئاشکرایی؟

ئایا لاگری کەسی دی ناکەیت بێ لاگری دەمینێتەوە؟ لاگری دروست برادەرەکانم بۆ کەسێك نابێت ئەوەندەی بۆ لێشەیەك یان بیرێك یان باوەڕێکی ئاینی دەبێت یان ئیدی کە مرۆڤ بۆی دەژی و باوەڕی وا دەبێت کە بێ ئەو ژیانی بەتاڵە..(176)

پاشان واتای لاگریی شی‌دەکاتەوە تا دەبینێت کەوا لە راستیدا بنچینەی هەموو ئاکارێکە.. نهێنی لاگریی لەوەدایە کەوا تاکە کەس لە قووڵایی دەروونیەوە وا هەست دەکات کەوا ناتوانێت بە تەنیا لەم گەردوونە فرەوانەدا بژی و دەیەوێت(ئیدی) بدۆزێتەوە و لەگەڵی یەك بگرێت بۆ ئەوەی هەبوونی خۆی فرەوان بکات، ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی (دی) دۆزیەوە ئەوا دەستی پێ‌دەگرێت و بۆی دڵسۆز دەبێت و لێرەوەیە کەوا لاگریی پێویستیەکی ژیوەریە بۆ هەر شتێك کەوا بوونمان پڕ واتا دەکات و کەژووی فرەوانتر دەکات.(177)

لاگری بۆ خودا دەبێت لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕۆژی ئایینە، لاگری بۆ نیشتیمان دەبێت لەبەر ئوەی ئەو گرنگترین سیلەی هەوەتی لەم جیهانەدا نامینێت، لاگری بۆ هەر کۆمەڵەیەك دەبێت کە بیرێك بنوێنێت بەردەوامی هەبێت، و دەچمە ریزییانەوەو کار دەکەم لەتەك کەسانی دی بۆ هێنانەدی ئەم بیرە..(178)

بەم شێوەیە خۆیایەتی تاکە کەس یەك دەگرێت لەگەڵ خۆیایەتی فرەوانتر لە خۆیو سەرو بەرگرتر بۆ ئەوەی ئەم تاکە کە بەو یەککگرتنە ببێتە بەشێك لە خێزانیچك یان کۆمەڵێك یان نەتەوەیەك یان لە مرۆڤایەتی هەمووی..هتد بەلأم ئایا چی بکەین ئەگەر هاتوو لاگریەك دژی لاگریەکی دی بوو، وەك ئەوەی لە هەڵوێستێکدا لاگری تاکە کەسێك بۆ خێزانەکەی دژ بێت لەگەلڵ لاگری بۆ نەتەوەکەی؟! وەلأم: ئەم ڕێگەیە هەڵبژێرینکەوا کەسایەتی تاکە کەس بە پلەیەکی بەرزتر تەواوتر دەکات، ئایا مرۆڤ بەوە تەواوتر دەبێت کە سەر بە خێزانێکی بەهێزو نەتەوەیەکی بێهێز بێت؟! وەلأم لەم بارەدا وەك ئەوەی ئاماچە بۆ خۆی بکات وایە کەوا لایەنی دووەم چاکترەو بالأترەو تەواوترە لێرەوە بۆت هەیە لە خۆت بپرسی: ئایا لاگریو خوێنو گیانبەخت کردنمان بۆ تاکە کەسێك بێت میسری یان بۆ میسر بێت؟(179)

کۆمەڵەی چوارەم:

ا-باری ئافرەت: نامانەوێت بە درێژی لەبارەی چەمکە کۆمەلأیەتیەکان بدوێین بەڵکو ئەوەندە بەسە کەوا بڵێین مامۆستا هەر چەمکێك لە ژیانی کۆمەلأیەتیمان دەرکەوتبا لە بیردۆزانو بەهایان دەستبەجێ هەڵدەستا بە نەشتەرگەری کردنی بە هەمان کردەوەی هۆشەکی کەوا لە پێشدا لە کۆمەڵە نموونەیەك باسمان کرد.

لە نووسینێکیدا کە ناوینا (هەڵگەڕانەوە لە جیهانی ئافرەتدا) وێنەیەکی پڕ بەهای بۆ کێشا، بۆ ئەوە چووبوو کەوا (دزێوترین لایەنی هەڵگەڕانەوە لە ژیانی ئافرەت ئەمڕۆ لەوەدانیە کەوا دەیەوێت بخوێنێت تا دوا رادەو یەکێك ڕێی لێ دەگرێت، یان دەیەوێت کار بەو زانینەی بکاتو کەسێك ڕێی نادات..،بەلأم لایەنی ناشیرین لەم هەڵگەڕانەوەیەدا ئەوەیە کەوا ئافرەت ئەمڕۆ بەخواستی خۆیو هەلچبژاردنی خۆی دەیەوێت خۆی بکاتە بەندەو بکەوێتە پشت دیوارانەوەو خۆی بشارێتەوە لە پشت پەردەو ئارایشتەوە، وەك ئەوەی نێچیرێکی ئاسان بێتو بترسێت لەوەی بازرای بڕوێن، بەلأم خۆی تواناکان بەهێزی گیان،و بەهەستکردن بە سەربڵندی، و بە بوونی بە مرۆڤێکی ئاگاداری ڕووناکبیر، ئەوا ئەو کاتە نزیکە نەمینێت لەگەڵ پێشەواکانی نەوەی رابردوو ڕۆیشت، ئای چەند جیاوازیەکی

گەورەیە لە ژیانی ئافرەتی میسری لە نێوان ئەمشەوو دوێنێی، لە دوێنێی رووپۆشی خستە ئاوی دەریا لە کەناری ئەسکەندەریە.(180)

وەك بانگەوازێك بۆ هاتنە ناو چەرخی رووناکی، بەلاّم لەم شەوەیدا، بەدەستی خۆی داوا لە شەیتانەکانی تاریکی دەکات کەوا چەندان پەردەی بۆ بچنن کەوا رووناکی رۆژی لیٚ بگرێت..(181)

ب-رای گشتی: ئەشیٚ جوانترین شیکردنەوە کەوا پێی هەڵستابیچت لە بواری کۆمەلاّیەتی شیکردنەوەی بیردۆزی(رای گشتی) بێت کەوا بە (خواوەندی درۆی نویٚ)ی دانابوو و لەبارەیەوە دەلیێت(دوو ڕوو)ەو ئەویان بە روویەك بیٚ خەوشە ئەگەر هاتوو دڕکی خوداوەندی لیٚ بکرێتەوە، بەلاّم بە رووەکەی دی کەوا بەو دڕکە ترسناکە خۆی تەیار دەکات دەبێتە سەرەڕۆیەکی تاکایەتی تاکە کەسان لەناو دەباتپیٚشێل دەکاتو دەیان کاتە تارمایی و سێبەر: (ئەشیٚ زانایەکی بەرێز لە زاناکانمان ببینین کەوا توانایە لە بواری زانستەکەی، بەلاّم هەر کە لە ئەرکەکەی بۆوە بەرامبەر تایبەتکاریە زانستیەکەی خێرا هەنگاو ئەنێت بۆ چوونە ریز رای گشتی لەوەی کە تیایدا نقووم بووە لە ئەفسوونان تا رادەی وڕێنان)(182)

بیریارەکەمان رای گشتی بە (گشتیی) دانان رەت دەکاتەوەو دەڵێت (هەبوونی یەك تاکە کەس کە دەنگی جیاواز بێت لەو دەنگەی کە گشتیە ئەوا ئەو گشتیی بوونەی رای گشتی ناهێڵێت، هەتا ئەو رادەی کە ئەگەر رای گشتی مافی ئەوەی هەبێت کەوا بەهێزی زۆری ژمارە تەوژم بخاتە سەر بڕیاردان، و لە کشانەوەی خوێنەرانی کە نوێنەرایەتیان دەکەن- کە مافێکە گومانی تیا نییە بۆ خەڵك- ئەوا هەمان مافی نییە کەوا ئەو بیرورایانەی کە خەڵکەکەی پەسندی ناکەن قەدەغە کات.(183)

ج- جیهان خوازی: لەو چەمکانەی کە لە کۆمەڵگەکەمان بلاّوبۆوە، و بیریارەکەمان روو بەڕووی بوو بە شیٚکردنەوەی هۆشەکی، چەمکی (جیهان خوازی)کە لە زمانی عەرەبی لەبەر بەیەکچوونی شێوەی نووسین لەگەلٚ (زانست خوازی) تێکەلٚ دەبێت چونکە هەردوو ووشە بەم شێوە دەنووسرێن (العلمانیە) لەبەر ئەوە وتارێکی نووسی بە ناونیشانی(عەین-فەتحە-عا) بۆ ئەوەی ئاگاداری خوێنەر بکاتەوە کەوا ووشەکە سەر بە (العلم) بە واتای (زانست) نییە بەڵکو سەر بە(العالم) واتە جیهانەو ئەم زاراوەیە بەو واتایە هاتووە لە زمانەکانی ئەورووپی پاش ئەوەی ئەورووپا لە چەرخەکانی ناوەڕاست رابرد لەو کاتەی کە

پیاوانی ئاین ژیانی ڕەبەنایەتیان بە نموونەی باڵا دانابوو، جیهان نەویستی نەك جیهان خوازیو رووکردنە جیهان، پێویستە مرۆڤی تەواو ڕێنومایی بکات، لەبەر ئەوەی لە باوەڕی ئاینیاندایە کەوا زەویو ئاسمان لەیەك جیاکەوە، جیهانو دوایی، لەیەك جیاکەنەوە، لە جیهاندا دەسەڵات بۆتە زارەو لە دووەم فەرمان بۆ خودایە بەلاّم ئێمە چیمان بەسەر هەموو ئەوەوەیە لە باوەڕی ئێمەدا نییە بانگەوازیمان بکات بۆ وازهێنان لە جیهان..؟ بەڵکو پێچەوانەی ڕاستە، فەرمانمان پێدەدات کەوا ئاهەنگ بگێرین بە جیهان وەك ئەوەی هەمیشە تیایدا دەژین، و بۆ دواڕۆژ کار بکەین وەك ئەوەی بەیانی بۆی دەگوێزینەوە! ئەوەیە جیهان خوازی کە هەر تەنیا چاومان بکەینەوە ئەبینین بەشێکە لە ژیانمانو پێکهێنەری نژادی پێکهاتنی مێژوومانە لە ماوەکانی سەرفرازیو شکۆیی، ئایا ئەوانەی سواری ئەسپەکانیان بووینەو، شیرو ڕمەکانیان هەڵگرتووەو تا لەگەڵ (جیهان خوازی) بجەنگنو بیکوژن)؟!(184) بەلاّم بەرەنگاری بوونی جیهان خوازی لەسەر ئەو واتایەی ئەوا کارەساتێکی لەو مەزنترە لەلایەن ئەوانەی بەرەنگاری دەبن بە واتای زانست خوازی لەبەر ئەوەی بەو واتای دووایيە هێما بۆ زانستو ئەو ژیانەی کە زانستەکان دیدەمەزرێنن دەکا (ئایا- ئەی مەزنەکان- بەوە ڕازین کەوا زەویەکانمان بەبێ زانست بچینین، و کارگەکانمان بەبێ زانست بگێڕین، و فێرگەکانمانو زانکۆکانمان دامەزرێنین بەبێ زانست؟!،ئایا ئەی مەزنەکان ڕازین ناوی زاناکان لە مێژوومان بسڕینەوە پاش ئەمڕۆ نە جابر کوڕی حەیانو نەخەوارزمیو نە کوڕی هەیسەمو نە کوڕی نەفیسیيان تیادا نەبێت؟و ئەگەر ئەوانە بەجێی سەربڵندی بزانن) ئایا بۆ ناتانەوێت لە نەوە هاوچەرخەکانیان ڕەوتی بەرایی دووبارەکەنەوە؟!(185) سەرەڕای ئەم کۆمەڵە چەمکانەی باسمان کردن دەتوانین چەندان نموونەی دی بێنینەوە کە لە ژمارە نایەن لەو بیرو چەمکانەی بیریارە مەزنەکەمان خستنیەسەر مێزی نوێگەری هۆشەکی وەك بیردۆزی (کەلەپوور)(186)و(ڕووناکبیری)(187)و جیاوازی نێوان (تاکە کەسو هاوولاّتیو مرۆڤ)(188)و واتای تەکنەلۆژیا(189)،و(سێ بەهاکان: مافو چاکەو جوانی)(190) لەگەڵ پێوەندی بە لایەنەکانی ژیانی ئاگاداری مرۆڤ کە (پێزانینو ڕەوشتو ویژدان)ە.و لەبارەی (هەوەتی) لە وتارەکەی (باوەشێنی ئاگر)(191)و لەبارەی (بیرو ئازادی)،و (یەکەتی بیر)،و(پیاوی بیرو گرفتەکانی)،(192)و (هۆش ئازاد)و(تەنگانەی بیر)و (دەسەلاّتی هۆش)،واتای(گیانخوازی)(193)،و لەبارەی دیموکراتیەت.(194)..هتد بەلاّم

ئەم دڵۆپانەمان بەسە لەم دەریایە بێپایانە بۆ ئەوەی بگۆزینەوە بۆ لایەنێکی دی کە (ویژدانە)ە بۆ ئەوەی ووشەیەکی خێرا بنووسین
لەبارەی ئەوەی پێشکەشی کرد بۆ جیهانی تۆروانی.

بەشی دووەم: بواری ویژدان:

لایەنی ویژدانی لای بیریارەکەمان خۆی لە هونەر بە گشتی دەنوێنێتو لە وێژە بە تایبەتی دەنوێنێت، ئەشێت زێدەگۆیی نەکەین گەر بڵێین زەکی نەجیب مەحموود یەکێکە لە بەتواناترین نووسەرانی وتاری تۆروانی لە تۆروانی هاوچەرخماندا، خاوەنی رایەکی تایبەتیە لە رەخنەی وێژەییو نووسینی وتاری تۆروانی پاش هەندێك ئەو رایەی دەخەینە روو لەگەڵ چەندان نموونە لە وتارەکانی تۆروانی لای وی. بەلاَم ئێمە ئێستا دەمانەوێت لایەنی تۆروانی وەك نوێنەرێك بۆ لایەنی (ویژدان)، و زانست وەك نوێنەرێك کە (هۆش) دەردەبڕێت ئایا لە کوێ لەیەك جیاوازنو چۆن دەگەنە یەك؟!

یەکەم: تۆروانیو زانست: زۆر جاران بیریارەکەمان بەراوردی بە دووورودرێژی دەکرد لە نێوان وێژەو زانست بۆ ئەوەی لە یەکیان جیاکاتەوە لەلایەك، و لەلایەکی دی بۆ ئەوەی هەڵمەت بەرێتە سەر خاوەنانی(وێژەی زانستی) بە روونکردنەوەی ئەوەی کەوا ئەوان دوو شت تێکەلچ دەکەن کە ناکرێ تێکەڵ بکرێن. ئەویش لەبەر ئەوەی کەوا ئێمە خۆمان لەباری تۆروانیو زانست، خۆمان لە پێش دوو چەشنە ئاخاوتن ئەبینینەوە کەوا بە تەواوی لەیەك جیاوازنو ناکرێ یەکیان بگۆڕێ بۆ ئەوی دی(وەك چۆن ناکرێ مەڕ ببنە گا) نەك لەبەر ئەوەی تۆروانی جیاوازە لە زانست بە جوانی شێوازەکەی، لەگەڵ رەوابوونی یەکگرتنیان لە بابەتی ئاخاوتنیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی جیاوازیەکە لەوە زۆر گشتیترە دەستەواژەی زانستی، لە چەشنێکەو دەستەواژەی وێژەیی لە چەشنێکی دی هەتا شێوازی جوان ناتوانێت لەم بۆشاییە فرەوانو قووڵەی نێوانیان بپەڕێتەوە.(195)

ئێمە لێرەدا بە رێبازێکی دی دەگەڕێینەوە بۆ دوالیزمی (هۆشو ویژدان)و بۆ دوالیزمی دوو بواری جیاواز لە بوارەکانی ئاخاوتن کە پێویستە لەسەرمان بە وردیو بە سەخیری لە یەکیان جیاکەینەوە زانست هەمەکی کردنەو هونەر تایبەت کردن، زانست کۆکردنەوەو تۆروانی تاکانە کردن. زانستشتانو هاوچەشنەکانیان تێبینی دەکات بۆ ئەوەی لایەنەکانی لەیەك چوون دیار بکاتو لە یاسایەك دایانڕێژێت کە رێکیان دەکات، هونەر تێبینی پاژێك دەکاتو لای دەوەستێت، زانست هەمان تایبەتی کە هونەر دەیهێڵێتەوە ئەو لای دەبات، ئەو تایبەتیانەی کە بێ هاوتانو فلاَنە کەس هەڵداوێرێ لەناو کەسانی دی ئەوانەن کەوا

هونەرمەند دەیان هێلێتەوەو شیەیان دەکاتەوەو وێنەیان دەگرێت، هەر هەمان تایبەتیش زانا دەیخاتە لاوەو لەبەر ئەوەی هاوبەش نین لە نێوان کەسانی دی لە تاکەکانی جۆری مرۆڤ. زانای رووەکناس لەبارەی گوڵ شتێك دەڵێت یەکچین لەگەڵ هەموو گوڵان کە سەر بەیەك پەل بن بەلاّم هونەرمەند ئەوا لای یەك گوڵ دەوەستێتو لەیەك تررووکەی کات جیای دەکاتەوە لە لووزەوی بە هوورژمی رووداوان پێش ئەوەی بڕوا بێ گەڕانەوە ئەوجا وێنەی دەکێشێت بە نیگار یان تۆروانی یان بەپێی ئەو مایە کە بە کاری دێنیچت وەك ئامرازێك بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە دەیەوێت بی چەسپێنێت.(196)

دەتوانین هەمان شت بڵێین لەبارەی هەموو ئەوەی کە هونەر دەستی تیادایە بە هەموو لکەکانیەوە، لەسەر ئەم پێوەرە دەتوانین (رەخنەی وێژەیی) هەڵسەنگێنێت، وا دابنێ کەوا بەرامبەر هۆنراوەیەك وەستاوی کە هونەرێك لەبارەی خۆشەویستی داینا‌وە، بڕوانە قاچ رادەیەك ئەم سۆزەی کە دەری دەبڕیت بێهاوتایە تا رادەیەك بووەتە بوونەوەرێك تەنیا خۆی هیچ تررووکەیەکی دی لە تررووکەکانی خۆشەویستی هاوبەش ناکەن- ناڵێم لای خۆشویستەکانی دی- بەڵکو لای ئەم دڵدارە خۆی، ئەوەندە بەس نییە کەوا بە گشتی لەبارەی خۆشەویستی بدوێ بۆ ئەوەی بلێت چاکی ووتوە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی بە سیفەتێکی گشتی چونکە سۆزە هەموو خەڵك تیایدا هاوبەشن بە پلەی جیاواز- ئەو لایەنە سەر بە زانستی دەروونە نەك هونەرمەند* زانای دەروونزان ئەو لەبارەی ئەم سۆزە (بەگشتی) دەدوێت، یاخود وەك چۆن شوێنەواری لای ئەم تاکە کەسە، یان ئەوە یان ئەوێهێ دەردەکەوێت، و لە هەموو کاتو شوێنێك، ئەم هەمەکی کردنەی بیریاران زانستە نەك هونەر یان وێژە بەلاّم هونەرمەند یان وێژەوان ئەوا دەڕوانێتە بارە دەروونیەکانی لە خۆشەویستی بۆ ئەوەی یەك باری لێ بگرێت، و پاشان ئەم بارە کە دێتو رادەبرێت بخاتە روو، ئەویش بەم کارە ئەوەمان بۆ وێنە دەگرێت کەوا دووبارە نابێتەوە لە بارەکانی دی، و هەتا لە بارەکانی خۆی نەخوازە لەبارەکانی کەسانی دی!، دڵدار هەست بە سۆزی خۆشەویستی ناکات بەیەك رەنگو یەك ئاواز، و یەك شوون، بەڵکو ئەبینین بە گوێرەی خۆشەویستەکەی ئێستا جیاوازە وەك دوێنێ تیایدا بووو بەیانیش وانا بێتن لەگەڵ ئەوەشدا چەندان باری خۆشەویستی ئەون، ئەوەندە بەس نییە بڵێت(من دڵدارم، یان لە دۆزەخدام یان لە بەهەشتی خۆشەویستی) بۆ ئەوەی ببێتە وێژەوان بەڵکو پێویستە ئەم داوەکانی ئەو توخمە دەروونیانەی کە خۆشەویستەکەی کردۆتە دۆزەخ یان بەهەشت تایبەت بکات، و ئەگەر چاك تێبینی کرد، و چاك وەسفی کرد، ئەوا دەزانێت کەوا رایەڵەی

ئەم داوانە ناکرێ لەسەر یەك وێنە بەیەك بگەن لە دوو ترووکەی لەیەك دوور)(197) راستی رۆگەی سۆزو هەستەکانی مرۆڤ نزیکە لەوەی کە فەیلەسووفی یۆنانی لە وەسفێکدا هیراکلیتس لەبارەی گەردووندا دەڵێت( لووزەوێکی هەمیشە رەهایە، هەموو شتێکی تیادا بارودۆخی دەگۆڕێت هەمیشەو بەردەوام.

(زانا)ش لە نێوان ئەم لووزەوە رەهایانەی رووداوان هەوڵ دەدات ئەو چەشنە دووپات بووەوانەی یەك نەوا بدۆزێتەوە، ئەگەر دۆزیەوە دەیکاتە یاساو پاشان دێت دوورایی شوێن‌وکاتی تیادا دەپیوێت لەم هاوچەشنانە بۆ ئەوەی بگاتە رێژە یاسایەك کەوا وردی چەندەتی تیادا بێت.. بەڵام وێژەوان یان هونەرمەند، شتێکی دی‌یە: بەدوای هاوچەشنەکانی رووداوان ناگەڕێت، بەڵکو یەك رووداو سەرنجی رادەکێشێت، یان یەك بار،و ئەیخاتە سەر تابلۆ بە نیگار کێشان یاخود بە بێژە دەی چەسپێنێت لە وێژەدا، یاخود لە رەزمی ئاوازان لە مۆسیقادا. هەموو بارێکی پاژەکی یەك نییە لە رووی چاکی بۆ هونەر لەگەڵ هەموو بارەکانی دی، بەڵکو هونەرمەندی راستینە دەکەوێتە سەر ئەو پاژەکیانەی هێمادار، واتە ئەو پاژەکیانەی  کە پتر ئاماژەدارە لای خوێنەر یاخود بینەر، نووسەری ژیرۆك یان شانۆنامە، بە نموونە، هیچ هونەرە نییە ئەگەر هاتوو بە وردی لەبارەی کەسەکانی دووا بەبێ جیاکردنەوە، بەڵکو هونەری دروست هەڵبژاردنی دروستە، ئایا چ وردەکاری لە ژیانی ئەم کەسە هەیە کە وێنەی دەگرم پتر هێما بۆ راتەکینەی کەسایەتیەکەی دەکات‌و بۆ نهێنی دەرروونی، بنەڕەتی هەبوونی؟

لە خۆت بپرسە ئایا نهێنی چاکی هونەری ئەم کەسایەتیە وێژەییانە چی‌یە: هاملت، شالیر، دون کیشوت–و ئیدیش؟ ئەبینیت کەوا هەڵبژاردنی ئەو وردەکارییە کەوا وێژەوان دەیهێنێتەوە ئاخاوتن‌و رەوشت بە شێوەیەك لە دواییدا کەسێکی تەواوی بێ‌هاوتا پێك بێت، ئەو مرۆڤ بە سیفەتێکی گشتی نیگارکێش ناکات دەنا دەبووە زانا، بەڵکو(هاملت) یان(لیر) نیگارکێشی دەکات وەك تاکە کەسێکی یەك سروشت داری هەڵاوردەی کە ناکرێ لە هەبووندا کەسێکی دی وەك ئەو دووپات بیچێتەوە بە تەواوی وەك ئەو دووپات بێتەوە بە تەواوی وەك ئەوبێت لە هەموو روویەکەوە.(198)

کەواتە رێگەی زانست،و رێگەی وێژە جیاوازن‌و ئەوەیان ناگۆڕێت‌و ببێتە ئەوی‌دی، مەبەستمان نییە دوابەدوای هەموو جیاوازیەکانی کە لە یەکیان دوور دەکاتەوەو جیاوازیان دەکاتەوە بڕۆین، بەڵام دەمانەوێت تایبەتیەکی دی گرنگ بخەینە سەر ئەوانی دی ئەویش ئەوەیە کەوا تا ئەو رادەی کە وێژە ئاخاوتن تیایدا وەسفی هەلچکەوت‌و راستیەکانی

دەرەوە بكات بە هەمان رادە دوور دەكەوێتەوە لە تەواوی هونەری. وێنەكانی فۆتۆگرافی راستەكینەی هەڵكەوتەكی دەگرێتە وێنە گرتنێكی متمانەدار، لەبەر ئەوە بەو واتایانەی كە مەبەستمانە هونەر نییە، تۆ زۆر جاران بەرامبەر وێنەیەك دەوەستیت كە (بیكاسۆ) یان(ماتیس)نیگاری كێشاوە بەلآم نازانی ویستویەتی وێنەی چ بگرێت، لەبەر ئەوەی هیچ نەیویستووە وێنەی شتێكی دەرەوەی خۆی بگرێت، ئەم تێكەڵەی رەنگان زرنگایەوە لە ئەندێشەیدا وەك چۆن ئاوازەكان زرنگانەوە لە گویێ مۆسیقازان، و لەسەر تابلۆكەی نیگاری كێشا وەك مۆسیقایەك بۆ چاو لە چەندان ئاواز لە رووناكی.

ژان وخۆشی تەنیا لە دەروونی خاوەنەكانیاندا دەبن، هەروەها خۆشەویستی و رق، و هەموو سۆزێكی مرۆڤەكیی دی، ئایا خاوەنانی وێژەی زانستی دەیانەوێت چی لە سۆزەكان بكەین ئەگەر بمانەوێت وێژە بنووسین؟.

دووەم رەخنەی وێژەیی: چەندان فێرگەی رەخنەی وێژەیی هەیە وا چاكە قسەیەكی لەسەر بكەین بۆ ئەوەی بزانیت بیریارەكەمان لە كویێ دەوەستێت بە گوێرەی ئەم فێركانە.(199) گریمان دیوانێكی هۆنراوەمان لەبەر دەستدایە چاپخانەكان دەریان هێناوەو رەخنەگران هەر یەكە بەپێی رێبازی خۆی چارەی دەكات. ئایا بە چەند گۆشە نیگا دەتوانیت بڕوانینە ئەم دیوانە؟

1- گۆشەیەك هەیە كەوا رەخنەگر تیایدا ئەڕوانێتە دیوانەكەی بەر رەخنە، روانینەك تیایدا هەوڵ دەدات  بەهۆی ئەو هۆنراوەیەی دەیخوێنێتەوە بگاتە (دەروونی) هۆنەری كە دیوانەكەی دامەزراندووە بۆ ئەوەی بزانێت سروشتی چییە؟

ئایا دەروونێكی خۆشحال و گەشبینە؟ یان خەمناك و رەشبینە؟ یان ئەوهایە؟ رەخنەگر لەم هەڵوەستەیدا هەڵبەست بە (ئامرازێك) دادەنێت بۆ مەبەستێك بایەخی پیێدەدات، لێرەدا هۆنراوەكە لە خۆیدا مەبەست نییە بەلچكو لای ئەم جۆرە رەخنەگرە ئامرازێكە بۆ دۆزینەوەی دەروونی خاوەنەكەی، بە دەستەواژەیەكی روونترو ئاشكراتر، گرنگ لای رەخنەگر لێرەدا (دەروونزانی)یە نەك (هۆنراوە)، لەم جۆرە رەخنەگرانەش بە نموونە هەڵوەستی (ئەل عەقاد) لە كتێبەكەی(ئین رومی لە هۆنراوەیەوە).. ئەشیێ ئەم رووكارە  لە رەخنەی وێژەو هونەر ناوبنرێت بە رووكاری (دەروونیی) و ئەشیێ بڵێین كەوا (فروید) كە شانۆنامەی (ئۆدیب)ی(سوفكلیس) دەخوێنێتەوە رەخنەگرێكی وێژەیی بوو لەم چەشنە.

2- گۆشە نیگایەكی دی هەیە بۆ روانینە دیوانە بەر رەخنەكە، وەك گۆشەی یەكەم وایە لەوەدا كەوا رەخنەگر هەڵبەستەكەی بەردەستی بەكاردێنێت وەك (ئامرازێك) بۆ

مەبەستێك كەوا لە پایەی یەكەم بایەخی پێدەدات! هەموو ئەو جیازیەش كە لە نێوان هەردوو بینیندا هەیە ئەوەیە لەباری یەكەم رەخنەگر لەرێی هەڵبەستەكەوە بەدوای باری(دەروونیی) هۆنەر دەگەڕێت لەباری دووەم ئەبینین بەدوای (باری كۆمەلأیەتی) دەگەڕێت كەوا لە دەوروبەری هۆنەردا هەبوو، وەك ئەوەی لێرەدا هۆنراوەی هۆنەر وەك بەڵگەنامەیەكی مێژوویی بێت بۆ وێنەكانی ژیانی كۆمەلأیەتی، دەتوانین كتێبەكەی (تەها حوسەین) لەبارەی (موتەنەببی) بە نموونەیەكی ئەم رووكارە كۆمەلأیەتیە دابنێین لە رەخنە.

3- گۆشە نیگا یەكی دی هەیە ( سێیەم كە رەخنەگر تیایدا رەخنەگر بەدوای باری ( دەروونی) هۆنەرو بەدوای (باری كۆمەلأیەتی) كە لە دەوروبەری هۆنەر هەبوە ناگەڕێت، بەڵكو دەروانێتە دەروونی خۆی- دەروونی رەخنەگرەكە- تا بزانێت ئایا ئەم هەڵبەستە تا چ رادەیەك كاری تێكردوە؟ ئایا كە لە خوێندنەوزەی ئەم دیوانە بوەوە ئاگایی پەیدا كرد بە مەبەستەكانی بالأی كە ئامانجی گەردوونن؟ ئایا كە لە خویندنەوەی بوەوە لەخۆ متمانەدار بوو یان وەرز بوو؟ پاشان رەخنەگر وەسفێكی باری دەروونی دەنووسێت، زۆربەی ئەم وەسفە وا دێت وەك ئەوەی (وێژە)یەك بێت لە خۆیدا كە لەسەر وێژە دامەزراوە دەتوانین ئەم رووكارە لە رەخنە ناوبنێین بە (رووكاری كارتێكردنەكی).(200)

4- دوا هەڵوەست هەیە- ئەشیَ لە رووی ژیربێژیەوە بكەوێتە پێش هەموو هەڵوەستەكانی پێشوو، پێش ئەوەی رەخنەگر هەڵوەستەكی لەو هەڵبەستەی بەر ەخنە بگرێت چ دەروونی یان كۆمەلأیەتی یان كارتێكردنەكی، لەسەریەتی لە پێش ئەوەدا لەوە دڵنیا بێت كەوا ئەوەی بەردەستی (هەڵبەستە) مافی ئەوەی هەیە چارە بكرێت بەم رێبازە یان ئەوێهیَ- لێرەوەیە كەوا رەخنەگر لەسەریەتی بەرای بیریارەكەمان- ئەوەش گۆشەنیگای دی لە رەخنە- بنوارێتە هۆنراوەكە خۆی واتە رەخنەی وێژەیی بكەوێتە سەر كاری وێژەیی خۆی یان خۆی گلداتەوە لە دەقەكەی خۆی، رەخنەگر چەند ووشەیەكی نووسراو لەسەر لاپەڕەی كتابێك ئەبینێتو ئەركی وی شیكردنەوەی ئەم پێكهاتە بێژەییانەیە كە لە پێشدا بلأوبوونەتەوە لەسەر لاپەرەكانی ئەم كتێبە- واتە دەقەكەو هیچی دیـنا جگە لە دەقەكە- ئەو ووشانەی لەسەر لاپەران نووسراون ئەوەیە

بابەتی رەخنە، و شیکردنەوەو توێگەریکردنی و لێ نۆڕینی لە هەموو لایەکیەوە ئەرکی رەخنەگرە- بەرامبەر کاری وێژەیی کە نابێت لە تێگەیشتنی پشت بە شتێکی دی جگە لەو ببەستێت. من نابمە رەخنەگرێکی وێژە بە واتا وردەکەی ئەم ووشەیە ئەگەر هاتوو وێژەم کردە کولانەیەك تیایدا بروانمە شتێکی دی جگە لەخۆی،وەك ئەوەی بڕوانمە ژینگەو باری کۆمەلایەتیو رامیاری کە لەو دیوی کاری بەر تۆژینەوە هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وا بکەم وئەوا ئەم پارچە وێژەیەی بەردەستم وەك بەڵگە نامەیەکی مێژوویی لێدێت نە کەمتر نە پتر- هەروەها کارە وێژەییەکە ناکەمە کولانەیەك بۆ گەیشتن بە ناخی دەروونی- یان ناخی دەروونی رەخنەگر لەبەر ئەوەی ئەگەر وا بکەم ئەوا وەك زانای دەروونزانی دەکەم کە خەونەکانی نەخۆشەکەی شیدەکاتەوەو کاردانەوەکانیو بیرهاتەکانیو هەستو نەستەکانی شیدەکاتەوە، رەخنەگر نە زانای دەروونزانییەو نەزنای کۆمەلایەتیزانیو نە زانای رامیارییەو نە زانای سروشتیزانی- بەڵکو ئەو تەنیا رەخنەگری وێژەییەو مەبەستی لێکۆلینەوەیە لە پارچەوێژەییەکەی کە هەڵی دەبژێرێت بۆ لێکۆڵینەوە)(201)

ئەوەش گۆشە نیگایەکە کەوا زۆران بەرگری لێدەکەن لەبارەی رەخنەی وێژەیی لەوانەی بۆ ئەوە دەچنە کەوا (پێویستە کاری هونەری خۆی بکرێتە تەوەرەی هەموو ئەوەی دەوترێت لە بواری رەخنەو بنچینەیەك بۆ هەموو چێژێك، درێژەدان بە ئاخاوتن لە بارەی کەسایەتی هونەرمەند، یان رووداوەکانی ژیانی یاسا بارودۆخی کۆمەڵگەکەی بەبی تێکبەستنی ئەوەی دەیڵێت لەگەڵ کارە هونەریەکە خۆی – هەرئەوەندە دەمینێتەوە کەوا لەسەر نووسینێکی خاوەن بەهای مێژووی یان دەروونی یان کۆمەلایەتیە بەلام رەخنە نییە بە واتای دروست .. (202 ) بەلام رەخنەی وێژەیی دەچێتە چەندان بواری ئاڵۆزتر وەك رۆنانەکیەتی دەیکات بە نموونە کەوا لەم سنوورە گشتیانە رەت دەبێت کەوا مامۆستاکەمان کێشای لەبەر ئەوە بەو بیرە واز دێنیینو دەچینە سەر وێژەی وتار نووسی.

سێیەم:- وێژەی وتار:

وتمان زەکی نەجیب مەحموود ئەشێ جوانکارترین نووسەرانی (وتاری وێژەیی) بێت، لە وێژەی هاوچەرخمان، بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو لە بارەی ئەم رەنگە لە وێژە تیایدا تۆروانانی وێژەی وتاری ئینگلیزی کاریان 221تێکردبوو بەتایبەتی، بەلام بایەخدانی بەم چەشنە لە هونەرەکانی وێژەیی رێك هات لەگەڵ بایەخدانی وێژەوانانی چەرخی وی بە وتار(وێژەوانەکەمان هەناسە کورتە، وتارێکی بەسە بۆ ئەوەی هەموو کوڵی سینەی تیادا

بڕێژێت لە سۆزو ئەوەی بە بیری دادێت لە بیردۆزان: ئەگەر هاتوو وێژەوانەکەمان تووڕە بوو لە کەموکورتیەك گەر کەوتە بەرچاوی لە رۆنانی کۆمەڵ یان ئاکاری تاکە کەس، پەنا دەباتە بەر وتار هەڵپەی تووڕەییەکەی تیادا دەڕژێت، ئەگەر هاتوو تۆروانەکەمان خرۆشا بە جوانی سروشتی سەرنجراکێش پەنا دەباتە بەر وتار ئەو هەستەی لە سەیرهاتنو سەرسوڕمانەی تیادا ئەڕێژێت.(203)

وتار لای ئێمە پەناگەی تۆروانە، بە گشتی، هەندێکی کەم نەبن کەوا چیرۆكو شانۆیان هەڵبژارد- هتد هیچی تیا نییە کەوا تۆروان پەنا بەرێتە بەر وتار ئەگەر هاتوو لەسەر دەستوورەکانی تۆروانی دروست بڕوات، ئایا ئەم دەستوورانە کامانەن؟.

1-یەکەم مەرجی وتاری وێژەیی ئەوەیە کەوا (فۆرم) هەبێت واتە شێوەیەك یان وێنەیەکی دیاری هەبێت تۆروان بیرەکەی تیا ئەخات. وێژەوان شیکردنەوەکانی ریز ناکات وەك پیاوی ژیربێژیزان دەیکات، مەبەستم راگوازتن بەم شێوەیە نابێت کەوا بیردۆزی دووەم لە ڕێی بەڵگە هێنانەوە لە بیردۆزی یەکەمەوە بێت هەتا دەگەینە ئاکامەکان- بەڵکو وێژەوان بەندە بە واتا کێشەکی بە شێوەیەك کە هیچ ڕێکهێنی نابێت بەهۆی کارگێری، پارچەیەکە لەسەر سازشتێکی زانراو ناڕوات ئەشێ لە شێوەی (خەون) دا بیچت کە وێژەوان تیادا خۆی جارێك لە قاهیرە ئەبینێتو جارێکی دی لە ئەورووپاو ئەشێ لە شوێنانی وا هیچ پێبەستی تیادا نەبێت تەنیا ئەو ویژدانە نەبێت کەوا وێژەوان دەیەوێت لە دەروونی خوێنەری بورووژێنێت.

2-دووەم مەرج ئەوەیە وتارەکە لە نائارامیەك سەرهەڵبدات کە وێژەوان هەستی پێ دەکات بەرامبەر ئەو وێنانەی ژیانو بارودۆخی کۆمەڵگەی دەوروبەری بە مەرجێك ئەم ناڕەزاییە لە ئاوازێکی هێمنو سووك دابێت کە نزیکترە بۆ ناڵینی نزم لەوەی بۆ هاوارو ڕۆڕۆ (ئەگەر هاتوو بە وتاری وێژەوانێکدا بە دوای ناڕەزایی لە بارێك لە بارودۆخی خەڵکدا گەڕایو نەتدۆزیەوە، و ئەگەر لە وتاری وێژەوانێکدا گەڕای بەدوای ئەم جۆرە لە گاڵتەی خۆشی لەبار گەڕایو نەتدۆزیەوەن بزانە کەوا ئەم وتارە لە تۆری بالاّ نییە، چ زۆر چ کەم ، هەرچەند شێوازی جوانکار بێتو بیردۆزی دروست)(204)

3-سێیەم مەرج ئەوەیە کەوا وتاری تۆرڤانی جۆرەکان رابوردنێك دەربڕێت لە نێوان نووسەرو خوێنەر وەك برادەرێك لەگەڵ برادەرەکەی دەئاخوێت لەبارەی رووداوێك کە لە ترامدا روویدا، تێبینیەك لێرەوە لەوێ لەوەی کە دەکەوێتە بەرچاو- بە شێوەیەك خوێنەر لە

پێش (مامۆستادا)نەبێت کەوا بە توندی لەگەڵی بئاخویٚ، ونەك لە پێش دواندەرێك کەوا لەسەر بەرزەکیٚ دەدوێت خۆی دەینی ودەبا فیز بە ئاینداری و خۆپارێزی بکات، و نەك تۆروانێك مەزنی نیشان بدات کە پەند بڕژێنێتە گوێی گوێگرەکەی وەك بارێکی گران، ئا لێرەوە پێویستە خوێنەر هەست بکات، کە وتاری تۆروانی دەخوێنێتەوە میوانێکە نووسەر پێشوازی دەکات لە باخچەکەی بۆ ئەوەی خۆشی پیٚ ببەخشێت بە ئاخاوتنی شیرین لەبەر ئەوە پێویستە شێوازی نووسینی وتاری وێژەیی سازگارو رەوان و بە لووزەو بێت بەبیٚ نەخشکاریی! بەڵام لە رووی ناوتوێژەوە ئەوا نووسەری وتاری وێژەیی لەسەر چاکترین وێنەی ئەوە کەوا دیاردەیەکی کەمی بەسە کە جیهان پڕیەتی لێی لە دەوروبەری، ئەم دیاردەیە دەکاتە خاڵی سەرەتا، و پاشان خۆی دەداتە دەست خەونان هەریەکەی ئەستۆی ئەوی دی دەگرێت بەبیٚ ئەوەی هیچ کاری ناکاوی نەبێت لەسەر بانگ کردنیان بە مەبەست و داخوازی و رێکخستن.

لێرەوەیە کەوا نابێت وتاری تۆرڤانی لە بابەتی رەها بکۆڵێتەوە وەك لە رژێمی دیموکراتی کۆڵینەوە یان واتای جوانی یان دەستوورێك لە دەروونزانیی یان بنجەکانی پەروەردە، بەڵکو پێویستە ئەزموونێکی دیارکراو دەربڕێت کەوا دەروونی وێژەوانی گرتۆتەوەو ویستوویەتی شوون کار تیٚکردنەکەی بگوازێتەوە بۆ دەروونی خوێنەرانی– بەڵام بابەتەکانی ئابووری یان رامیاری یان هۆشەکی، ئەوا چەندان جۆری دی هەیە لە وتارانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کە نزیکیٚکاتەوە لە تۆژینەوان بەو رادەی کە دووری دەکاتەوە لە (وتاری وێژەیی) کەوا تۆروانی راست هەولٚ دەدات خوێنەری فریو بدات بۆ ئەوەی پتر رووبچێت لە خوێندنەوەی وەك ئەوەی خۆی خەریك بکات و دەروونی ماندووی بسێنێتەوە لە ماندووەتی ئەمڕۆژی، و هەرچەندی بخوێنێتەوە ئەوا ناوەرۆکی دێرەکانی وتارەکە کە لە پەندی سووك و گاڵتەی هێمن ئەخزێتە دەروونی.

ئەشیٚ خوێنەر سەرسام بێت: ئایا چۆن دەروونی مرۆڤان ئەم پێچ و ترووسکانەی تیایە؟ بەڵام ئەوەندەی نابات بۆی دەردەکەوێت کەوا ئەوەی کە سەری تیا سووڕما بەشێکە لە دەروونی خۆی یان دەروونی برادەرانی، پێی ناخۆشە وابێت بەم شێوەیە پووچە ئەم پیٚناخۆش بوونەی ئەو یەکەم هەنگاوی چاکسازی داخوازکراوە.(205)

چوارەم: چەندان نموونە لە وێژەی وتار: پێویستە هەندیٚ لە وتارەکانی تۆروانی بخەینە روو بۆ ئەوەی ببیینین کەوا چۆن ئەم مەرجانەی رابردووی بەکاردێن و دەستی پیٚ دەگرت لەو کارانەی کە دەینووسین لە وتارە تۆروانیەکانی کە خۆی ناو نابوون بۆمبا تەقیوەکان

لەبەر ئەوەی ویستی بەشێك لە هەزار بەشی ئەم چوارچێوە رووناکبیریە کۆنە بڕووخێنێت کە تێیدا دەژین دەڵێت:( لە چوارچێوەیەکی وێژەییدا–و لە سەرەتاکانی پەنجاکاندا وێنەی ئەوەم کێشا لە دەروونم چاپ بوو بوو لەو کاتییدا لە بەرەڵایی بەهاکان لە ژیانماندا، بە شێوەیەك سەرووی وەرگەڕا سەر ژێری‌و چاکە کار سزا ئەدراو خراپەکار پاداشی وەردەگرت، ئەشێ زۆر ڕۆیی‌بم لە توندی وتن، بەلاچم توندی هاووڵاتیەکە نیشتیمانی خۆی خۆشدەوێ، و تاوگێر دەبێت کەوا ببینێت لە راستە رێ لایداوە.(206)

چەند نموونەیەکی کەم لە بارەی(وتاری وێژەیی) دێنمەوە، لەگەڵ ئەوەی پێویستە دوو تێبینی بخەینە بەرچاومان: یەکەم وتارانەی کەوا زەکی نەجیب مەحموود نووسیویەتی کە چەند سەد وتارێکە هەمووی وتاری تۆروانی نییە کە مەرجەکانی پێشووی تیادا بێتەجێ، بەڵکو چەندان وتاری تیایە کەوا لە بارەی چەندان (بیردۆزان) یان (چەمکی کۆمەڵایەتی)و هەڵدەستێ بە شبکردنەوە یان شیکردنەوەیەکی هۆشەکی‌و کارایەتی فەلسەفی تیادا بەکاردێنێت وەك هێمامان بۆ کرد لە پێشدا.

دووەم: تێبینی ئەوەیە کەوا وتاری وێژی پوختەکردنی سەختە لەبەر ئەوەی گرنگ ئەوەیە لە پارچەی وێژەیی ئەو کارتێکردنەی کە خوێنەر دەردەستی دەکات لێی، لەبەر ئەوە پێویستە لە شوێنی خۆی بیخوێنێتەوەو وەك خاوەنەکەی خستوویەتیەروو، بەڵام ئێمە چەند نموونەیەکی کەم بەم شێوەیەی دێت دەخەینە روو:

ئەلف: هێلکە فیل: خۆشترین وتاری درێژە کە مامۆستای مەزنمام نووسیویەتی وتارێکە بە ناوی (هێلکە فیل) تیایدا گاڵتە بەو گفتوگۆیە(بێزەنتیانە) دەکات کەوا لە ەنێوان هەندێك خەڵك گەرم دەبێت لەسەر هەندێ بابەتی پووچ لەلایەك‌و لەلایەکی‌دی چەندان گیروگرفت لە هیچەی پەیدا دەکات. وتارەکە وا دەست پێ دەکات(شێخ ووتی:( فیل دەزێ‌و هێلکە ناکات)–و ئەو گرفتەی کە پیویست بوو چارە بکرێت ئەوەبوو: ئەگەر فیل هێلکەی بکردبایە ئایا رەنگی ئەم هێلکانەی چۆن دەبوون؟(207) تێبینی ئەوە بکە کەوا یەکەم دێڕ لەو وتارە کە ئەم راستیە زانستیەی دەربڕیوە کەوا (فیل دەزێ‌و هێلکە ناکات) بەڵام ئێمە راهاتووین گیرهات لە هیچە پەیدا بکەین: بگرە هێلکە دەکات ئایا رەنگی هێلکەکەی چۆن دەبێت، وتارەکە بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت:( لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زانایان جیاوازن:

عەمارەی کوڕی حارس دەڵێت سپی دەبێت. بەڵگەی بۆ راستی قسەکەی هێنایەوە لە پێوانە کردن‌و بەڵگە لە زمان.(208) بەڵگەی پێوانە ئەوەیە هەموو ئافەریندەکانی خوا کە هێلکە دەکەن هێلکەکان سپینە، و لە سروشتی فیلدا هیچ شتی وا نییە کەوا هێما بۆ ئەوە بکات

کەوا ئەگەر هێلکە بکات هێلکەکەی ڕەنگێکی دی دەبێت.. بەڵام بەڵگەی زمان ئەوەیە کەوا لە زمانی عەرەبی (البیڤە–هێلکە) لە(البیاڤی– سپیاتی) وەرگیراوە، کەواتە دووەم ووشەی سەرچاوەیەو یەکەم ووشە لکێکیەتی.. لە دواییدا عەمارە دەپرسیٚ: ئایا بڕیاری شەرع چیٚیە لەبارەی هێلکە فیل، ئایا خواردنی ڕەوا بۆ موسڵمانان یان ناڕەوایە؟

لێرەدا بەو وردەکاریەی کە پێی بەناوبانگە وەڵامی دایەوەو ووتی هێلکەی فیل خواردنی ڕەوایە بە مەرجێك و ناڕەوایە بە مەرجێك.."بەم شیوە جوانە تۆروان گیروگرفتە پووچەکانمان کە لە هیچە دروستی دەکەین وێنە دەکێشێت. ئەو خوێنەر فریو ئەدات کە ناوی چەندان زانا دێنێتەوە وەك ئەوەی بەراستی لە کەلەپور دابن بۆ ئەوەیە کە خوێنەر هەیت بکات کەوا گفتوگۆکانمان هێشتا هەمان گفتوگۆکانی چەرخەکانی ناوەڕاستن، بە نموونە بڕوانە وتارەکە بە دروستی بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئەوەی گاڵتە دەکات گاڵتەیەکی تاڵ..( مەعسەرەی کوڕی مونزر وەڵامی دایەوەو وتی لەبارەی هێلکە فیل لە رووی ڕەنگەوە دروست نییە، لە بارەی بەڵگەی پێوانەیی کە عەمارە هێنایەوە.. ڕاست نییە هەموو ئەوانەی کە هێلکە دەکەن هێلکەکەیان ڕەنگی سپی بێت، هێلکە مراوی سەوزاییەکی سووکی تیایە،و هەندیٚ باڵندە هێلکەکەی پنك پنکە،و هەندێك هێلکەکەی شینە،.. بەڵام بەڵگەی زمان ئەوا هەڵێنجانێکی بەرەوا چیەو هەڵە لەیەك کاتدا..هتد) لە نێوان شاگردانی کوڕی حارس شاگردێکی لێهاتووی هەبوو هەڵستاوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەی مەعسەرە ووتی ئەوا ساتمەیەکی کردووە پیاوێکی وەك ئەو نەدەبا ئەو ساتمەیە بکات کە شێخی ژیربێژی زانانی کاتی خۆیەتی..هتد)و گفتوگۆیەکە بەردەوام دەبێت–ئەوەش(فۆرم)ەکەیە واتە ئەو شێوەیەیە کەوا وتارەکە هەیەتی– بە شێوازێکی گاڵتە پێکردن و تەوسەوە لەبارەی بەفیڕۆدانی توانستەکانی هۆشەکی لە گفتوگۆی بیٚواتا لەبەر ئەوەی لەبارەی چەندان بابەتە کە ئێمە پەیدای دەکەین لەلایەك و لەوە کەمترە کە ببێتە بابەتی گفتوگۆ لەلایەکی دی وتارەکە بەوە کۆتایی دێت بەو شتەی کە نووسەر دەیەوێت چاوی خوێنەری بکەوێتە سەر ئەویش دوورکەوتنەوەمانە لە گیروگرفتەکانی ئەم چەرخەو دەڵێت لەرزێکی توند ڕوویدا (زەوی لەرزینی خۆی لەرزی، شێخ ووتی ئەوە چیەتی؟

ووترا: گەورەمان ئەوە بۆمبای ئەتۆمە، لە ترووکەیەك بنچ و نەوە لەناو دەبات.

شێخ سەری سوڕما لەوەی کە لە جیهاندا زانینێك هەیە جگە لە زانینی ئەو!(209)

ب– بەهەشتی گێلەپیاو:

دەتوانین هەمان شت لەبارەی (بەهەشتی گێلە پیاو) بڵێین کە چارەی بیری چەرخی ناوەندی وشك دەکات کە هێشتا تیایدا دەژین سەرەڕای نەریتە کۆمەڵایەتیە رزیوەکانی وتارەکە وا دەست پێ دەکات( گێڵە پیاوەکە ئەوە منم، بەڵام بە هەشتەکەم ئەوا ئەو خەونانەمن کە بە رەتبوونی ساڵان چنیومن، چیلکەدارو بە سێبەر،شنەبای تیادا هەڵ دەکات سازگارو خۆش ئاکام، و ئەگەر یەك هەنگاو بنێم بۆ لای راست بان چەپ یان پێشەوە یان دواوەی، ئەوا هەتاو بە تینی خۆی دەمسووتێنێ، دەگەڕێمەوە بۆ بەهەشتەکەمو شادمانم بە گۆشەگیریەکەم، وەك ئەو بازە بە سالاَچووەم لێ هاتبوو کەوا چاوی خەواڵو دەبن وا دەزانێ باڵندەکانی شەڕاوی لێی دەترسن، وو کە چاو دەکاتەوە ئەبینێت باڵەکانی دەڕووتێننەوە، دەگەڕێتەوە سەرخەوتنو بێ ئاگاییەکەیو ناوخۆشی ئەم بێئاگاییە..هتد) ئەبینین لەم وتارەیدا چەندان هونەرکاری جوانکاری تیادا بەکارهێناوە.

ج–دەروونە هەژارەکان: لە خۆشترین وتارەکانی کە مرۆڤ دەهەژێنێت بە توندی ئەو وتارەیەیەتی لە بارەی(دەروونە هەژارەکان)  کە تیایدا بە وێنەگرتنی جۆرە جیاوازەکانی هەژاری دەست پێ دەکات:

(هەژاری چەندان وێنەی جیاوازی هەیە– هەیەتی بیابانی ووشك کە لمەکەی گڕ دەسێنێت بە داگیرسانی رۆژ، هەتا ئەو رادەی دەنکە لمەکان لەسەر رووی دەبنە پەنگری ئاگر..

هەیەتی کەڤری رووتەن کە بەژنی رەق بووەو بەتێن بووەو پەلەکانی ووشك بووە، هەتا ئەو رادەی ناوەرۆکی یەك دلۆپ یان رووەکی لێ ناتەقێتەوە.

هەیەتی ئاسمانی کە بێ باران، زەوی ژێری ووشك دەبێتو دەقەرشێنێ، و کێڵگە ووشك دەبنو دەمرن، چاو ئەبلەق دەبن بۆ ئاسمان بە دەمی بەنزاوە، نزاکان بەرز دەبنەوە بۆی داوای بەرزەیی دەکات، بەڵام ئەو رەنگ زەردی بێفەرە.. هەیەتی گوڵە سیس دەبێتو دەپووکێتەوە، بۆنی تیا نەماوەو ئاو لە رەگی ووشك بووە. هەیەتی جۆگەی ئاوبڕاو، بە پا بەسەری دا دەڕۆیت دەنگدانەوەی هەنگاوەکانت لەنێو بەردەکاندا دێت لەبەر بۆشو بەتاڵیيان.زو هەیەتی گیرفانانی بێ پارە.. بەڵام نەك بیابانی جۆڵی کە چەوەکەی بەتینی ڕۆژ گڕی گرتووە، و نە بەردی رووتی سنگ ڕەقو نە ئاسمانی وشكو نە گوڵی سیس بووی، و نە جۆگەی بێئاو نە گیرفانی بەتاڵ لە پارە، دەتوانێت هەژاری دەربڕێت لەوە تواناتر لەوەی کە دەروونە هەژارەکان دەری دەبڕن. ئەم دەروونانە هەژارن ئەوانەی کەوا خاوەنەکانیان لەو دەوروبەرەیدا دەژین کە ئێمەی تیا دەژینو کاریان تێناکات، وەك ئەوەی بە چاو ئەڕوانن بەڵام نابینن، و گوێکان دەبیستنو بەڵام بێئاگاین، و وەك ئەوە وایە دڵیان

له بەرد داتاشراوە.. خاوەنی دەروونی هەژار وەك رادیۆی خراپبوو وایە، کلیلەکانو دەرچەکانو تێلەکانی تیایە، و هەوای دەوروبەری پڕیەتی لە پێلەکانی دەنگ بەڵام ئەو کەڕەونە وەردەگرێتو نە بڵاودەکاتەوە.. هەژارە ئەو دەروونەی کە بڕوانێتە ناوەوەی ببینێت بەتاڵە، و پەنا بەرێتە بەر دەرەوەی بۆ ئەوەی ئەو شتە پەیداکات کەوا ئەم بۆشاییەی بۆ پڕکاتەوە، ئەبینیت کەسانی دی راو دەکات بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر رکێفی خۆی. ئەوە نیشانەیەکە بە هەڵە ناژێت لە هەڵاواردنی خاوەن دەروونە هەژارەکان لە کەسانیدی لەهەر شوێنێك زۆردارێکت بینی- بچووك یان گەورە- بزانە سەرچاوەی زۆرداریەکەی هەژاریی دەروونیەتی، ئەوەی دەروونی دروست بێت زۆردار نابێت.. هەژارە ئەو دەروونەی کە ناتوانێت لە هەڵوەستی کەسانی دی بوەستێت بۆ ئەوەی ئەوە ببینێت کە ئەو دەیبینێتو هەست بەو شتە بکات کەوا ئەو هەستی پیێدەکات.. ئەم دەروونانە هەژارن کەوا ناتوانن بڕواننە ئەودیوی کەسان بۆ بارودۆخی ژیانیان، و ئەگەر وابکەن ئەوا لیێخۆشبوونو لێبووردنیان زۆرو فرەوان دەبێت.هەژارە ئەو دەروونانەی وەك منداڵان هەڕەشە لە شتو زیندەوەران دەکەن، هەژان- ئەی ئەبو عەلا-ئەو دەروونانەی کە پیێ سووك داناگرنە سەر زەوی، لەبەر ئەوەی نازانێت کەوا تویژی خاك لەم تەنانە پەیدا بووە..(210)

د-کۆمیدیای زەوی:

لە وتارێکدا بەناونیشانی (کۆمیدیای زەوی) ئەندێشەی ئەوە دەکات کەوا دانتی (ژیاوەتەوەو زیندوو بوەتەوە ئەم هەڵبەستەید نوێیەی نووسیوە کە تیایدا مامۆستا کۆنەکەی (فرجیل)ی کردۆتە رێنیشاندەرو رێنوێنیکەر، مامۆستامان بە گاڵتە پێکردنێکی تاڵەوە ئەوە دەنوێنێت کەوا چۆن دانتی لە دۆزەخدا هەموو ئەوانەی کە چاکەیان کردبوو یان راستیان ووتبوو دەبینێت- لەبەر ئەوەی ویستی وێنەی ئەو بەها سەرەوژووبوانە بگرێت لە کۆمەڵگەکەمان- ئایا هۆنەر لەیەکەگەوی دۆزەخدا چی بینی)

(ئا لێرەدا بنەما پەرستانی بینی ئەوانەی هێزی خۆیان شەکەت کردوو ژیانیان بە فیڕۆدا لە رێی بنەماکانیان.. لەبەر ئەوە بیێبەش کران لە خۆشی بەهەشت!) ئایا لە گەوی دووەم لە دۆزەخدا چی بینی" ئەوانەی بینی کە لە جیهاندا خەریك بوون بە هۆشیان مەودا، بۆ نەهێشتن لە تێرکردنی مگێزی تەنیان..) بەڵام لەگەوی سێیەم ئەوا سزادراندرابوو بۆ ئەوەی وازی لە داواکردنی مافی خۆی هێنابوو بەهۆی هەبوونیو زۆر لەسەر داواکردن نەڕۆیی لای خاوەن دەسەڵاتان. لە گەوی چوارەم کۆمەڵەیەك هەبوون خۆی خەریك دەکرد بە چاکەسازی بەڵام خەوهاتنو خەو زیانی تێك ئەدان، بەڵام گەوی پێنجەم تەخان کرابوو بۆ ئەو کەسەی

وەختی خۆی ئەوەندە بە ووردی راگرتبوو نە بەڵێنێکی دوا ئەخستو نە کارێکی دوا ئەخست بۆ بەیانی.. بەم شێوەیە لە هەر گەوێکی دۆزەخدا( چاکەکاران لە خەڵك) تیایدان هەتا دەیەم گەو ئەوانەی تیایە پشتیان بە راسپاردەکاریو راسپێرو پێناو پێناوکاری نەبەستبوو بە کڕی کاریان کردووە.

دەتوانی بڵێیت تایبەتیەکانی وتاری وێژەیی لەهەرە زۆری وتارەکانی کە نووسینی لە کتێبەکانی پێشیدا بەرچاوە(بەهەشتی گێلە پیاو)،و(شۆڕشی لەبەر دەرگایانە)،و (ڕۆژهەلاتن لە رۆژئاوا) کە لەوانە ئاوازی وێژەیی زاڵە دەتوانیت تیایدا ئەمانە بخوێنیتەوە (ستەم)و (داوی جاڵجاڵۆکە)،(بووکی شتان)،و(رکی کپ)و(لە بنارەوە)..هتد لە کتێبەکانی دوایی (بینینێکی ئیسلامی)،(لە بارەی ئازادی دەدوێم)،(تازەکردنەوەی رووناکبیری عەرەبی).. چەندان وتاری( مامۆستایەکی خەوندیتە)،(مێشێك دوا بەدوای چووم)،و(باوەشێنی ئاگر).. زۆری دی.

کۆتایی: پاش ئەم گەشتە دوورو درێژەی لەگەڵ بیری مامۆستا زەکی نەجیب مەحمووددا بڕیمان پێویستە لەم کۆتاییەدا بوەستین بۆ ئەوەی لە کۆمەڵەیەك تێبینییاندا دامینێت گرنگەکانیان ئەوانەن:-

1- ئەم تۆژینەوە هەوڵیدا ئەو کێشەیەی کە لە سەرەتادا بەرپای کرد دووپات کاتەوە ئەویش ئەوەیە کەوا ئێمە زۆر بەهەڵەدا دەچین کە لە روانگەی دانانەکیەتی بێژیای بەتەنیا بڕیار لەسەر بیری زەکی نەجیب مەحموود دەدیت. هەروەها کەسێك تەنیا ئەم گۆشە نیگایەی هەبێت، ئەوا هەڵەیەکی بنچینەی دەکات یان کورتهێنانێکی توند، لەبەر ئەوەی دوا بەدوای گۆڕانی گیانی ئەم بیریارە نەچووە یان تەنیا بەوەندە وازی هێناوە کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گۆڕانی بوەستێت.

2- زەکی نەجیب مەحموود بیریارێکی رووناکسازیە هەمان ئەرکی رووناکسازی ئەنجام ئەدات کەوا رەفاعەی تەهتاوی دەستی پێکردو پێشەوایانی راپەڕینی تازەمان لەسەری رۆیشتن. هەمان ئەو رێگەیە تەواو دەکات کەوا پێشڕەوە گەورەکان لەسەری ڕۆیشتن وەك محەمەد عەبدە،و لوتفی سەیدو تەها حوسەینو ئەلعەقادو ئیدیش لەوانەی رووناکبیری عەرەبی رەسەنیان کۆکردەوە لەگەڵ بیری هاوچەرخ لەیەکگرتنێکدا.

لێرەوە بیریارەکەمان رێژەیەکی دوالیزمی پێشکەش کرد(هۆشو ویژدان)و جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە چارەی گیروگرفتە رووناکبیریەکانمانە، ئەم رێژەیە لە (ڕۆژهەلاتی هونەرمەند)دا خستە رووو خۆی بە ژیانیو نووسینەکانی بەرجەستە کرد.

3–ئەم رێژەیەی دوالیزمیەی (هۆش و ویژدان) مامۆستا هەوڵیدا ڕێبازێکی هۆشەکی نوێ پەیدا بکات بە هۆیەوە رووناکبیری عەرەبی بە هۆیەوە بتوانێت بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵەکەی، ئەگەر بیەوێت، چەمکەکانی و بیرەکانی شیکاتەوە، بە لەیەك کردنەوەی بۆ پێکهاتوە بنچینەکانی بۆ ئەوەی تیشکی بخاتەسەر، تاوەکو چەمکی تاریك و نادیار هیچی تر بەکارنەهێنین کە دەبنە هۆی کۆسپێك پتر لەوەی ببنە هاندەری گۆڕانز پاشان چەندان نموونەی پێشکەش کرد لەو لایەنانەی بایەخی پێئەدا بەتایبەتی ویژەیی بەتایبەتی (وتاری وێژەیی) کە ئامانجی ورووژاندنی ویژدانی خوێنەرە. ئایا چ بەرنامەیەك بخەینە کار لەو بارودۆخانەی کەوا کۆتاییدار تێکەڵ بێکۆتایی دەبێت و بەیەك دەگەن؟!(211)

4–دەتوانین بڵێین(بیردۆزی دوالیزمی)– بەتایبەتی ئەنتۆلۆژی–لای بیرە مەزنەکەمان چەسپاو نییە هەندێ جار بۆ ئەوە دەچێت کەوا دوالیزمیە کە هەردوو کەرتی مایەکی و گیانەکی بە یەکسان ناژمێرێ بەڵکو کەرتی گیانەکی بە یەکەم دا دەنێت، بە گوێرەی کەرتی مایەکی و ئەوە پەیدای کردووە و ئەوە بەڕێوەی دەبات و ئامانجەکانی بۆ دیار دەکات.(212)

ئاشکرایە ئێمە لێرەداو بەپێی ئەم لێکدانەوە بەرامبەر یەکایەتی وەستاوین؟!

لەبەر ئەوەی ئەشێ کەرتی مایەکی بگێڕدرێتەوە بۆ گیانەکی! بەڵام هەندێجاری دی دەڵێت" روانینێکە دوالیزمی و زۆرەکی کۆدەکاتەوە، دوالیزمیە بەگوێرەی خوای پەیداکارو و گەردوونی پەیداکراوو زۆرەکی بە گوێرەی تاکەکانی خەڵك کەوا دەکەونە سنووری ئەم گەردوونە پەیداکراوە..(213)

پاشان مامۆستا– بە ئاشکراو روونی– لە وتارەکانی دوایی مەیلی یەکایەتی هەیە بە تایبەتی لە وتارەکانی دوایی لە ڕۆژنامەی ئەهرام" دەتوانی کۆمەڵە وتاری کە بەناونیشانی (لە تیشکەکانی یەکایەتی..) نووسی بخوێنێتەوە.

5–وەك چارەیەك بۆ گرفتی (رەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی) مامۆستای مەزنمان رێژەی (هۆشو ویژدان) پێشنیار دەکات، ئەگەر بڵێین ئەم رێژەیە کلیلی (ئەفسووناوی)یە بۆ چارەی گیروگرفتی رووناکبیریەکەمان ئەوا رووبەرووی زۆر گیرهاتی دێن لەوەش بە نموونە، دوالیزمی (هۆش و ویژدان) دوو جۆنی جیاوازن لە هەمبەرەکان زۆر لەیەك جیاوازن لە رەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی! ئایا بڵێین هاوچەرخایەتی هۆشەو رەسەنایەتی ویژدان؟! لەم بارەدا ئەوا بڕیارمان داوە کەلەپوور هەمووی وەك کاری

هونەری وایە کە ناتوانین سەودای لەگەڵ بکەین بە ویژدانمان نەبێت-لەگەڵ ئەوەی زۆر جاران دەگەڕێینەوە بۆی وەك سەرچاوەیەکی زۆر نموونەی دووانەتی (هۆش‌و ویژدان) بەیەکەوە!.

پاشان ئایا ناتوانین بڵێین کەوا هاوچەرخایەتی هۆش‌و ویژدانی تیایە، و رەسەنایەتی هۆش‌و ویژدانی تیایە؟ ئایا ئەوە وامان لێ ناکات کەوا لە کۆتایی بگەینە ئەو ئاکامە کەوا گرفتی رەسەنایەتی‌و هاوچەرخایەتی ئەشێ (ساگرفت) بێت یان (گرفتێکی پووچ)بێت، لەبەر ئەوەی ڕووناکبیری عەرەبی لە هەمان کات رەسەنەو هاوچەرخ بەیەکەوە؟!

6- بەڵام ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئەم فەلسەفەی دوالیزمیە دەکرێت، ئەو پیاوە ئەوەندەی بۆ دەمینێتەوە کەوا بڵێسەی ڕووناکسازی هەڵگرت نزیکەی شەست ساڵ کە هۆش‌و دڵانی بەیەکەوە پێ ڕووناك دەکردەوە لە نووسراوەکانی‌و دیداریەکانی‌و ئاخاوتنەکانی‌و چاوپێکەوتنەکانی.زو بیریارێکی عەرەبی دڵسۆز بوو بۆ عارەبایەتی‌یەکەی‌و نیشتمان پەروەریەکەی وەك یەکێك لە توندترین نەیارانی دەڵێت( نووسینەکانی زەکی نەجیب مەحموود داگیرکردن‌و گلدانەوەو تۆقاندن رەت دەکاتەوە لە بیرو لە رامیاریی، ئامێرەکانی پێشکەوتووی دەوێت‌و تەکنۆلۆژیای بەرز، نایەوێ لە تەکیا داگیرکەرو مشەخۆر بێنێت، بەڵکو هاوبەشی خەڵك بۆماوەیەك کرد لە گوێگرتن لە گۆرانیەکانی سۆشیالیستی‌و رەتی نەکردنەوە، هەروەها بانگەوازی ئازادی کۆمەڵایەتی کرد دادپرسی کرێکارو جووتیاران‌و بە کەسایەتی خۆی نموونەیەکی بێهاوتای بیریاری ئازادە..(214)

### پەراوێزەكان

1-محمود امين العالم "معارك فكرية" ص14 دار الهلال ، 1970 ط2.

2-هةمان سةرضاوة.

3-د.يةحيي هويدى، الفلسفة الوضعية المنطقية في الميزان ص 30-31ن مكتبة النهضة .1972

4-ابراهيم فتحى في تقديمة النفيع لكتاب "نقد العقل الوضعى" ص18، د.عاطف احمد. بيروت .1980

5-د.احمد ماضي والوضعية المحدثة والتحليل المنطقى في الفكر الفلسفى العربي المعاصر" بيروت 1985

6-رسالة ماجستير للدكتور احمد ماضى- وتنظر فصلا بنفسى العنوان في رسالته لدرجة الدكتوراه، وقارن بحثه السالف الذكر ص.172

7-الدكتور عاطف احمد "نقد العقل الوضعى" دراسة في الازمة المنهجية لفكر زكى نجيب محمود، ص3 بيروت 1908.
8-د.محمد البهى "الفكر الاسلامى الحديث وصلته بالاستعمار الغربى" بيروت 1980
9-قارن مثلا مايقوله هرمان راند (من ان هذا الحل المشكلة حرية الارادة الذي يوحد بين الارادة و بين الجبر الذاتى في هوية واحدة هو الحل الكلاسيكى الذي يقول به المثاليون ويرفضه الطبيعيون وتوجد جذروه عندا سبينوزا.
10-قارن مثلا مقالنا :زكى نجيب محمود كما عرضته في الكتاب التذكارى الذي اصدره قسم الفلسة بجامعة الكوريت ص.57
11-د.فؤاد زكريا في تقديمه لكتاب الذي اصدرته قسم الفلسفة بآداب الكويت.
12-هةمان سةرضاوة.
13-المنهج الجلي عند الهيجل، رسالة د.محمد زيدان عن "وليم جيمس" ورسالة فرحان عمر عن "القانون العلمي" و د.عزمى اسلام عن "جون لوك"، و د.احمد فؤاد كامل عن "ليبنز".
14-االهموم المثقفين، ص45-46، .1981
15-قارن "قصته عقل" ص92-94..هتد.
16-مجتمع جديد أو الكارثة، ص.246
17-وفي جميع الحالات يصعب ان نقول عنه ان "كان داعية الى الوضعية المنطقية التي نزر نفسه لشرحها وتفصيلها وتبسيطها، وناه امضى معظم حياته داعيا الى الوضعية المنطقية والى عقلانية عربية جديدة، وأنه نجح في تأسيس مدرسة وضعية منطقية عربية واسعة الانتشار. الموسوعة الفلسفية العربية، بيروت .1989
18-لاحظ ان هذه النهضة العربية لم تبدأ في الوطن العربي كله دفعة واحدة وفي وقت واحد، وتلك كانت الحال في النهضة الاوربية، اذ بدأت اولاً في ايطاليا ثم انتشرت الى فرنسا وسبانيا والمانيا.
19-مجتمع جديد أو الكارثة ص.62
20-احمد امين "زعماء الاصلاح في العصر الحديث" ص6، .1979
21-هةمان سةرضاوة.
22-د.حسين فوزى النجار، رفاعة الطهطاوى، ص29، ويرى د.محمد عمارة في تعليقه على هذه الارقام انها تتحدث عن القاهرة فحسب اذ لم يكن هناك احصاء لا يصاب بالنسبة لمن تعلموا القراء في الكتاب في الريف- انظر كتابه "رفاعة الطهطاوى:رائد التنوير في العصر الحديث" ص 9
23-المرجع السابق ص29
22-د.حوسين فوزى نةجار "رةفاعةى تةهتاوى" ل29 (ئيعلامى عةرةبى-قاهرة) د.محةمةد عصارة بؤ ئةوة دةضيَت لة سةر نووسينةكةى لةبارةى ئةم ذمارانة دةلَيَت كةوا لةبارةى قاهيرة دةدويَين بة تةنيا لةبةرئةوةى ئةذمار ئةو كاتة نةبوو بةتايبةتى بؤ ئةوانةى خويَندنء خويَندنةوة لة كوتاب خانة (مزطةوتةكان) لة لادىَ فيَربوو بوون.

بروانة كتيَبةكةى "رةفاعةى تةهتاوى: ثيَشةنطى روونكا سازى لة ضةرخى تازة" ل.9

24-احمد امين "زعماء الاصلاح" ص7

25-د.محمد عمارة "رفاعة الطهطاوى" ص13

26-مجتمع جديد او الكارثة ص63

27-احمد امين "زعماء الاصلاح" ص60

28-المرجع السابق

29-من زاوية فلفية ص10

30-مجتمع جديد او الكارثة ص64

31-هةمان سةرضاوة

32-ريَكهيَنانى ريَكةوت وا ديَت كةوا ثيَشةوا محةمةد عةبدة لة هةمان سالَ كؤضى دوايى بكات كةوا زةكى نةجيب مةحمودى تيادا لة دايك بوو بؤ ئةوةى .........رووناك سازى نةثضريَت بؤئةوةى ئةطةر ثيَشةنطيَك مرد لة شويَنى ئةو ثيضشةنطيَكى دى دةركةويَت.

33-محمد عبدة "الاسلام والنصرانية" ص51 .1954

34-هةمان سةرضاوة.

35- مجتمع جديد او الكارثة ص66

36-صيرؤكى هؤشيَك ل16

37-ئةحمةد ئةمين "ذيانى من" ل 172-173 بةريوت 1971

38-عةلى عةبدولرةزاق "ئيسلامةتىء بنضينةكانى فةرماندارى" ل.182

39-لةبارةى هؤنراوةى جاهيلى ل11، خانةى كتيَبى ميسرى .1926

40- مجتمع جديد او الكارثة ص66-67

41- مجتمع جديد او الكارثة ص66-67

42-هةمان سةرضاوة ل6

43-نويَكردنةوةى بيرى عةرةبى ل281

44-لة "رؤذهةلاَتى هورنةمةند" خستنةرِوويةكى تايبةتيةكانى ئةم دواليزمةى رؤشنبيرى هةيةء دووبارة دةطةرِيَينةوة بؤ ئةم بابةتة.

45-ضةند بةهايةكى كةلةثوور ل117- .118

46-"صيرؤكى هؤشيَك" ل.29

47-"رؤذهةلاَتى هونةرمةند" ل7-8

48- مجتمع جديد او الكارثة ص246

49-صيرؤكى هؤشيَك ل176

50-هةمان سةرضاوةء هةمان لاثةرِة.

51–صيرۆكى دةروونيَك ل216
52–صيرۆكى دةروونيَك ل182
53–صيرۆكى هۆشيَك ل 108 هةروةها ثيَشةكى ضاثى دووةمى "هةلَوةستيَك لةيارةى ميتافيزيكا" بةراورد بكة.
54–نويَكردنةوةى بيرى عةرةبى ل136
55–هةمان سةرضاوة ل176
56–لةبارةى ئازادييةوة دةدويَم
57–صيرۆكى هۆشيَك
58–رۆذهةلاَتى هونةرمةند ل17
59–صيرۆكى هۆشيَك ل18
60–هةمان سةرضاوة ل19–20
61–صيرۆكى هۆشيَك ل21
62–رۆذهةلاَتى هونةرمةند ل109–110
63–مةبةست لةم بريارة طشتيانة ئةوةية كةوا ثيَشةواكانى بير لة هيندء فارسىء ضين.زهتد رۆوانينى دةرويَشانة بةسةريياندا زالَ بووء شةقلَى سةرةكى بوو لة رووناكبيرى رۆذهةلاَتى دوور، كةضى بةلَطة هيَنانةوةى هۆشةكى زالَ بوو بةسةر ثيَشةواكانى بير لة رۆذئاوا لة رووناكبيرى يۆنانى كۆنةوة...هتد لة رۆذهةلاَتى دوور دةوريشى بوو. بازرطانى تيا نةبوو كةوا سوودء زيان بذميَريَت، هةمان شت لةبارةى رووناكبيرى رۆذئاوا.
64–صيرۆكى هۆشيَك ل178–.179
65–ثيرۆكى هۆشيَك ل178–179
66–هةمان سةرضاوة ل174
67–ثيرۆكى دةروونيَك ل 212
68–هةمان سةرضاوة ل241
69–كة بةشى فةلسةفة لة كۆليذى تۆرةكانى زانكۆى كويت كتيَبيَكى لةبارةى يادى مامۆستاى مةزنمان دةركرد بة بۆنةى تةمةن طةيشتة هةشتاى ناونيشانةكةى بةمجۆرة بوو "دكتۆر زةكى نةجيب مةحمودى فةيلةسوفء تۆروانء مامۆستا، ضاثخانةى نيشتمان 1987، يةكيَك لة هاوكاران نووسى لة بةرثةرضدانةوةى دوو سيفةتى ئةم ناونيشانة "فةيلةسوف"ء "مامۆستا" راستى وشةى فةيلةسوف زۆر واتاى جياوازى هةية، ئيَمة بةكارى ديَنين بةهةمان واتاى كة بة بيريارانى ضةرخى روناكسازى وتراوة "..........رووناكسازى لة فةرةنسا وشةى فةيلةسوف بةكارهيَنرا بةم شيَوةية ظۆلتيَرء ديدرۆء كوندرسيةء هولباخء هاوضةرخةكانى ناوران بة وشة فةرةنسية كة فةيلةسوفة بۆ جياكردنةوةيان لة فةيلةسوفانى سازشكار واتة خاوةن رِةوى سازشى وةك ئةفلاتونء ئةرستو لة كۆنةكانء كانتء هيطل لة تازةكان. بةلاَم وشةى "مامۆمستا" ئةو هاوكارة

وای طومان برد کە تەرخانە بە ئەرستۆ، راستیەکەی ئەوەیە کەوا ئەرستۆ نازناوی "مامۆستای یەکەم"ی ثێدراوەء فارابی "مامۆستای دووهەم"....هتد.

70-روانینێکی ئیسلامی ل43-44

71-نوێکردنەوەی بیری عەرەبی ل274

72-نوێکردنەوەی بیری عەرەبی ل275

73-هەمان سەرضاوە ل274

74-نوێکردنەوەی بیری عەرەبی ل282

75-نوێکردنەوەی بیری عەرەبی ل282-283 بەلاَم سەختە کە بلَێین ئێمە راستیە رەهاکان لە خوء نەریت وەردەطرین، مەطەر مەبەست لێرەدا "بنەما ئاکارییەکان"ی هەمیشەیی بێت کەوا لەو خوو رەوشتانە خۆی دەنوێنێت وەك بە ئەمەکیء دلَسۆزیء ئازایەتی..تاد، ئەوەش کە هەر کۆمەلَطەیەك بە رِێبازی تایبەتی خۆی دەري دەبرِێت، لەطەلَ ئەوەی خۆی یەکەء هەمیشەییە.

76-هۆشبەندء هۆش ناثەسند ل7

77-بایەخی رووناکبیران ل13

78-ضیرۆکی دەروونێك ل202

79-رووناکبیریمان لە رووبەرِووبوونەوەیە لەطەلَ ئەم ضەرخە ل54

80-صیرۆکی هۆشێك ل222

81-لەبارەی ئازادییەوە دەدوێم ل85

82-هەمان سەرضاوە

83-د.فؤاد زەکەریا "نوێکردنەوەی بیری عەرەبی لە تەرازوودا" ل99 لە کتێبی ناوبراو، کویت سالَی 1987.

84-لەبارەی ئازادییەوە دەدوێم ل142

85-بەنموونە "رووناکبیریمان لە رووبەرِووبوون لەطەلَ ئەم ضەرخە" بەراورد بکە ل 15ء ئەوەی ثاش وان.

86-"لە طۆشەیەکی فەلسەفییەوە" ل16، هەروەها لە "فەلسەفەء هونەر" ل3-4ء هەروەها برِوانە "تویَکلَء کاکلَ" ل144-.159

87-"ذیربێذی دانانەکی" بەشی یەکەم، .1951

88-لە ثێشەکی ضاثی یەکەمی کتێبی "هەلَوەستەك لە میتافیزیکا" .1983

89-"رووناکبیریمان لە رِووبەرِووبوون لەطەلَ ئەم ضەرخە" ل.193

90-ضەند بەهایەکی لە کەلەثوور ل221

91-ئەوە ناونیشانی وتارێکە لەبارەی ئازادء درێذەثێدانی لە کتێبی "ضەند بەهایەکی لە کەلەثوور".

92-"لەسەرە رِێضطایان" ل320

93-نوێکردنەوەی بیری عەرەبی ل 309

94-لەبارەی ئازادییەوە دەدویَم

95-هەمان سەرضاوەء لە هەمان لاثەرِە.

96-لەسەرە رِيَ دا ل321

97-لەسەرە رِيَيان ل322

98-لەسەريانى رِيَطايان ل322

99-لەسەريانى رِيَطايان ل323

100-وشەى "دەست ثيَكردن =بنەما" ليَرەدا هيض هيَماى "ئاكارەكانى" نية، لەبەرئەوەى مەبەست تەنيا دارِشتنة زمانەوانيەكەية لەو لايەنەوة كة خالَى دەستثيَكردنة "سەرەتاية".

101-نويَكردنەوەى بيرى عەرەبى

102-ئەشىَ لەبەرثەرضدانەوەدا يەكيَك بثرسيَتء بليَت: ئايا ضؤن ئاينة جياوازەكان ئەشىَ نموونة بن بؤ ساشتى بيركارى هؤشەكى، لەو كاتەى سەرەتا لە هەر ئاينيَك سەرەتايەكى ويذدانية يان دلَثەسەندية يان باوەرِەكة- مەبەستم "ناهؤشەكية"؟!. بەلاَم خاوەن ثرسيارەكە لەم خالَة طرنطة بىَ ئاطاية كەوا لەم بابەتەدا هةية ئەويش لەوەية كەوا خولى هؤش ليَرەدا لە "خاليَكى زانراو"وەوة دەست ثىَ دەكاتء يەكسانة ض لة رِيَى دلَەوة يان ويذدانەوة يان سروشەوة يان خؤرِسكانەوة هاتبيَت ثاشان ئەو هەموو ئاكامانەى لىَ دەرديَنيَت كەوا ثيَى دەطات، ياخود ثيَشەكيەكانى دەكوشيَت وەك ضؤن هيَشووة ترييَەك دەكوشيت-ئەوەش ى "زانستەكانى ئايين"ن نەك ئايين خؤى- ثاشان ثاش كەميَك دەطەرِيَينەوة بؤ زانستەكانى

و زانیارییەکان بە هەموو جۆرەکانی پێویستە زانستەکانی ئەم چاخە بن لەبەر ئەوەی بواری(هۆش)ن کە تەنیا ئەویشە پێش دەکەویت. ئەگەر پرسیار بکەین (ئایا بەڕای من ئەو کەسە کێیە کەوا بە کەسایەتی خۆی ئەم چەشنە بە یەکگەیشتنە بەرجەستە دەکات لە نێوان کەلەپوورمان و بەرهەمەکانی ئەم چاخەمان لە جیهانی بیردا؟ یەکەم کەس کە بە یادم دادێتەوە هەرچەند ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم (تەها حوسێن)ە، بە ئەو بەرهەمانەی نووسینی کە خاوەن بەهایەکی گەورەن، لە کەسایەتی ئەودا شتێکی لەوە گرنگتر دەبینم لەبارەی ئەوەی ئێستا لەسەری دەئاخوین، مەبەستم ڕێبازەکەیەتی لە کۆکردنەوەی کەلەپوورە بۆماوەکەمان و گیانی هاوچاخمان، لەبارەی کەلەپوورمان ئەوا گومانی تیادا نییە کەس کێشە لەسەر ئەوە ناکات کەوا خاوەن ئاگاییەکی فرەوان بوو تیایدا ئاگاییەک کە وردی و تێگەیشتنی تێدابوو، بەڵام گیانی ئەم چاخە ئەوا لە بەرنامەکەی دیارەو لە ڕوانینەکەی و لە بۆچوونەکەی.(١٣٠)

نموونەیەکی دی دێنمەوە کەسێکە هەردوو چاکەکانی کۆکردۆتەوە لە خۆیدا ئەویش (شێخ مستەفا عەبدولڕەزاق)ە ئەویش ئاگای لە کەلەپوور هەیە ئاگاییەک ئەو کەلەپوورە دەخاتە سەر کەناری پەنجەکانی، گەر ئارەزووی نووسینی هەبێت لەبارەیەوە، ئەویش لە هەمان کات ئاگاداری گرنگترین ئەوەی بە بیروهۆشی زانایانی ڕۆژئاوادا هاتووە لە بواری تایبەتی خۆی.(١٣١) ڕاستی دەتوانین هەمان بیرزا بەکاربێنین بەرامبەر هەموو ناودارانی ڕاپەڕینی ڕووناکبیری تازەمان لە سەرەتاوە لە ڕەفاعەی تەهتاویەوە هەتا زەکی نەجیب مەحموود خۆی، هەریەک لەم بیریارە ناودارانە ڕەسەن بوو لە ڕووی ئاگاداربوونی لە کەلەپوور بەڵام هاوچاخیش بوو بە ئاگاداربوونی بە ڕووناکبیری ئەم چاخە، لەبەر ئەوە بیری ئاوێتە بوو لە هەردوو یان بەیەکەوە ئێمە نامانەوێت ڕووناکبیریمان لەنێو ڕووناکبیری کەسانی دی تێبچێت بە شێوەیەک بیانکەینە نموونەیەک بەدوایاندا بڕۆین، بەڵکو دەمانەوێت تاکایەتی ڕووناکبیریمان لەو لایەنانە کۆبێتەوە کەوا گەلان پێیانەوە دیار دەبن، ئەوەش لە هەمان کات پێوەری پێشکەوتنی ژیاری نییە- ئەویش لایەنی هۆشە- مەبەستم لەوە لایەنەکانی هۆنراوەو هونەرە.(١٣٢)

پوختەی مەبەست وایە کەوا شتێکی ناچارەکی نییە کە ژیان هەمووی بۆ زانست و بەرنامە لێکگەڕانەکییەکەی بێت یان ژیان هەمووی بکەوێتە ژێر چەندان بنەمای وەرگیراو لە پێشدا- توان بەدەر نییە کەوا لە گۆرەپانێکدا بژین دوو بەش بێت هەریەکەیان بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێت، بەشێک بۆ زانستەکان و لکەکانی لە سازکاری، کە



بەرنامەکەی لەسەر گەڕان بەدوای هەڵکەوتان دامەزراوە پێش داڕشتنی یاسایان و بەشێکی دیش بۆ ژیانی ویژدان و بەها ئاکارییەکان و جوانییەکان و تیایدا بە ڕێنوێنی چەندان بنەمای پێشینەی دەڕوات.(١٣٣)

دەتوانین بڵێین مامۆستا زەکی نەجیب مەحموود خۆی نموونەیەکی زیندووی دیاری ئەم ڕێژەییەیە کە پێشنیازی دەکات بۆ چارەکردنی گیروگرفتی ڕووناکبیریمان- ڕێژەی یەکبوونی (هۆش) و(ویژدان)- لەبەر ئەوە شتێکی سروشتییە کەوا ئێستا بپرسین:ئایا ئەو هاوکاریانە کامەن کەوا ئەم بیریارە پێشکەشی کردوون لە هەریەک لەم دوو بوارە.

بەشی یەکەم: بواری شیکردنەوەی هۆشەکی: دەتوانین بڵێین کەوا زەکی نەجیب مەحموود زۆری پێشکەشی بواری هۆش کرد سەرەتا لە هەوڵدانەکانی بۆ دیارکردنی(چەمکی هۆش) خۆی- وەک لە پێشدا هێمامان بۆ کرد- بەدیارکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی، تا هەوڵدانەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوانینی هۆشەکی وەک لەو پێنج خاڵەی ڕابردوو دیاری کرد. بەڵام لایەنێکی پڕ بایەخ هەیە ئەویش بەکارهێنانی کارایەتی هۆشەکییە یان چالاکی هۆشەکی بۆ دیارکردن و شیکردنەوەی زۆر چەمکی باوو تیشکی ڕووناکی خستنە سەریان، ئەوەش ئەرکێکی گرانە لە کۆمەڵگەیەک کەوا ڕاهاتووە کە قسە بەبا کات و بیری لێڵ و بزر بەکاربێنێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم چەمکانە هەن، یان لەبەر ئەوەی سۆزی ئەوروژێنێت. لەگەڵ ئەوەی واتای ژیانی بیرەکی بە واتایەک لە وردترین واتاکانی تێکەڵبووەکانە، یان واتاکانی وەک یەک و هاوشێوە: دەتوانین بڕیار لەسەر پلەی هەر نەتەوەیەک بدەین لە پەیژەی ژیانی بیرەکیدا بەرادەی ئەوەی ڕۆڵەکانی تاچاند توانیویانە ئەو واتایانەی کە بەکاری دێنن دیاریان بکەن..(١٣٤)

ئەوەش ئەو ڕۆڵەیە کەوا (کارایەتی فەلسەفی) دەیکات.

لەو وەسفانەی کە هەندێ جار بە کارایەتی فەلسەفی دەوترێت، ئەو هەوڵدانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی کەلای خەڵک دەکەونە نێوان نەزانینی تەواو و زانینی تەواودا، واتە ئەو چەمکانەن کەوا خەڵک بەکاریان دێنن بەڵام هەندێکی کەمی لەبارەروە دەزانن، نە بەتەواوی نایزانن و نە بەتەواوی دەیزانن، ئەوا فەلسەفە هەڵدەستێت بە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە یان بە هیوای گەیشتنە دیارکردنی بە ووردی و یەکجارەکی، ئەو چەمکانەی لای خەڵک دەکەونە نێوان بزری و ئاشکرایی وەک شارێکی وایە کە لە دوورڕا بیبینی وەک بەرزاییەک وایە لە ئاسۆدا درێژبۆتەوە.(١٣٥)

هەمان شت بڵێ لەبارەی زۆر لە چەمک و بیرەکانی کە لە رەوتی ژیانی بیرمان سەودایان پێدەکەین، بەڵکو لە رەوتی ژیانی کارەکیماندا، کەوا هەست دەکەین ژیان، بیرەکی یان کارەکی بەبێ ئەو ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانینمان لەبارەیەوە لەوەندە دەرناکات کەوا لە ئاسۆی دوور شارێکی گەورە هەیە.

ئالێرەدا کاری فەلسەفە ئەوەیە کەوا نزیکمان دەکاتەوە لە ئەوان چەمکان بۆ ئەوەی بە وردی و بە پاژەکی بیان بینین. سەیر لەوەدایە کەوا خەڵک بەهۆی ئەم شیکردنەوەیە تاوانبارت بکەن کەوا شتی سادە ئاڵۆز دەکەی و ئاڵۆز بە سادە نیشان دەدەی، کە فەیلەسووف هات و شیکردنەوەی بۆ هێنان کەوا ئەو چەمکانەی کەوا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن و لەژیانەی رۆژانەیان باوە، شیدەکاتەوە و پاژەکانی دەردەخات ئەوا بەگژی داچوون وەک ئەوەی لەو تێگەیشتنە لێڵە یان خۆشی ببینن و دەترسن شیکردنەوەی فەیلەسووفان ئەو نیعمەتەیان لێ نەهێڵێت. (١٣٦)

رێبازەکەی وابوو بەرچاوکەیەکی گەورە کەرەوەی(زەڕەبین) بەدەست دەگرت و توخمەکانی ئەو بیرزەیم بۆ خوێنەر دەدۆزییەوە کەوا بەرئاخاوتن بوو، تەنیا ئەوەشە کەوا یاریکارە بۆ لابردنی تارمایی لێڵی و بزری کە چەمکە تەوەرەییەکانی داپۆشیوە کە رووناکبیریمانی لەسەر دەخولێتەوە. (١٣٧)

روونکردنەوە، واتای شیکردنەوەی چەمکە نادیارەکانە بۆ دەرهێنانی توخمەکانی کە لێیان پێکهاتووە بۆ ئەوەی تێیبگەین، بە تەواوی وەک هەر کردەوەیەکی کیمیایی بۆ ئەوەی لە ئاو بگەیت یان هەوا، یان پارچە رەژوویەک،یان ئەوەی بتەوێت، تێگەیشتنێکی زانستییانە پێویستە لەسەرت شیکەیتەوە لە کارگەکان، هەروەها شیکردنەوەی هۆشەکی بۆ برە نادیارەکان پێویستە هۆشەکییانە شیکەیتەوە بۆ ئەوەی توخمەکانی بدۆزیتەوەو ئەو کارایانەی پێکیان هێناوە. (١٣٨) ئەگەر بمانەوێت چەندان نموونە بۆ ئەم بیرزایانەی کەوا مامۆستا مەزنەکەمان بەشیکردنەوەیان هەڵسا دەبینین زۆرن زۆرییەکی سەرنج راکێش، لەبەر ئەوە ناچارین دابەشی سەر چەند کۆمەڵەیەکی بکەین و پاشان لە هەر کۆمەڵەیەک یەک یان چەند نموونەیەکی کەمی بۆ بهێنینەوە:

**یەکەم کۆمەڵە: بیرە رامیارییەکان: (ئەلف)-رووناکبیری شۆڕشگێڕ:** لە شێستەکان دەستەواژەی (رووناکبیری شۆڕشگێڕ) دەرکەوت لە نووکی خامەی نووسەران بڵاوبۆوە بیریارە مەزنەکەمان لەسەری بوو ئەو پرسیارە لە خۆی بکات،( کەی رووناکبیر دەبێتە رووناکبیر) بە تەنیاو کە دەبێتە رووناکبیری شۆڕشگێڕ بەیەکەوە؟ وەڵام دەداتەوە لە دوو



روانگە بۆ (ئیسراو میحراجەوە) واتە شەوڕۆیی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان، بەڵام یەکەمیان ئەوا فەرموودەی پێغەمبەرە(د.خ) کەوا ئیبن و عەرەبی هێناویەتییەوە: (هیچ پێغەمبەرێک بەوەی من ئەزموونکراوم ئەزموون نەکراوە) هێمای بۆ ئەوە کردووە کە گەڕانەوەیە لە بارودۆخی بینین،(بینینی خوا) بۆ جیهانی خەڵک بۆ ئەوەی بانگی گومڕایان بکات بۆ رێگەی راست. دووەم روانگەش: ئاخاوتنی دەروێشێکە کە دەڵێت: مەحەمەد پێغەمبەری عەرەبی چوو بۆ ئاسمانانی بەرز، پاشان گەڕاوە بۆ زەوی بە خودای ئەگەر بگەیشتبامە ئەو پێگەیە هیچ نەدەهاتمەوە.) ئا لێرەدا ئێمە لە پێش دوو چەشنە ئاگایی داین: یەکەمیان شەقڵی پێغەمبەرایەتییە و ئەوی دیش باری دەروێشێکە کە (خوا) ببینێت هیوا دەخوازێت نەیەتەوە ناو خەڵک، ئەگەر هاتوو گەڕاوە ناو خەڵک ئەوا کەم سوودە لەبەر ئەوەی خۆی حەشار دەدات لە خۆیدا و لە خۆشی ئەوەدا دەژی کە بینیویەتی. (١٣٩)

ئەوەتا ئێمە لە پێش دوو کەس داین: یەکێک حەق دەبینێت و هەر ئەو دیتنەی بەسە و کەسێک حەق دەبینێت تەنیشتی داناکەوێت هەتا ژیان دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی بینی،

هیچ نەسازی نابینم لەوەی لە بەکارهێناندا ئەم نموونەیە فرەوان بکەین و بیکەینە نموونەی جیاکردنەوەی نێوان ئەو رووناکبیرەی خۆشیی لە رووناکبیرییەکەی دەبینێت و هیچ لە رەوتی ژیان ناگۆڕێت. لەگەڵ ئەو رووناکبیرەی کەوا تەنیا ئەگەر بەکاری بێنێت وەک ئامرازێکی گۆڕینی ژیان لە دەوروبەری خۆشی لە رووناکبیرییەکەی دەبینێت. لەم باری دووهەمە رووناکبیر رووناکبیرەو شۆڕشگێڕیشە بەیەکەوە. (١٤٠) بەڵام ئەوەش پێویستی بە دیارکردنی پتر هەیە: سیفەتی(شۆڕشگێر) کە ئەخرێتە پاڵ رووناکبیر پتر یەکچینە لەگەڵ بواری زانستە مرۆڤەکییەکان لەوەی لە بواری زانستە سروشتییەکان: ناکرێ بەو زانای بیرکارییەی کە خوێندی و خوێندنەکەی خستەکار لە دروستکردنی پردێک پێشی بوتری رووناکبیری شۆڕشگێر لەبەر ئەوەی خوێندنەکەی خستەکار،نەخێر" جیاوازییەکە تەرخانە بۆ خاوەن رووناکبیری مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی ئەو بوارەیە بەهاکان دەگرێتەوە، بەهاکانیش کەوا دەکەونە بەر گۆڕان کە دەوترێت شۆڕشێک روویداو رووی ژیانی گۆڕی. (١٤١) بەڵام ئەم دیارکردنەش هێشتا بەس نییە، لەبەر ئەوەی رووی ژیان ئەگۆڕێت، گۆڕانێکی بەرەو دواوە بێت نەک بۆ پێشەوەی بەرێت، کەچی شۆڕشگێڕایەتی ئەخرێتە پاڵ ئەو رووناکبیرەی کەوا ژیان بەرەو پێشەوە دەبات بەرامبەر (کۆنە پەرستی)کەبەکاردێت بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت ژیان بۆ دواوە بگێڕێتەوە. بەڵام

ووردەکاری وا پێویست دەکات کەوا واتای (پێش) و(پاش) دیار بکەین لەبەر ئەوەی واتای دیار نابێت مەگەر بە گوێرەی ئامانجێکی زانراو، بەم شێوەیە دەتوانین( رووناکبیری شۆڕشگێر) بە وردتر دیار بکەین ئەگەر بڵێین ئەو کەسەیە کەوا بە چەندان نموونەی نوێی زانیوە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و هەوڵیدا ژیانی خۆی و دەوروبەری بەپێی ئەوە بگۆڕێت، بە مەرجێک ئەم گۆڕانە لەو رووکارەوە بێت کەوا مێژوو پیایدا دەڕوات بە شێوەیەک ئەو رادەیە فرەوان بێت لە مرۆڤان کەوا سوود وەردەگرن لەوەی کە تەرخان بوو بۆ کەمینەیەک لە لایەنەکانی هێز و ئازادی و زانست و هەموو رووەکانی دیکەی تەواوی.(١٤٢) سەیر لەوەدایە کەوا سوکرات دەکاتە یەکەم نموونەی (رووناکبیری شۆڕشگێڕ) لەبەر ئەوەی پشوو نادات و دڵی داناکەوێت، هەتا ئەو کاتەی وا دەکات خەڵک ئەوە وەرگرن کەوا لە بیریدا نەخشەی کێشاوە لەبارەی ئەوەی جڵەوی کار لەژیاندا هەمووی بکەوێتە دەست بنەماکانی هۆش: نە تاوگیری و نەئارەزوو و نەسۆز چاکترنین بۆ مرۆڤ لە هۆش (عەقڵ).(١٤٣)

(دووەم نموونەمان بۆ رووناکبیری شۆڕشگێڕ ئەفلاتوونە):وێنەیەکی هۆشەکی لە بیردا کێشالەبارەی دەوڵەتی نموونەیی چۆن دەبێت بۆ ئەوەی دەوڵەتێک بێت لەسەر دادپەروەری دەمەزرابێت) لە گفتوگۆیدا لە (کۆمار)دا بە درێژی لەبارەی وێنەی ئەو کیشوەرە داد پەروەرە دوا.. ئەگەر ئەفلاتوون تەنیا بەو وێنەیە وازی هێنابا ئەوا بە (رۆشنبیرێک) دەژمێردراو بەس کەوا بیرێک ئەبینێت شیدەکاتەوە و پاڵ دەداتەوە و پشوو دەدات، بەڵام رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ بوو لەبەر ئەوەی رێگەی هێنانەدی گرتەبەر بۆ ئەو بیرەی کە بۆی چوو بە تایبەتی بەهۆی شاگردەکەی دیونیسوسی لاو کەوا فەرمانداری کەوتە دەست لە سەراقوسە لە جەزیرەی سقلیە.(١٤٤) هەروەها غەزالی لە بیری ئیسلامی چاکترین نموونەیە بۆ بیریاری شۆڕشگێڕ لە مێژووی بیری ئیسلامی لەبەر ئەوەی بە بیرەکەی ژیانی و ژیانی خۆی خەڵکی گۆڕی لە پاشە خۆی بۆ چەند سەدەیەک و لە ژیانی بیری تازەمان( جەماله دینی ئەفغانی) رۆڵی سوکراتی هەبوو: کێشەیەتی و وتووێژ دەکاو شاگردان پەیدا دەکات و گیان دەورووژێنێت و دەروونان بە ئاگا دێنێت..

هەروەها شاگردەکەی(محەمەد عەبدە)وێنەی (٢٠) وانەی دەوتەوە بۆ ئەوەی چاکسازی ئەنجام دات و بنیات بنێت و دروست بکات و فێر بکات و پەروەردە بکات، تەنیا (رووناکبیر) نەبوو بەڵکو( رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ بوو) هەمان شت بڵێ لەبارەی قاسم ئەمین و لوتفی سەید، یەکەم دەنووسێت بۆ ئەوەی نیوەی گەل (ئافرەت) بگۆڕێت و



دووەم بۆ ئەوەی ژیانی رامیاری بنجی لەسەر بنەماکانی دیموکراتییەت دامەزرێنێت. بەم شێوەیە دەتگەیەنێتە چەندان ئاسۆی کە رەچاو نەکرابوون لەو شیکردنەوە هۆشەکییەی چەمکێک کە لە ژیانی رووناکبیریمان دەرکەوت. بەڵکو ئەوانەی ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە بیریان بۆ ئەوە نەچووە کەوا ئەم هەموو وەچەیەی لێ دەبێتەوە.

**(ب) ویستی گۆڕین:** زەکی نەجیب مەحموود لە هیچ رۆژان لە ریزی هیچ پارتێکی رامیاری دیارکراودا نەبووە، بەڵام بە دەستەواژەی خۆی (هەڵوەستێکی سوکراتی) هەبووە واتە خاوەن رایەکی سەربەخۆ. مافی دەربڕینی بیروڕاو رەخنەگرتنی هەبێت لە زۆر لە بارودۆخی کۆمەڵگەکەی، بەبێ پابەندبوون بە بیروڕاکانی پارتێکی زانراو یان هەڵوێستێکی( ئایدۆلۆژی تایبەتی)، ئەم هەڵوێستە سەربەخۆیە، ئازادی جووڵانەوەی پێ بەخشی لە رەخنەگرتن و شیکردنەوەی هەر چەمکێک کە لەسەر شانۆی ژیانی رووناکبیری یان رامیاریمان دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی هیچ شڵەژان و توندی تیادا بێت لەبەر ئەوەی دەبینیت ئامادەیە وەک خامەکەی تەیارەو نەشتەری شیکردنەوەی لەدەست دایە هەر بیرو چەمکێکی کە دەردەکەون وەردەگرێت و کاری خۆی تیادا دەکات: گرنگ نییە لای ئەو ئایا ئەو سەرچاوەی کە ئەم بیرەی بڵاوکردەوە- سەرۆک کۆمار بێت، یان کۆمەڵانی خەڵک بن لەسەر شەقام- پاش شەڕی سویس سەرۆک جەمال عەبدولناسر لە یەکێک لە دوانەکانی بانگەوازیدا بۆ (ویستی گۆڕان) کە ئێمە زۆر پێویستیمان پێی هەیە، بیریارە مەزنەکەمان هەڵی دەگرێتەوە و دەیخاتە ژێر بەرچاوکە گەورەکەرەکەی و دەردەکەوێت کەوا ئەم دەستەواژەیە دەبێتە قسە کاوێژ کردنەوەی دوو وشەی هاو واتا (ویستی گۆڕین) دوو وشەی داڕێژراون لەسەر شێوەی پاڵدراو و بەر پاڵ وەک کە دەڵێین خوێندنەوەی کتێب یان (بینینی رۆژ). بەیەکەوە یەکێک لە بنەماکانی کە ئامانجمانە لە لەرۆنانی ژیانی نوێمان، ئەو دوالیزمەش لەو چەشنە چەمکانەن کەوا خەڵک لێیانەوە لەسەر پلەیەکی ناوەند دایە لە نێوان(زانین و نەزانین)، کام هەیە وشەی (ویست) و وشەی(گۆڕان) بەکار نەهێنێت لە ئاخاوتنی رۆژانەیدا کە هەندێکی لە بارەی دەزانین ئەم یان ئەوێهی..؟(١٤٥)

لەو شیکردنەوەیەی لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی کەوا ویست وکار لەیەک جیا ناکرێنەوە، هەتا ئەو رادە کە دەبێتە زۆر وتن ئەگەر لەبارەی مرۆڤێکدا بڵێین(ویستی )هەیە، بەڵام ئەو کارەی نییە کە بیکات، وەک ئەوەی دەڵێت دەخواو بێ خۆراک یان دەخواتەوە و بێ ئاو"

ویست خۆی ئەو کارەیە کەوا ئامانج دێنێتەدی و ئەو تەگەرانە لادەدات کەوا ڕێی هێنانەدی دەگرن  بە مەرجێک ئامانجەکە ئامانجی تۆ بێت، دەنا دەبێتە ئامێرێک لە دەست خاوەن ئامانجەکە بە بێگار بۆ خۆی بەکاری دێنێت، تۆ لە کاری بە ویستی خۆت فەرماندەو بەرفەرمانی، تۆ کە کاردەکەی کەوا بە هۆیەوە هەوڵی دابینکردنی ئامانجەکانت دەدەی تۆ لەو کاتەدا بە هەموو ڕەوشت ویست و هێنانەدی بەرجەستە دەکەی. (١٤٦)

بەم شێوەیە دەبینیت کەوا کەوتت (ویست)، لەبەر ئەوەی بەبێ کار نابێت، کاریش نابێت بەبێ گۆڕین، ئەم گۆڕانە کە ڕوویدا چ کەم چ زۆر یەکسانە، لەبەر ئەوەی تۆ لە بۆشایی کارناکەیت، بەڵکو بۆ ئەوەی شتێک بجووڵێنیتەوە بۆ ئەوەی شوێنی بگۆڕیت، بە کورتی هەموو ویستێک کارە و هەموو کارێک جووڵان و گۆڕینە" کەواتە پێویستە لەبارەی (ویستی گۆڕان) نەدوێین بەڵکو لە بارەی ئەوشتە بدوێین کەوا دەمانەوێت بیگۆڕین، یان ئەو ئامانجەی کە بۆ دابینکردنی ئەوەی گۆڕاوە، ئەوە پێشنیار دەکات کەوا گۆڕان ئاراستەی چەمک و بەهاکان بکرێت کەوا لە ژیانماندا باون، نموونەیەکی بۆ دێنێتەوە لەیەککردنی نێوان تایبەتی و گشتی (ئێمە بەو نەریتە کۆمەڵایەتییەی بۆمان ماوەتەوە پتر ڕشتین لەسەر (سامانی تایبەتی) و زۆر کەم تەرخەمین بەرامبەر (سامانی گشتی) وەک چۆن لەبارەی سەخبیری پێویست بەرامبەر منداڵ و سەخبیری پێویست بەرامبەر هاونیشتمانی دوور" یان ئاگاداری پاگژی ناوماڵ و ئاگاداری ڕێگەی گشتی، نێوان ئەوماڵەی هەیتت و ئەو ماڵەی نیتت،  لەنێوان نۆڕینگە تایبەتی کەوا پزیشکێک بەکاری دێنێت و نەخۆشخانەی گشتی کە هەمان پزیشک دەیگێڕێت- بەڵام بەناوی دەوڵەت دەیگێڕێت. (١٤٧)

هەمان شت بلێ لە بارەی واتاکانی(شکۆ) و(پێشگەگرتن لە کۆمەڵدا) و شانازی کردن بە ملکەچ نەبوون بۆ یاسا..هتد

## ج- ئاکاری لادێ:

کە سەرۆک سادات لەبارەی ئاکاری لادی دوا بۆ ئەوە چوو بوو کەوا ئاکاری نموونەییە، دەیەوێت کۆمەڵگە بگێڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە(ئاکارە باڵایە)-بیریارە مەزنەکەمان بەرەنگاری شیکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە نامۆیەی ئاکاری لادێ بوو.

لەو بارەیەوە وتی: ئاکاری لادێ ئەو ئاکارەیە کەوا ژیاری کشتکاری لادێیی پەیدای کردووە، بەو ڕادەی کە بمانەوێت شتێک لەم ژیارییە بپارێزین پەندیاری لەوەدایە کەوا ئاکارەکەی بپارێزین، بەڵام ڕووکاری گشتی کە لەم چاخەماندا باوە ئەوەیە کەوا لادی



ببێتە شار نەک شار بکەینە لادێ، نزیکترە بۆ بیر کەوا جووتیار ببێتە کرێکاری کشتکاری بە هەموو ئەو واتایانەی وشەی کرێکار هەڵی دەگرێت لە مافی لە کرێ و دەستەبەری و پێک هێنانی جڤاتان و ئیدیش.

بەهاکانی ژیاری سازکاریی پەیدا بووینە بۆ مانەوە و سەرکەوتن، کەس هیچی پێ لەگەڵ ناکرێت. (١٥٠) پاشان مامۆستا مەزنەکەمان لەسەر ئەوە دەڕوات و ئەو (خراپی)یانەی ئاکاری لادێ دەژمێرێت کەوا سەرۆک کۆمار ستایشیان دەکات:

١-ڕۆڵەکانی لادێ کە دەست بە ئاکاری لادێیی دەگرن خۆیان بەیەک خێزان یان وەک یەک خێزان دەژمێرن، سەرچاوەی توندییەکەشیان لێرەوەیە، هەروەها لێرەوەیە سەرچاوەی دواکەوتنی ژیاریشیان، لەبەر ئەوەی هەستی یەک خێزانی بنچینەی سەرچاوەی(لە خۆمانە)یەتییە. خاوەن فەرمان ئەوەندەی بەسە کەوا بزانێت لە نێوان ئەو و فڵانەکەس ئەو پێوەندیە بەتینە هەیە بۆ ئەوەی بیکات بە(لە خۆمانە) ئەو کاتەش ناچار دەبێت ناچارییەکی ئاکارەتی پشتگیری بکات هەتا ئەگەر بەبێ مافیش بێت، ئەو پشتگیرییەش بە زۆری وادێت کەوا نرخەکەی ئەو کەسەی بە (خۆیی) ژمێردرا لاگری خاوەن خۆیەتییەکە بێت.. بەم شێوەیە ئاکامە زیان بەخشەکان دەردەکەون.

٢-پێوەندی نێوان تاکەکانی لادێ لەسەر پێویستییەکانی پێوەندی خوێن دامەزراوە-مەبەستم پێوەندییەکانی خزمایەتی- زۆر جاران ئەوەش لەسەر مافی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت کە لە سنووری لادێ و ڕۆڵەکانی فرەوانترە، ژیاری سازکاریی (پیشەسازی) بووە هۆی کۆبوونەوەی هەزاران کرێکار لەیەک کارگە بەڵکو ئاسایی لەیەک گەڕەکیش دابژین، ئەوەش بووەتە هۆی پەیدابوونی پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە جۆرێکی نوی ئەو پێوەندییانەی کە خۆی لە جڤاتان دەنوێنێت، پاش ماوەیەک ئامانجی هاوبەش تەنیا خزمەتکردنی یەک خێزان نابێت، بەڵکو خزمەتکردنی پیشەیەکی سازکاری زانراو و خزمەتی ئەوانەی پێی هەڵساون، ئا لێرەدا واتای بەرەیەکی زۆر لە بێژەکانی ئاکاری دەگۆڕێن وەک دادپەروەری و سەربڵندی و هاوکاریی. (١٥١)

٣-ئەگەر بێت و بانگەوازکردنی بۆ ئاکاری لادێ ڕومانسییەتییەک بێت و ئەندێشە ئاو بداتەوە، ئەوا زۆر لایەنی کەموکورتی تێدایە بە نموونە وردی کردن لە (کات)ی تێدا نییە وەک چاکەگەری، بەڵکو وردترین ئەوەی دەزانن بووترێت بەیانی و گزنگ و ئێوارەو، ڕۆژئاوایە، لەبەر ئەوە کوڕی لادێ دڵی تەنگ ئەبێت کە داوای کات ڕاگرتنی لێ دەکەیت بە سەعات و دەقە، ئەگەر هاتوو زانیمان کەوا وردی کردن لەکات لە

ئەستوونەکانی بنچینەیی ژیاری پیشەسازی ئێستاماندایە، بەوەوە دەزانین کەوا ئاکاری لادێ یارمەتی ئەو کەسە نادات کە دەیەوێت هاوبەشی لە ژیاری ئەم چاخە بکات.(١٥٢)

**(د) راست رەوی و چەپ رەوی لە بیردا:**

لەو چەمکانەی لێڵن و بە چەندان هێمای رامیاری بەکارهاتوون(راست وچەپ)ن دوو وشەن بە فرەوانی بەکاردێن بۆ جیاکردنەوەی نێوان چەندان بیرو هەڵوێست و کەسان: ئەو بیرە لە راستەوەیە و ئەویهێ لە چەپەوەیە، هەروەها ئەم هەڵوێستە و ئەویهێ، و ئەم پیاوە و ئەویهێ. زۆر جاران ئەوەی ئەخرێتە کۆمەڵەی راست بە کۆنەپەرست و نازانستی دەژمێردرێن، لەبەر ئەوەی چەپ تەنیا ئەو پێشکەوتنخوازە و زانستییە، ئەو شتەش بێبایەخ نییە تا وازی لێ بێنین بەبێ دیارکردن بڕوات..(١٥٣)

لە شیکردنەوەی ئەم دوو چەمکە دەگاتە ئاکامێک(وا بزانم ناچارەکییە ئەویش ئەوەیە لە بواری فەلسەفە هیچ جیاوازی لێکدابڕ نییە لە نێوان راست و چەپ،هەروەها باوەڕ ناکەم کەس بە ئەندێشەی دا بێت بڵێت(زانست) راست و چەپی هەیە..(١٥٤)

بەڵام ئەم جیاکردنەوە ئاشکرایە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاریی..

سەرەڕای ناو توێژی وێژە نەک شێوەکەی و، ناو توێژی هونەری شێوەکاریی و شێوەکەی بە یەکەوە، لای ئەوانەی داوا لە هونەرمەند دەکەن کەوا هونەرەکەی نامەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵگرێت.(١٥٥)

**(هـ) تاکمەزن (دکتاتۆر):** وا چاکە پێش ئەوەی ئەم بەشە لە بیر و چەمکەکانی رامیاری کۆتایی پێ بێنم بە خێرایی لە بارەی شیکردنەوەی پەیدابوونی تاکمەزن چۆن پەیدا دەبێت بدوێم؟ کە ئەیروانییە چۆلەکەیەک کەم کەم ئەهات چەند دەنکە دان بخوات لەو دەفرەی کە لەسەر دیواری بەر هەیوانی دەرەوەی خانووەکە داندرابوو، هەر کە چۆلەکەکە نیشت لە نزیک دانەکە ئەولاو ئەولای خۆی روانی بەخێرایی بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی کەس، کە دڵنیا بوو کەمێک یەک دوو هەنگاو هاتە پێشەوە زۆر بە ئاگایی و تا دانەکە کەوتە بەر دەندووکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک وەستا دووبارە ئەولاو ئەولای هەست لێ راگرت کە هیچی نەدیت بە ترسەوەو بە خێرایی دەنکێکی لێ هەڵگرت پاشان کەمێک دامەزرا دووبارە ئەولاو ئەولای خۆی نۆڕی کە تەنیا هەستی بە کرێ و هێمنی کرد کەوتە سەر خواردنی دانەکە تا تێری خوارد و فڕی.(١٥٦) لێرەدا ئەو دیمەنانە نیشان دەدات کەوا چۆن داگیرکەر بە ترس و ئاگایی دەست پێدەکات کە دڵنیا



بوو لەوەی هیچ زیانی پێناگات پڕ دەبێت لە ئازایی و دەست بە داگیرکردن و زۆرداری دەکات بە هەموو توانای بە دڵنیایی و ئاسایش یان بڵێ وەک کەسی هێمنی دڵنیا وایە هیچ شتێک رێی لێ ناگرێت تا دەگاتە کۆتایی رێگەکە.

بێدەنگبوونی خاوەن مافی دزراو ئەوەندە نابات دزەکە دەکاتە خاوەن ماف، لە دەستدرێژی کردن:( ئەو دەستوورەش دەمەوێت لەبەر دەستی تۆی دانێم ئەوەیە هەر کاتێک مرۆڤێک مافێکی خۆی بەفیرۆدا ئەوا تاک مەزنێک پەیدا دەبێت و خۆی بە خاوەنی دادەنێت.(١٥٧)

**کۆمەڵەی دووهەم: چەمکە ئایینییەکان:**

١-لارۆیی ئایینی: لە شیکردنەوەی ئەم چەمکە نموونەیەکی ئاشکرامان بۆ روون دەبێتەوە لە پێوەندی شیکردنەوە لای ئەو بیرمەندە بە دەرکەوتنی چەمک و بیرزاکان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی لە ژیانی رووناکبیریمان، ئەم کارایەتییە فەلسەفییە بەکار دێنێت بۆ شیکردنەوەی هەموو بیرێک لەسەر رووی ئەم ژیانە دەردەکەوێت هەر چ رەنگێک بێت، لەو کاتەی کە خەڵک لەبارەی (لارۆیی ئایینی) دوان یەکسەر نووسی(لارۆیەک لە ژێر ووردبیندا) هەوڵ دەدات لەگەڵ خەڵک بپرسێت واتای ئەم دەستەواژەیە چییە، وەڵام دانەوە لای وی بەم شێوەیە دەبێت: لە سەرەتادا پێویستە دوولایەن لەیەک جیا کەینەوە (ئایین)وەک هەیە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا لەلایەک، و (ئاییندار)ی ئەم ئایینە لە لایەکی دی، کتێبەکە یەکە بەڵام ئایینداری زۆرە، شتێکی ریزپەڕینە لە سروشتی شتان کەوا جیاواز بن لە رێبازی تێگەیشتنی یەک دەق کە خوێندوویانەتەوە. هەر ئەوەش لای موسلمانان روویدا، یەکدەگرن لەبارەی قورئانی پیرۆز بەڵام جیاوازن لە تێگەیشتنیان لە هەندێ لە ئایەتەکانی، لێرەوەیە راڕەوە جیاکان پەیدابوون، کەواتە واتای لارۆیی ئەوەیە موسڵمانێک رێگایەک هەڵبژێرێت بۆ تێگەیشتن، یان راڕەوێکی(مەزهەبێک)ی دیارکراو، پاشان بڵێ هەر تەنیا ئەو شێوە تێگەیشتنە دروستە و ئەوانیدی هەڵەن، ئەگەر کێشەکە هەر لێرەوە وەستابا ئەوا کارەکە ئاسان بوو بەڵام دەبێتە (لارۆ) ئەگەر بیەوێت کەوا کەسانی دی بەهێز بخاتە سەر هاوبەشکردنی لەو بیروباوەڕەی هەیەتی- ئەم هێزە هەر شێوەیەکی هێز بێت.(١٥٨)

بیریارە مەزنەکەمان لە شیکردنەوەی بۆ چەمکی لارۆیی دەگاتە ئەو ئاکامە کەوا لارۆ چوار تایبەتی هەیە لە بواری ئایین یان لە هەر بوارێکیدی جگە لە ئایین.

**یەکەم:** شەقڵێکی بنچینەیی لارۆ ئەوەیە کەوا خەڵکیدی بترسێنێت بۆ ناچارکردنیان

بۆ وەرگرتنی (باوەڕهێنان بە) ئەوەی ئەو و ئەو کەسانەی لەگەڵ ویدان بانگی بۆ ئەدەن، ئەو شەقڵەش جێی رەخنەیە، کاکڵی لاڕۆیی هەر لەو تۆقاندنە دایە، کێشەکە لەوەدا نییە کەوا بۆ خۆی گۆشە نیگایەک هەڵبژێرێت و تیایدا بیر و هەڵوەستەکانی تیادا ببینێت. بە نموونە گۆشە نیگای (خەواریجەکان) (خۆدەرهاویشتەکان) جێی رەخنەی تیادا نەبوو، کەچی نەتەوەی ئیسلامەتی هەمووی لێیان دوورکەوتنەوە، بۆ..؟ هۆی لاڕۆییان پەنا بردنە بەر توندوتیژی بوو، بە تۆقاندنی هەموو ئەوانەی بکەوتانە بەر دەستییان تا دەهاتە سەر گۆشە نیگای وان، ئەگەر نا بە خراپترین شێوەی کوشتن دەیان کوشت و بە دڕندەترین شێوە، لەگەڵ ئەوەی ئەوان یەک ترووکە وازیان لە خواپەرستی نەدەهێنا- و بەردەوام بوون لە نوێژ تا ئەو رادەی بەو برینەی نێو چاوانیان دەیان ناسین کە بەهۆی سوجدە بردن لەسەر بەردی رووتی سەر زەوی پەیدادەبوو. (١٥٩)

**دووەم:** ئەگەر هاتوو تۆقاندن ئامرازێک بۆ ناچارکردنی نەیارەکان و شەقڵی ناوبرێت کەوا لاڕۆ جیا دەکاتەوە لە کەسانی دی، بە هیچ شێوە مرۆڤی بەهێزو دڵنیا لە خۆی و باوەڕەکەی پەنای بۆ نابات. بەڵکو کەسێک کە بێهێزییەکی هەبێت لە هەر شێوەیەک بێت لە شێوەکانی-بێهێزی- پەنای بۆ دەبات بۆ؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر هەستی بە بێ هێزی کرد لە دەروونیدا ترس دایدەگرێت لەوەی خاوەن هەڵوەستەکانی دی بەسەریدا زاڵ بن، وەک هەر ترساوێکی دی دەبینێت لاڕۆ بە پەلەو بێئارامە پەنا دەباتە بەر نزیکترین ئامراز بۆ لەناوبردنی نەیارەکەی، گەر بتوانێت، پێش ئەوەی دەرفەت رێککەوێت لە پێش ئەو نەیارەی. (١٦٠)

سێیەم: بەو واتایەی رابرد کەس لاڕۆ نابێت، ئەو کەسە نەبێت، کەوا لەسەر هەردوو شانیدا سەرێکی بەتاڵ و بۆشی هەبێت، مەگەر چەند وڕێنە نەبێت، ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: ئەو بیرانەی کەوا لەسەریدا باری کردوون نازانستی بن، لەبەر ئەوەی بیرزای زانستی بە لێبڕاوی دروستن .

دووەم: ئەوەی سەری لاڕۆی پێ پڕدەبێت، سەر بە زانست نین بە هیچ شێوەیەک، کەواتە ئەو تایبەتییانەی دژی زانستی تێدا هەیە، لەوانەش (جۆشی تاوگیری) و لێڵی واتا و شیانی زۆربوونی گۆشە نیگای جیاجیا تیایدا. (١٦١)

چوارەم: دوا شەقڵی لاڕۆیی، لە راستیدا، دۆخێکە لە دۆخەکانی پێک هاتنی دەروونی، کە دەڵێین گۆشە نیگا ئەوا لە بواری بە ئاسان گرتنەوەیە، کەچی لە راستینەی ناخیدا



(دۆخێکی دەروونییە) وا لە خاوەنەکەی دەکات ئامادە بێت بۆ لاڕۆیی و بەس!: ئەوە گرنگ نییە کەوا لە چ بابەتێک لاڕۆیە، بەڵکو گرنگ لەو پێکهاتنەی ئەودایە کەوا لاڕۆ بێت بۆ لاڕۆیی لە خۆیدا، لێرەوەیە کەوا دەبینین زۆر نموونە هەیە لە لاڕۆیان لە نێوان رۆژ و شەوێکدا پاز ئەدەن لە لاڕۆ بوون لە بیرێک بۆ لاڕۆبوون لە بیرێکی کە دژو نەسازیەتی، دەبینیت ئەمڕۆ لاڕۆیە لە روانینێکی ئیسلامی زانراودا پاشان بەیانی دەبینیت لاڕۆیە لە روانینێکی شیوعییەتی، یان پێچەوانەی، لەگەڵ ئەوەی ئیسلامیەتی و شیوعیەتی دوو دژن هیچ ناگەنە یەک. (١٦٢)

(ب)فەلسەفەی (شایەتمان) گەواهی: واتای گەواهی چییە (لا اله الا الله)(هیچ پەروەردگارێک نییە هەر خوا نەبێت) کەوا بنچێکی چەسپاوە لە ژیانی ئایینیمان و رووناکبیریمان؟ ئەم چەمکە

لە داری هۆشیاریدا بە ژن و رەگیەتی و پاشان لکەکان شین دەبن و فراژوو دەبن و پەلک دەردەکەن، ئەو گەواهییە هێمایە- لە نێوان ئەو بەر هێمایانەدا- بۆ سێ ستوون بە یەکجار، خۆی تەنیا بەسە بۆ رۆنانی پەیکەرێکی رووناکبیری تەواو ئەگەر هاتوو گۆشتی بکەینە بەر دەبێتە ژیانێکی بیرەکی، سروشتێکی دەبێت جیای دەکاتەوە لە زۆر لەوانی دی، هێما بۆ خودی خوایی زانراو دەکات و خۆیەکی مرۆڤی بینەر دەکات و کۆمەڵەیەک لە کەسان کەوا گەواهییەکە بە ئامادەبوونیان ئەنجام دەدرێت:

١-یەکەم ستوون کە شادە هێمای بۆ دەکات، بوونی خواییە، کەوا گەواهی ئەدەیت هیچ خوای دی نییە، پاشان دەبینین ئەم خوایە چەندان سیفەتی هەیە یەکدەگرن لە یەک بنیات، ئەوانەن ناویان دەبەین بە ناوە جوانەکانی خوا (اسماء الله الحسنى)،ئەم کۆمەڵە سیفەتانە بۆ خوان بە شێوەیەکی رەها ،هەروەها بۆ مرۆڤن بەڵام بە پێوەندی، واتە موسلمان پێویستە کار بکات بۆ ئەوەی لە ژیانیدا زاناو تاک و توانا و زاڵ و بڵند و بە زەبرو ...هتد بێت دەنا گەواهییەکەی بێژەییەو بێواتا.

٢-بەڵام ستوونی دووەم کەوا شادە تیایەتی ئەویش بوونی مرۆڤە کەوا گەواهی دەرە پێویستە بە رامانەوە بوەستین لای( مرۆڤ خۆی) بۆ ئەوەی بپسنین ئایا چۆن بوونی دێتە جێ وچۆن؟ هەر چۆنێ بێت لایەنی لەیەکچوون و گونجانی نێوان تاکەکانی مرۆڤ ئەوا تاکی مرۆڤان نابێتە(خودێک، مەگەر هەندێ شتی بۆ بمێنێتەوە کەوا پێیەوە جیا بێت لە هەموو ئەوانی دی، ئەو بۆماوەش زۆر گرنگ و بە مەترسییە لەبەر ئەوەی ئەوەیە چییەتی وی دیاردەکات، ئەویشە بەرپرسیارە بەرامبەر خوا و خەڵک ئەم لایەنە تاکەشە

لە بوونی مرۆڤ کەوا گەواهی دەدات هیچ پەروەردگار نییە هەر خوا نەبێت). (١٦٣)

٣- ستوونی سێیەمی «شایەتمان»:

بریتییە لەبوونی کەسانی دیکە، ئەم ستوونەشی بنچینەییە لەژیانی ئەو مرۆڤە، زەین بدە ئەو جیاوازییە فرەوانەی نێوان مرۆڤێک وارەفتار بکات وەک ئەوەی تەنیا ئەو لەجیهاندا بێت، و کەسێکی دیکە لەهەر هەنگاوێکیدا، لەهەرکارێکی کە دەیکات ئەوەی لەبەرچاو بێت کەوا کەسانی دیکە هەن دانی پێدانـاون کەوتوویەتی لا ئیلاهە ئیلاللّلا، بەم جۆرە لەیەک بنجدا سێ چەشنمان بۆ پەیدادەبێت: راستیی ئایینی، تاکایەنی مرۆیی، پەیوەندییەکانی کۆمەڵ(١٦٤).

**ج-نیهادی ئایینی:** ئەو ئامانجەی کەوا پێویستە بەرنیشانەی پەروەردەی ئایینی بێت ئەوەیە پەیداکردنی ئەو چەشنە ویژدانە ئایینییە بێت کەوا ببێتە رێنیشاندەری خاوەنەکەی هەرچەند هەڵوەستەیەکی نوێ لە رێگە دەرکەوت- بۆ هەڵبژاردنی ئەو رەفتارەی کە یاریدەی دەدات بۆ تەواو بوونی کەسایەتییەکەی، کەوا نیشانەی(یەکایەتی ئەو کەسایەتییە بێت) لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کەوا ئیسلام بوونی موسڵمان دابین دەکات لە پێگەی یەکەم دا ئەوەیە، لە کەسایەتی خۆی نامەی ئیسلامەتی بەرجەستە بکات- و(یەکتاپەرستی) لەم نامەیەدا لەجەرگەی دایە. مەبەستمان لە وشەی (نیهاد) چییە؟ مەبەستمان لێی ئەوشتانەیە کەوا بۆ خۆمان پوختەمان کردووە لەوەی ئاگاییمان لێ پەیدا کردووەو تیایدا ژیاوین:

یان لە شارەزایی یەکسەرمان یان لەوەی باوکمان و مامۆستاکانمان فێریان کردووین و(خستومانەتە نیهادەوە) لەناو دەروونمان پاراستوومانە بۆ ئەوەی هەڵیگرین لەگەڵ خۆمان بۆ هەر لایەک بچین، وەک کەسێک بین کەوا لەگەڵ خۆی رێنوێنێکی نیشاندەری هەڵگرتبێت بۆ رێگەی راستی پێشان بدات ئەگەر هاتوو رێی لێ ون بوو. (١٦٥)

ئایا ئەو بنەمایە چییە کەوا موسڵمان وەری دەگرێت لە یەکایەتی خواو دەیخاتە سینەیەوە بۆ ئەوەی سەرچاوەی بێت لە رەوتی ژیانی؟ ئایا چۆن باوەڕی (یەکایەتی) بە پەروەردە بکەینە (نیهاد) موسڵمان بەو هۆیەوە ببێتە موسڵمان لەوەی کە وازی لێ دێنێت و لەوەی کە هەڵی دەبژێرێت؟

ئەو بنەمایە ئەوەیە کەوا ئەو کارانە هەڵبژێرێت کەوا لەگەڵ ئەوانی دی رێک بێت لە رۆنانی کەسایەتییەکی یەککگرتوو، یەکایەتی ئیسلامی لە ناخەوە رێکهێنانی ژیانی ئاکاریی مرۆڤە، بە واتای رێکخستنی کۆمەڵە بەهایەکی گیانی لە ریزکردنێکی زانراو



ئەوە دەربخات کامیان لە پێشترە لەوی دیان ئەگەر نەیار بوون لەیەک هەڵوێستی زانراودا، کەواتە باوەڕی موسڵمان گەر لە سینەی چەسپا لە شێوەی نیهادێک رێگای راستی بۆ نیشاندا، ئەوا ئەو شتەت دابین کرد کەوا پێوەرە ئاکارییەکانی زۆر نابن، پێوەرێک لە پێش فەرماندار بەکاری بێنێت و پێوەرێکی دیکە لەپێش خەڵک بەکاری بێنێت و پێوەرێکی سێیەم رابگرێت کە تەنیا لەگەڵ خۆی دابێت: ئێمە ئەگەر توانیمان ئەو (نیهادە ئایینییە) لای رۆڵەکانمان پەروەردە بکەین ئەوا دەبێتە زرێیەک دەیان پارێزێت لەوەی بچووکەکەیان ژێر دەستی گەورەیان بێت و هەژاریان ژێر دەستی دەوڵەمەندیان بێت و یان بەرفەرمانیان ژێر دەستی فەرمانداران بێت. (١٦٦)

**٤- چەندان چەمکی لەیەک جیاواز:** چەندان چەمکی ئایینی هەیە کەوا بیریارەکەمان شیکردۆتەوەو توێگەری کردووە، لەو چەمکانەش بە نموونە جیاکردنەوەی نێوان(بیری ئیسلامی) لە لایەک و بیری (موسڵمانان) لە لایەکی دی، بۆ ئەوەی بیر ئیسلامی بێت پێویستە لە بارەی ئەو کێشەیانەوە بێت کە سەر بە باوەڕی ئیسلامین و سەر بە رێچکەکەیەتی. لەو باوەڕانەش وەک باوەڕ بوون بە بوونی (خودا) و ماکەکانی(سیفەتەکانی) وەک یەکایەتی و دادپەروەری و توانست و زانین..هتد هەروەها چەندان چەمکی دی وەک پێشەوایەتی، و چەمکی ئافراندنی قورئان..هتد ئەوە بیری ئیسلامییە کە لە بارەی بابەتەکانی سەر بە باوەڕ دەدوێت. بەڵام موسڵمانان چەندان زانای خاوەن بیری مرۆڤایەتی گشتی تیادا هەڵکەوتووە ئەو زانایانە خۆیان نە بەستۆتەوە بە هیچ سیفەتێک- تەنیاو تایبەت بێت بە ئایینێک دوور لە ئایینەکانی دی- لێرەدا سەیری بیری ئەو موسڵمانانە دەکەین کە لە بارەی ئەو زانیاریانە دواون کە تایبەت نییە بە باوەڕو شەریعەت، تەنیا ئەوەندەی لە ئیسلام تیادایە کە خاوەنەکەی موسڵمانە، وەک بیرکاریزانی، و ئەستێرەزانی، و زاناکانی کیمیاو بینایییزانی، و پزیشک و ئەندازیاران، بەڵکو دەتوانین هەندێکی دیشی بخەینە سەر وەک نووسەرانی گەشت و گەڕان و رەخنەی تۆروانی و زانستی ئاژەڵ و رووەک..هتد هەموو ئەوانە چەند چەشنێکن لە زانین و زانیاری کە موسڵمانان پێی هەڵساون هەتاوەکو بووەتە شێوەیەکی پڕ بەها لەوەی ناوی دەبەین بە کەلەپووری نەتەوەییمان بەڵام ناکەوێتە بەر ئەوەی ناوی دەنێین بیری ئیسلامی..(١٦٨)

لەو چەمکانەی کە بیرمەندەکەمان لەسەری نووسین لە چەمکە ئایینیەکان(ئایین)(ئایینداری)و (زانستەکانی ئایین)بوون کە زۆربەی خەڵک

واتاکانیان تێکەڵ دەکردن هەتا دەگاتە پسپۆرەکانیش.
(ئایین لەسەر دەقە دیارکراوەکانەوە دامەزراوە. پاشان دوولایەکەی دی دێت: ئەوانەی باوەڕیان بەم ئایینە هەیەو بەو سیفەتەشیان دەوترێت (ئاییندارى) و پاشان زانستەکانى ئایین دێن کەوا لەسەر بنچینەى ئەم دەقانەوە دادەمەزرێن، وەک بینیمان. زانستى ئایین نە (ئایین)ەو نە (ئاییندارى) بەڵکو کردەوەیەکى هۆشەکییە لەسەر ئایین دامەزراوە (ئاڕاستەى ئایین دەکرێت). ئیسلامەتى وەک(ئایین)ێک مایەوە بۆ باوەڕ پێکەرانى و (ئاییندارى)یان دەکرد بە ڕێنوێنى و بنەماکانى پێش ئەوەى ڕێچکەزانان دەرکەون تا لەسەر بنچینەى بیرکردنەوەى زانستى زانستى لەسەر دامەزرێن. کە ئایەتى (الیوم اکلمت لکم دینکم) واتە (ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواو کردن) هاتە خوارەوە (ئایینى ئیسلام تەواو بوو بوو خەڵک پۆل پۆل هاتبوونە ریزى و هەتا ئەو کاتەش هێشتا یەک دێڕ لە هیچ زانستێک نەنووسرابوو لە زانستەکانى ئایین، ئەوەش بەڵگەیەکى یەکجارەکیە کەوا ئایین خۆى شتێکەو ئاییندارانى شتێکى دووەم و، ئەو زانستانەى کە لەسەرى دادەمەزرێن شتێکى سێیەمە.) دەتوانین وتارى(شەیتانى لاڵ)(الشیطان الاخرس) بخوێنینەوە بۆ ئەوەى بزانیت چۆن ئەم بیریارە مەزنەمان بەرەنگارى چەمکە ئایینیە هەڵەکان دەبووەوە بە شیکردنەوەو پووچ کردنەوەیان، هەر لە کاتى دەرکەوتنیان لە ڕۆژنامەکاندا- یەکێک لە پێشەوایانى ئایینى- لە ڕۆژنامەى ئەهرام نووسى (پیاوانى شەریعەت توانایان هەیە لە بارەى هەموو شتێک بدوێن) دەست بەجێ بیریارەکەمان ئەم هەمەکى کردنەیان ڕەت دەکاتەوە(ئەگەر ئەم کارە وا بێت کە ئاخێوەر بۆى چووە پێویستە لە بەیانیەوە هەموو زانکۆ و بنکەکانى توێژینەوە و ئیدیش لەوانەى کە دەیانەوێت شتێک لە راستى بە خەڵک بگەیەنن دابخرێن و تەنیا کۆلیژى شەریعەت کراوە بێت لەبەر ئەوەى (هەموو شت)یکمان فێر دەکات..(١٧٠)
**کۆمەڵەى سێیەم نەتەوەخوازى:** چەمکەکانى نەتەوەیى و بیرى نیشتیمانى.
من لەو باوەڕەدام کەوا بیریارە مەزنەکەمان زۆر بە پەرۆشەوە بووبۆ ئەوەى (نەتەوەخوازى) بکاتە چەمکێکى رووناکبیرى، نەک بیرزاییێکى رامیارى، لەم بارەیەوە دەنووسێت (عارەبایەتى مرۆڤى عەرەب بڕیارێکى رامیارى نییە کەوا کۆنگرەکانى پۆپە یان کۆنگرەکانى لاپاڵەکان یان دۆڵەکان دەرى بکات.. بەڵکو ئاوێتەیەکى رامیاریە لە ژیانى رۆژانەیدا تیایدا دەژى و هەتا عەرەب خۆى ئەگەر ویستى لێى جیا بێتەوە یان بیکاتەوە بەر بەویستى خۆى ناتوانێت.. نەخێر عەرەبایەتى عەرەب پۆشاکێک نییە لەبەرى کات و



یان دایکەنێت بە ویستى خۆى، بەڵکو چەندان تایبەتیە دەشێ ئەوەندەى رەنگى پێست و رەنگى چاو لێى نزیک بێت..(١٧١)
**ئایا ئەم تایبەتیانە چین: یەکەم:** یەکەم تایبەتى عارەبایەتى زمانیەتى، بەڵام ئەم لایەنە ئەوەندە بەس نییە کەوا زمانى نووسین وئاخاوتن بە عەرەبى بێت، کەسێکى ئەورووپى کە زمانى عەرەبى خوێند بێت ئەشێ قسەى پێ بکات و پێى بنووسێت، بەڵام نایخەینە خانەى عارەبایەتى وەک رۆڵەیەک لە رۆڵەکانى.. گرنگ لێرەدا ئەو ترووکە هۆشەکیانەیە یان ئەو پێزانینە قووڵەیە کە لە گیانى مرۆڤى عەرەبى دایە، بۆ ئەوەى دەبات کەوا ئەو سیفەتانە وەرگرێت کەوا لە زمانى عەرەبیدا خۆى دەنوێنێت.
بە نموونە لە تایبەتیەکانى زمانى عەرەبى ئەوەیە کەوا ئەتوو ئەگەر بنجى سێیانەى هەر وشەیەکت زانى ئەوا دەزانیت چۆن دارى داڕشتنەکانى لێ بتەقێنیتەوە هەرچەند لکەکانى زۆر بن، ئەگەر وشەى (کتب-نووسى)یە بزانى ئەوا چەندان وشەى دى لى دەتەقێتەوە وەک (کاتب- نووسەر)، و(کتاب- پەرتووک) و(کتابە- نووسین)، و(مکتوب- نووسراو)..هتد) وەک ئەوەى ئێل بێت یان هۆزێک بن بە ژمارەى تاکەکانیەوە، بەڵام ئەم تاکانە سەر بەیەک سەرن.
**دووەم:** تایبەتى دووەم مەیلى عارەبە بۆ خێرا پازدان لە تاکە پاژەکیەکانەوە بۆ رەهاکردنى و هەمەکى کردنى بۆ جۆرەکان و رەگەزەکان، لاى گرنگ نییە ئەو باڵندە زانراوە لاى وی گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە باڵندە بە جۆرەکەى بناسى.. عارەب لە پێکهاتنى هۆشەکییەکەیدا بایەخى زۆر بە تاکەکان نادات یان تاک تاکى بابەتان، بەڵکو بایەخ بە (پوختە)ى گشتیە رەهاکەى دەدات کە بتوانێت لەگەڵ خۆى هەڵى گرێت لەو کاتەى کە لە گەشتدایە لە بیابان لەسەر پشتى وشتر! مەیلى شاعیرى عەرەبى گەیشتە رادەیەک لە رەها کردن ئەگەر بە ئافرەتێکدا هەڵبڵێیت ئەوا مەبەستى ئافرەتێکى دیار کراو نییە، بەڵکو لاواندنەوەکەى هەموو (جۆر)ى ئافرەت دەگرێتەوە، یان ئەگەر وەسفى ئەسپێک بکات یان وشترێک یان هەر شتێکى دى.(١٧٢)
**سێیەم:** سێیەم تایبەتى باوەڕهاتنى عارەبە بەوە کەوا ژیارى دروست لەسەر تەوەرەى ئاکار (رەوشت)دەگێڕدرێت لاى ئەو کەسەى کە ژیارى سازاندویەتى ئەوە گرنگ نییە کەوا بەهێز بێت بە چەکەکەى یان توانا بێت بە سامانەکەى، بەڵکو گرنگ ئەوە کەوا ئاڵوگۆڕ لە نێوان مرۆڤ و خوداى، و مرۆڤ و مرۆڤى دى لەسەر چەندان چەشنە دەستووران بڕوات کەوا ئاسمان بۆ خەڵکى زەوى نەخشەى کێشاوە. ئا لێرەوەیە نژادى

عـارەبی ئەو باوەڕ بوونەی هەیە بەو شتە کەوا پەروەردگـار دەیەوێت و فـەرمان دەدات و بەندە گوێڕایەڵە و ملکەچی فەرمانە بەبێ پرسیار.

**چوارەم:** عەرەب هەڵکەوت و نموونە بەرامبەر ناکات بەڵکو، (هەڵکەوت) و(هەڵکەوت) وشەی نموونە لە زمانی عـەرەبی واتای نواندن، هەبوونی بوونەوەرێک دەبەخشێت کە دەیبینین و دەستی لی ئەدەین، بەڵام وشەی(هەڵکەوت) واتای کـەوتن دەبەخشێت کە دابەزین و بەرزبوونەوەیە، لەم بۆچوونەوەیە کـەوا عـەرەب ئەڕوانێتە جیـهانی بوونەوەرە کـارەکـیـەکـانەوە و هەندێکیـان لەگـەڵ ئەوانیـدی بەرامـبـەر دەکـات و هەمـوویان لە(هەڵکەوت) یەکسانن چ نزمتر یان بەرزترین! بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کەوا ئەم تایبەتیانە ئەوە نەری دەکات کە هەوڵدانە بۆ گـۆڕینی ئەوەی بیانەوێت بیگۆڕین لەوانە. ویستمان هەر ئەوەندە بڵێین کەوا: عـارەبایەتی عـەرەب هەبوونی رووناکبیری هەڵاواردراویتی- بە بڕیار نابەخشرێت وەک ئەندێشەبازان بۆی دەچن)(١٧٣)

**ب-کەسایەتی میسری:** هیچ نەسازی لە نێوان عـارەبایەتی کەسی عـارەب لەلایەک و هەڵاواردەکـانی ناوچەیی لە لایەکی دی نیـیـە، مـیـسری مـیـسـری و عـەرەبە بەیەکـەوە هەروەها چۆن سـوودانی سوودانی و عـەرەبە بەیەکەوە، ... بەیەکەوە. لەسەر ئەم زەمـینە کـەسێک نیـیـە تاک هۆگریی بێت، ئەو شـتـە وەک ئەو بازنانە وایە کـە پلە پلە فـرەوان دەبن.(١٧٤) ئەگەر ئەوە دروست بێت ئایا گـرنگترین تایبەتیەکانی کە میـسری خۆی هەڵداوێری چیە..؟! گرنگترینیـان قـوولی هەستی ئاییـنیـە، دوا بەدوای ئەو فرەوانی ئەو سنوورەی کە ئاڵ وگۆڕ لەگەڵ (ونیەتی) دا دەکـات، هەندێ جار بە باوەڕی رێنیشاندەر، و هەندێ جار بە تەلیسم و ورێنان.(١٧٥)

پاشان ئەو تایبەتیەی دێن کە هۆگری خێزانیەتی هۆگریەکە لە سنووری(خێزانی ناوەند ناوەسـتـێت وەک زۆر لە نووسـەرانی رۆژئاوا وەسـفـی دەکـەن بە واتای دایک وباوک وبراکان، بەڵکو میسری سنووری خێزان کە زۆر هۆگریەتی فرەوان دەکات تاوەکو کوڕە مامەکان و کوڕە خاڵەکانی بگرنەوە و ئەوانەی بە وانەوە پێوەندارن.(١٧٦)

هەروەها مـیـسـری هەڵداوێردرێن بە خـۆشـویـسـتـنی زەوی نەک هەر لەو لایەنەوە کـە زەویەکەیەتی دەیچێنێت، بەڵکو لەو لایەنەوە کە زەویەکە پێوەندی پێوە هەیە لە رووی لە دایک بوونیەوە و تیایدا فراژووبوون و خزمەکانی تیا بوون..

لای میسر لە قـوولی باوەڕی ئاییـنی و لە بەهێز هۆگر بوونی بۆ زەویەکەی و رەسـەنەکەی، خۆشەویستیەک لکی دەرکردووە وەک خۆشەویستی سۆفیگەری بۆ ئەوکارەی کە ئەنجامی



دەدات، چ کـشـتـوکـاڵی بێت یان سـازکـاریی، و مـەبەسـتم لێـرەدا بە خـۆشـەویسـتی سۆفیگەری خۆشەویستیەک بۆ شتەکە خۆی و بۆ خۆی نەک بۆ ئەو گرێیەی کە لە سەری دا دەمەزرێت.(١٧٧) پاشان بیریارەکەمان پوختەکەی کە کلیلی کەسایەتی میسری لەو دەستەواژەیە دەردەخات:( میسری سازکارو پەرستیارە) کار لەگەڵ بوونەوەرەکانی، و کـار لەگـەڵ ونبـینـایەتیـدا بە دڵ و ئیـمـان دەکـات، هەڵکەوت خـوازە لەباری یەکـەم و سۆفیگەری خوازە لەباری دووەم مایەخوازە لەلایەک و گیان خوازە لەلایەکی دی، وەک ئەوەی بیریارەکەمان دەیەوێت بڵێت کەوا کەسایەتی میسری نموونەیەکی نوێیە بۆ ئەم رێژەیەی کە پێشنیاری کرد بۆ چارەکردنی گیروگرفتە رووناکبیریەکانی هاوچاخمان، مـەبەسـتـم رێژەی کـۆکـردنەوەی نێـوان (هۆش و ویژدان) و ئەوەی یاریدەیدا بۆ ئەم کۆکردنەوەی هەردوو لایەن لەیەک کەسایەتی تەواوکار ئەو نموونەیەکی بیهاوتایە لەیەک رێژەی ژیاری تایبـەتیـەکـانی زەوی چاندن و ژیانی دەوارنشـینی ( بەداوەتی) بیـابان و کۆمەڵگەی شار کۆدەکاتەوە.(١٧٨) بەڵام ئایا ئەو میـسریەی کە هەم سازکارەو هەم پەرستکار) لەیەک کاتدا لە کوێ بیبینین؟! مامۆستا وەڵام دەداتەوە دەڵێت (دەتوانی لەو شتانەی بەدەستی خۆی دروستی کردوون بیبینیت، دەتوانی لە کێڵێکدا کە لە بەردی سەخت بە دەسکەنەی بلیمەتێکی توانا داتاشراوە، بیبینیت، کە سەری بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان، وەک ئەوەی وشەیەک نزاییێت لە نوێژدا! دەتوانیت بیبینیت لە ئەخناتوون کە گەواهی دەدات کە خوایەکە لە پشت ئەم هەموو دیاردانەی سەر زەوی و لە ئاسماندا! لە رەبەنی دێرێدا دەیبـیـنیت کـە دەچینێت و خـواپەرسـیی دەکـات لە یەک کـاتـدا، لە مزگەوتەکان و منارەکانیـان، ئەوانەی کە لەبەر پرشکۆیی بنیاتنانیـان نازانی ئایا نوێژە لەو بنیاتە بەرجەستە بووە یان ئەم بنیاتەیە تواوەتەوە لە نوێژدا.(١٧٩)

**ا- لاگری نیشتمان:** مامۆستا کە لە تەلەفزیۆندا بینی کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم هاوار دەکەن ئامادەن بۆ خۆ بەخت کردن بە خوێن وگیان بەهۆی(لاگری)(ولاء)بۆ ئەو کەسە یان ئەوێهی، هەستی کرد لەم وێنەیەدا شتێک هەیە دەبێتە هۆی بێ ئارامی و پێویستی بە راستکردنەوە هەیە.(١٨٠) لەسەر زمانی سوکراتدا نووسی(لاگری بۆ تاکە کەسێک نابێت، ئایا لەو کاتە چ دەبێت کە ئەو کەسە نەمینێت بە ئاشکرایی کە لاگری ئەویت؟

«ئایا لاگری کەسی دی ناکەیت بێ لاگری دەمینێیتەوە؟ لاگری دروست برادەرەکانم بۆ کەسێک نابێت ئەوەندەی بۆ کێشـەیەک یان بیرێک یان باوەڕێکی ئایینی دەبێت یان ئیدی کە مرۆڤ بۆی دەژی و باوەڕی وا دەبێت کە بێ ئەو ژیانی بەتاڵە».(١٨١)

پاشان واتای لاگریی شیدەکاتەوە تا دەبینێت کەوا لە راستیدا بنچینەی هەموو ئاکارێکە..

«نهێنی لاگریی لەوەدایە کەوا تاکە کەس لە قوولایی دەروونییەوە وا هەست دەکات کەوا ناتوانێت بە تەنیا لەم گەردوونە فرەوانەدا بژی و دەیەوێت(ئیدی) بدۆزێتەوە و لەگەڵی یەک بگرێت بۆ ئەوەی هەبوونی خۆی فرەوان بکات، ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی (دی) دۆزیەوە ئەوا دەستی پێ دەگرێت و بۆی دڵسۆز دەبێت و لێرەوەیە کەوا لاگریی پێویستیەکی ژیوەریە بۆ هەر شتێک کەوا بوونمان پڕ واتا دەکات و کەژووی فرەوانتر دەکات». (١٨٢)

لاگری بۆ خودا دەبێت لەبەر ئەوەی خاوەنی رۆژی ئایینە(قیامەتە)، لاگری بۆ نیشتیمان دەبێت لەبەر ئەوەی ئەو گرنگترین سیلەی ناسنامە لەم جیهانەدا نامێنێت، لاگری بۆ هەر کۆمەڵەیەک دەبێت کە بیرێک بنوێنێت بەردەوامی هەبێت، و دەچمە ریزبییانەوە و کار دەکەم لەتەک کەسانی دی بۆ هێنانەدی ئەم بیرە.. (١٨٣)

بەم شێوەیە خۆیایەتی تاکە کەس یەک دەگرێت لەگەڵ خۆیایەتی فرەوانتر لە خۆی و سەرو بەرگرتر بۆ ئەوەی ئەم تاکە کە بەو یەکگرتنە ببێتە بەشێک لە خێزانێک یان کۆمەڵێک یان نەتەوەیەک یان لە مرۆڤایەتی هەمووی..هتد بەڵام ئایا چی بکەین ئەگەر هاتوو لاگریەک دژی لاگریەکی دی بوو، وەک ئەوەی لە هەڵوێستێکدا لاگری تاکە کەسێک بۆ خێزانەکەی دژ بێت لەگەڵ لاگری بۆ نەتەوەکەی؟! وەڵام: ئەم رێگەیە هەڵبژێرین کەوا کەسایەتی تاکە کەس بە پلەیەکی بەرزتر تەواوتر دەکات، ئایا مرۆڤ بەوە تەواوتر دەبێت کە سەر بە خێزانێکی بەهێزو نەتەوەیەکی بێهێز بێت؟! وەڵام لەم بارەدا وەک ئەوەی ئاماژە بۆ خۆی بکات وایە کەوا لایەنی دووەم چاکترەو باڵاترە و تەواوترە لێرەوە بۆت هەیە لە خۆت بپرسی: ئایا لاگری و خوێن و گیانبەخت کردنمان بۆ تاکە کەسێکی میسری بێت یان بۆ میسر بێت؟(١٨٤)

**کۆمەڵەی چوارەم:**

**ا-باری ئافرەت:** نامانەوێت بە درێژی لەبارەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بدوێین بەڵکو ئەوەندە بەسە کەوا بڵێین مامۆستا هەر چەمکێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان دەرکەوتبا لە بیرزا و بەهایان دەستبەجێ هەڵدەستا بە نەشتەرگەری کردنی بە هەمان کردەوەی هۆشەکی کەوا لە پێشدا لە کۆمەڵە نموونەیەک باسمان کرد.

لە نووسینێکیدا کە ناوینا (هەڵگەڕانەوە لە جیهانی ئافرەتدا) وێنەیەکی پڕ بەهای بۆ



کێشا، بۆ ئەوە چووبوو کەوا (درێوترین لایەنی هەڵگەڕانەوە لە ژیانی ئافرەت ئەمڕۆ لەوەدانیە کەوا دەیەوێت بخوێنێت تا دوا رادەو یەکێک رێی لێ دەگرێت، یان دەیەوێت کار بەو زانینەی بکات و کەسێک رێی نادات..،بەڵام لایەنی ناشیرین لەم هەڵگەڕانەوەیەدا ئەوەیە کەوا ئافرەت ئەمڕۆ بەخواستی خۆی و هەڵبژاردنی خۆی دەیەوێت خۆی بکاتە بەندەو بکەوێتە پشت دیوارانەوە و خۆی بشارێتەوە لە پشت پەردەو ئارایشتەوە، وەک ئەوەی نێچیرێکی ئاسان بێت و بترسێت لەوەی بازڕای نەمێنێت، بەڵام خۆی تواناکان بەهێزی گیان، و بەهەستکردن بە سەربڵندی، و بە بوونی بە مرۆڤێکی ئاگاداری رووناکبیر، ئەوا ئەو کاتە نزیکە نەمێنێت لەگەڵ نەمانی پێشەواکانی نەوەی رابردوو، ئای چەند جیاوازیەکی گەورەیە لە ژیانی ئافرەتی میسری لە نێوان ئەمشەو و دوێنێی، لە دوێنێیدا رووپۆشی خستە ئاوی دەریا لە کەناری ئەسکەندەریە. (١٨٥)

وەک بانگەوازێک بۆ هاتنە ناو چاخی رووناکی، بەڵام لەم شەوەیدا، بەدەستی خۆی داوا لە شەیتانەکانی تاریکی دەکات کەوا چەندان پەردەی بۆ بچنن تا رووناکی رۆژی لێ بگرێت.. (١٨٦)

**ب-رای گشتی:** دەشێ جوانترین شیکردنەوە کەوا پێی هەڵستابێت لە بواری کۆمەڵایەتی شیکردنەوەی بیرزای(رای گشتی) بێت کەوا بە (خواوەندی درۆی نوێ)ی دانابوو و لەبارەیەوە دەڵێت(دووڕوو)ەو ئەویان بە روویەک بێ خەوشە ئەگەر هاتوو دڕکی بەپیرۆز دانانی لێ بکرێتەوە، بەڵام بە رووەکەی دی کەوا بەو دڕکە ترسناکە خۆی تەیار دەکات دەبێتە سەرەڕۆیەکی تاکایەتی، تاکە کەسان لەناو دەبات پێشێل دەکات و دەیان کاتە تارمایی و سێبەر: (دەشێ زانایەکی بەرێز لە زاناکانمان ببینین کەوا بە توانایە لە بواری زانستەکەی، بەڵام هەر کە لە ئەرکەکەی بۆوە بەرامبەر تایبەتکارییە زانستیەکەی خێرا هەنگاو دەنێت بۆ چوونە نێو ریز رای گشتی لەوەی کە تیایدا نقووم بووە لە ئەفسوونان تا رادەی وڕێنان)(١٨٧)

بیریارەکەمان رای گشتی بە (گشتیی) دانان رەت دەکاتەوەو دەڵێت (هەبوونی یەک تاکە کەس کە دەنگی جیاواز بێت لەو دەنگەی کە گشتیە ئەوا ئەو گشتیی بوونەی رای گشتی ناهێڵێت، هەتا ئەو رادەی کە ئەگەر رای گشتی مافی ئەوەی هەبێت کەوا بەهێزی زۆری ژمارە تەوژم بخاتە سەر بڕیاردان، و لە کشانەوەی خوێنەرانی کە نوێنەرایەتیان دەکەن- کە مافێکە گومانی تیا نییە بۆ خەڵک- ئەوا هەمان مافی نییە

کەوا ئەو بیروراپانەی کە خەڵکەکەی پەسندی ناکەن قەدەغە کات.(١٨٨)
ئەوەی خەڵک بەیەک دەبەستێتەوە لەپێکهێنانی رای گشتی، زۆربەی (هەڵچوونە) نەک(هۆشی) هەڵچوون یەک لەوەی دی دەگرێتەوە، بەڵام بیرزای هۆشەکی ئەو کەسە بە ئیقناع کردنی بەرامبەر دەیگوازێتەوە، ئیقناع کردنیش کردەیەکی تاکە کەسییە بەکۆمەڵ نییە.(١٨٩)

**ج- جیهان خوازی (عەلمانییەت):** لەو چەمکانەی کە لە کۆمەڵگەکەمان بڵاوبۆوە، و بیریارەکەمان روو بەڕووی بووەوە بە شیکردنەوەی هۆشەکی، چەمکی (جیهان خوازی)(عەلمانییەت)(سیکۆلاریزم )بوو کە لە زمانی عەرەبی لەبەر بەیەکچوونی شێوەی نووسین لەگەڵ (زانست خوازی) تێکەڵ دەبێت چونکە هەردوو وشە بەم شێوە دەنووسرێن (العلمانیە) لەبەر ئەوە وتارێکی نووسی بە ناونیشانی(عەین- فەتحە-لام) بۆ ئەوەی ئاگاداری خوێنەر بکاتەوە کەوا وشەکە سەر بە (العلم) بە واتای (زانست) نییە بەڵکو سەر بە(العالم) واتە (جیهان)ەو ئەم زاراوەیە بەو واتایە هاتووە لە زمانەکانی ئەورووپی پاش ئەوەی ئەورووپا لە چاخەکانی ناوەڕاست رابرد لەو کاتەی کە پیاوانی ئایین ژیانی رەبەنایەتیان بە نموونەی باڵا دانابوو، جیهان نەویستی نەک جیهان خوازی و رووکردنە جیهان، پێویستە مرۆڤی تەواو رێنومایی بکات، لەبەر ئەوەی لە باوەڕی ئایینیاندایە کەوا زەوی و ئاسمان لەیەک جیاکەنەوە، جیهان و دوایی، لەیەک جیاکەنەوە، لە جیهاندا دەسەڵات بۆ (تەزار)ەو لە دووەمدا فەرمان بۆ خودایە، بەڵام ئێمە چیمان بەسەر هەموو ئەوەوەیە لە باوەڕی ئێمەدا نییە بانگەوازیان بکات بۆ وازهێنان لە جیهان..؟ بەڵکو پێچەوانەی راستە، فەرمانمان پێدەدات کەوا رووڵە جیهان وەک ئەوەی هەمیشە تیایدا دەژین، و بۆ رۆژی دوایی کار بکەین وەک ئەوەی بەیانی بۆی دەگوێزینەوە! ئەوەیە جیهان خوازی کە هەر تەنیا چاومان بکەینەوە دەبینین بەشێکە لە ژیانمان و پێکهێنەری نژادی پێکهاتنی مێژوومانە لە ماوەکانی سەرفرازی و شکۆیدا، ئایا ئەوانە لەگەڵ کێ دەجەنگن کە سواری ئەسپەکانیان بووینە و، شیر و رمەکانیان هەڵگرتووەو تا لەگەڵ (جیهان خوازی) بجەنگن و بیکوژن)؟!(١٩٠) بەڵام بەرەنگار بوونەوەی جیهان خوازی لەسەر ئەو واتایەی ئەوا کارەساتێکی لەو مەزنترە لەلایەن ئەوانەی بەرەنگاری دەبن بە واتای زانست خوازی لەبەر ئەوەی بەو واتا دووابیە هێما بۆ زانست و ئەو ژیانەی کە زانستەکان دایدەمەزرێنن دەکا (ئایا- مەزنەکان- بەوە رازین کەوا زەویەکانمان بەبێ



زانست بچێنین، و کارگەکانمان بەبێ زانست بگێڕین، و فێرگەکانمان و زانکۆکانمان دامەزرێنین بەبێ زانست؟!،ئایا ئەی مەزنەکان رازین ناوی زاناکان لە مێژوومان بسڕینەوە پاش ئەمڕۆ نە جابر کوڕی حەیان و نەخەوارزمی و نە کوڕی هەیسەم و نە کوڕی نەفیسییان تیادا نەبێت؟ ( ئەگەر ئەوانە بەجێی سەربڵندی بزانن) ئایا بۆ ناتانەوێت لە نەوە هاوچاخەکانیان رەوتی بەرایی دووبارەکەنەوە؟!(١٩١) سەرەڕای ئەم کۆمەڵە چەمکانەی باسمان کردن دەتوانین چەندان نموونەی دی بێنینەوە کە لە ژمارە نایەن لەو بیرو چەمکانەی بیریارە مەزنەکەمان خستنیەسەر مێزی توێگەری هۆشەکی وەک بیرزای (کەلەپوور)(١٩٢) و(رووناکبیری)(١٩٣) و جیاوازی نێوان (تاکە کەس و هاووڵاتی و مرۆڤ)(١٩٤) و واتای تەکنەلۆژیا (١٩٥)، و(سێ بەهاکان: ماف و چاکەو جوانی)(١٩٦) لەگەڵ پێوەندی بە لایەنەکانی ژیانی ئاگاداری مرۆڤ کە (پێزانین و رەوشت و ویژدان)ە. لەبارەی (ناسنامە) لە وتارەکەی (فوولە ئاگرکار)(١٩٧) و لەبارەی (بیرو ئازادی)، و (یەکەتی بیر)، و(پیاوی بیرو گرفتەکانی)،(١٩٨) و (هۆشی ئازاد) و(تەنگانەی بیر) و (دەسەڵاتی هۆش)،واتای(گیانخوازی)(١٩٩)، و لەبارەی دیموکراتیەت.(٢٠٠)..هتد بەڵام ئەم دڵۆپانەمان بەسە لەم دەریایە بێپایانە بۆ ئەوەی بگۆزینەوە بۆ لایەنێکی دی کە (ویژدانە)ە بۆ ئەوەی ووشەیەکی خێرا بنووسین لەبارەی ئەوەی پێشکەشی کرد بۆ جیهانی(ئەدەب) تۆروانی.

**بەشی دووەم: بواری ویژدان:**

لایەنی ویژدانی لای بیریارەکەمان خۆی لە هونەر بە گشتی دەنوێنێت و لە ویژە بە تایبەتی، دەشێت زێدەگۆیی نەکەین گەر بڵێین زەکی نەجیب مەحموود یەکێکە لە بەتواناترین نووسەرانی وتاری تۆروانی لەئەدەبی هاوچاخماندا، خاوەنی رایەکی تایبەتیە لە رەخنەی ویژەیی و نووسینی وتاری تۆروانی پاش هەندێک ئەو رایەی دەخەینە روو لەگەڵ چەندان نموونە لە وتارەکانی تۆروانی لای وی. بەڵام ئێمە ئێستا دەمانەوێت لایەنی تۆروانی وەک نوێنەرێک بۆ لایەنی (ویژدان)، و زانست وەک نوێنەرێک کە (هۆش) دەردەبڕێت ئایا لە کوێ لەیەک جیاوازن و چۆن دەگەنە یەک؟!

یەکەم: تۆروانی و زانست: زۆر جاران بیریارەکەمان بەراوردی بە دووروودرێژی لە نێوان ویژەو زانست دەکرد بۆ ئەوەی لە یەکیان جیاکاتەوە لەلایەک، و لەلایەکی دی بۆ ئەوەی هەڵمەت بەرێتە سەر خاوەنانی(ویژەی زانستی) بە روونکردنەوەی ئەوەی کەوا ئەوان دوو شت تێکەڵ دەکەن کە ناکرێ تێکەڵ بکرێن،. ئەویش لەبەر ئەوەی کەوا ئێمە خۆمان

لەباری تۆروانی و زانست، خۆمان لە پێش دوو چەشنە ئاخاوتن دەبینینەوە کەوا بە تەواوی لەیەک جیاوازن و ناکری یەکیان بگۆڕی بۆ ئەوی دی(وەک چۆن ناکرێ مەڕ ببێتە گا ) نەک لەبەر ئەوەی تۆروانی جیاوازە لە زانست بە جوانی شێوازەکەی، لەگەڵ ڕەوابوونی یەکگرتنیان لە بابەتی ئاخاوتنیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی جیاوازیەکە لەوە زۆر گشتیترە دەستەواژەی زانستی، لە چەشنێکەو دەستەواژەی وێژەیی لە چەشنێکی دی هەتا شێوازی جوان ناتوانێت لەم بۆشاییە فرەوان و قووڵەی نێوانیان بپەڕێتەوە.(٢٠١)

ئێمە لێرەدا بە ڕێبازێکی دی دەگەڕێینەوە بۆ دوالیزمی (هۆش و ویژدان) و بۆ دوالیزمی دوو بواری جیاواز لە بوارەکانی ئاخاوتن کە پێویستە لەسەرمان بە وردی و بە سەخبیری لە یەکیان جیاکەینەوە زانست هەمەکی کردنەو هونەر تایبەت کردن، زانست کۆکردنەوەو تۆروانی تاکانە کردن. زانست شتان و هاوچەشنەکانیان تێبینی دەکات بۆ ئەوەی لایەنەکانی لەیەک چوون دیار بکات و لە یاسایەک دایانڕێژێت کە ڕێکیان دەخات، هونەر تێبینی پاژێک دەکات و لای دەوەستێت، زانست هەمان تایبەتی کە هونەر دەیهێڵێتەوە ئەو لای دەبات، ئەو تایبەتیانەی کە بێ هاوتان و فلانە کەس هەڵداوێرێ لەناو کەسانی دی ئەوانەن کەوا هونەرمەند دەیان هێڵێتەوە و شییان دەکاتەوەو وێنەیان دەگرێت، هەر هەمان تایبەتیش زانا دەیخاتە لاوە لەبەر ئەوەی هاوبەش نین لە نێوان کەسانی دی لە تاکەکانی جۆری مرۆڤ. زانای ڕووەکناس لەبارەی گوڵ شتێک دەڵێت یەکچین لەگەڵ هەموو گوڵان کە سەر بەیەک پەل بن، بەڵام هونەرمەند ئەوا لای یەک گوڵ دەوەستێت و لەیەک ترووکەی کات جیای دەکاتەوە لە لووزەوی بە هوورژمی ڕووداوان پێش ئەوەی بڕوا بێ گەڕانەوە ئەوجا وێنەی دەکێشێت بە نیگار یان تۆروانی یان بەپێی ئەو مایە کە بە کاری دێنێت وەک ئامرازێک بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە دەیەوێت بیچەسپێنێت.(٢٠٢)

دەتوانین هەمان شت بڵێین لەبارەی هەموو ئەوەی کە هونەر دەستی تیادایە بە هەموو لکەکانیەوە، لەسەر ئەم پێوەرە دەتوانین (ڕەخنەی وێژەیی) هەڵسەنگێنیت، وا دابنی کەوا بەرامبەر هۆنراوەیەک وەستاوی کە هۆنەرێک لەبارەی خۆشەویستی دایناوە، بڕوانە تا چ ڕادەیەک ئەم سۆزەی کە دەری دەبڕیت بیهاوتایە تا ڕادەیەک بووەتە بوونەوەرێک تەنیا خۆی هیچ ترووکەیەکی دی لە ترووکەکانی خۆشەویستی هاوبەشی ناکەن- ناڵێم لای خۆشەویستەکانی دی- بەڵکو لای ئەم دڵدارە خۆی، ئەوەندە بەس نییە کەوا بە گشتی لەبارەی خۆشەویستی بدوێ بۆ ئەوەی بڵێیت چاکی ووتوە، لەبەر ئەوەی



خۆشەویستی بە سیفەتێکی گشتی چونکە سۆزە هەموو خەڵک تیایدا هاوبەشن، بە پلەی جیاواز- ئەو لایەنە سەر بە زانستی دەروونە نەک هۆنەر، زانای دەروونزان ئەو لەبارەی ئەم سۆزە (بەگشتی) دەدوێت، یان وەک چۆن شوێنەواری کاریگەری لای ئەم تاکە کەسە، یان ئەوە یان ئەوێهی دەردەکەوێت، و لە هەموو کات و شوێنێک، ئەم هەمەکی کردنەی بیریاران زانستە نەک هونەر یان وێژە، بەڵام هونەرمەند یان وێژەوان ئەوا دەڕوانێتە بارە دەروونیەکانی لە خۆشەویستی بۆ ئەوەی یەک باری لێ بگرێت، و پاشان ئەم بارە کە دێت و ڕادەبرێت بخاتە روو، ئەویش بەم کارە ئەوەمان بۆ وێنە دەگرێت کەوا دووبارە نابێتەوە لە بارەکانی دی، و هەتا لە بارەکانی خۆی نەخوازە لەبارەکانی کەسانی دی!، دڵدار هەست بە سۆزی خۆشەویستی ناکات بەیەک ڕەنگ و یەک ئاواز، و یەک شوون، بەڵکو دەبینین بە گوێرەی خۆشەویستەکەی ئێستا جیاوازە وەک دوێنی تیایدا بوو و بەیانیش وانا بێتن لەگەڵ ئەوەشدا چەندان باری خۆشەویستی ئەون، ئەوەندە بەس نییە بڵێیت(من دڵدارم، یان لە دۆزەخدام یان لە بەهەشتی خۆشەویستی) بۆ ئەوەی ببێتە وێژەوان بەڵکو پێویستە ئەم داوەکانی ئەو توخمە دەروونیانەی کە خۆشەویستەکەی کردۆتە دۆزەخ یان بەهەشت تایبەت بکات، و ئەگەر چاک تێبینی کرد، و چاک وەسفی کرد، ئەوا دەزانێت کەوا ڕایەڵەی ئەم داوانە ناکری لەسەر یەک وێنە بەیەک بگەن لە دوو ترووکەی لەیەک دوور)(٢٠٣) ڕاستی ڕۆگەی سۆز و هەستەکانی مرۆڤ نزیکە لەوەی کە فەیلەسووفی یۆنانی لە وەسفێکدا هیراکلیتس لەبارەی گەردووندا دەڵێت( لووزەوێکی هەمیشە ڕەهایە، هەموو شتێکی تیادا بارودۆخی دەگۆڕێت هەمیشەو بەردەوام).

(زانا)ش لە نێوان ئەم لووزەوە ڕەهایانەی ڕووداوان هەوڵ دەدات ئەو چەشنە دووپات بووەوانەی یەک نەوا بدۆزێتەوە، ئەگەر دۆزیەوە دەیکاتە یاساو پاشان دێت دوورایی شوێن وکاتی تیادا دەپیوێت لەم هاوچەشنانە بۆ ئەوەی بگاتە ڕێژە یاسایەک کەوا وردی چەندەتی تیادا بێت.. بەڵام وێژەوان یان هونەرمەند، شتێکی دییە: بەدوای هاوچەشنەکانی ڕووداوان ناگەڕێت، بەڵکو یەک ڕووداو سەرنجی ڕادەکێشێت، یان یەک بار، و ئەیخاتە سەر تابلۆ بە نیگار کێشان یان بە بێژە دەی چەسپێنێت لە وێژەدا، یان لە ڕەزمی ئاوازان لە مۆسیقادا. هەموو بارێکی پاژەکی یەک نییە لە ڕووی چاکی بۆ هونەر لەگەڵ هەموو بارەکانی دی، بەڵکو هونەرمەندی ڕاستینە دەکەوێتە سەر ئەو پاژەکیانەی هێمادار، واتە ئەو پاژەکیانەی کە پتر ئاماژەدارە لای خوێنەر یان بینەر،

نووسەری چیرۆک یان شانۆنامە، بە نموونە، هیچ هونەر نییە ئەگەر هاتوو بە وردی لەبارەی کەسەکانی دووا بەبێ جیاکردنەوە، بەڵکو هونەری دروست هەڵبژاردنی دروستە، ئایا چ وردەکاری لە ژیانی ئەم کەسە هەیە کە وێنەی دەگرم پتر هێما بۆ راتەکینەی کەسایەتیەکەی دەکات و بۆ نهێنی دەروونی، بنەڕەتی هەبوونی؟

لە خۆت بپرسە ئایا نهێنی چاکی هونەری ئەم کەسایەتیە وێژەییانە چییە: هاملت، شالیر، دون کیشوت- و ئیدیش؟ دەبینیت کەوا هەڵبژاردنی ئەو وردەکارییە کەوا وێژەوان دەیهێنێتەوە ئاخاوتن و رەوشت بە شێوەیەک لە دواییدا کەسێکی تەواوی بیهاوتا پێک بێت، ئەو مرۆڤ بە سیفەتێکی گشتی نیگاری ناکێشێت دەنا دەبووە زانا، بەڵکو(هاملت) یان(لیر) نیگارکێشی دەکات وەک تاکە کەسێکی یەک سروشت داری هەڵاواردەی کە ناکری لە هەبووندا کەسێکی دی وەک ئەو دووپات بێتەوە بە تەواوی وەک ئەو دووپات بێتەوە بە تەواوی وەک ئەوبێت لە هەموو روویەکەوە.(٢٠٤)

کەواتە رێگەی زانست، و رێگەی وێژە جیاوازن و ئەوەیان ناگۆڕێت و ببێتە ئەویدی، مەبەستمان نییە دوابەدوای هەموو جیاوازیەکانی کە لە یەکیان دوور دەکاتەوەو جیاوازیان دەکاتەوە بڕۆین، بەڵام دەمانەوێت تایبەتیەکی دی گرنگ بخەینە سەر ئەوانی دی ئەویش ئەوەیە کەوا تا ئەو رادەی کە وێژە ئاخاوتن تیایدا وەسفی هەڵکەوت و راستیەکانی دەرەوە بکات بە هەمان رادە دوور دەکەوێتەوە لە تەواوی هونەری. وێنەکانی فۆتۆگرافی راستەقینەی هەڵکەوتەکی دەگرێت وێنە گرتنێکی متمانەدار، لەبەر ئەوە بەو واتایانەی کە مەبەستمانە هونەر نییە، تۆ زۆر جاران بەرامبەر وێنەیەک دەوەستێت کە (بیکاسۆ) یان(ماتیس)نیگاری کێشاوە بەڵام نازانی ویستویەتی وێنەی چ بگرێت، لەبەر ئەوەی هیچ نەیویستووە وێنەی شتێکی دەرەوەی خۆی بگرێت، ئەم تێکەڵەی رەنگان زرنگایەوە لە ئەندێشەیدا وەک چۆن ئاوازەکان لە گوێی مۆسیقازان دەزرنگێنەوە، و لەسەر تابلۆکەی نیگاری کێشا وەک مۆسیقایەک بۆ چاو لە چەندان ئاوازی رووناکیدا. ژان وخۆشی تەنیا لە دەروونی خاوەنەکانیاندا دەبن، هەروەها خۆشەویستی و رق، و هەموو سۆزێکی مرۆڤەکیی دی، ئایا خاوەنانی وێژەی زانستی دەیانەوێت چی لە سۆزەکان بکەین ئەگەر بمانەوێت وێژە بنووسین؟.

**دووەم رەخنەی وێژەیی:** چەندان فێرگەی رەخنەی وێژەیی هەیە وا چاکە قسەیەکی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی بزانیت بیریارەکەمان بە گوێرەی ئەم فێرگانە لە کوێ دەوەستێت.(٢٠٥) گریمان دیوانێکی هۆنراوەمان لەبەر دەستدایە چاپخانەکان دەریان هێناوەو رەخنەگران هەر



یەکە بەپێی رێبازی خۆی چارەی دەکات. ئایا بە چەند گۆشە نیگا دەتوانین بڕوانینە ئەم دیوانە؟

١- گۆشەیەک هەیە کەوا رەخنەگر تیایدا دەڕوانێتە دیوانەکەی بەر رەخنە، روانینەک تیایدا هەوڵ دەدات بەهۆی ئەو هۆنراوەیەی دەیخوێنێتەوە بگاتە (دەروونی) هۆنەری کە دیوانەکەی دامەزراندووە بۆ ئەوەی بزانێت سروشتی ئەم دەروونە چییە؟

ئایا دەروونێکی خۆشحاڵ و گەشبینە؟ یان خەمناک و رەشبینە؟ یان ئەوهایە؟ رەخنەگر لەم هەڵوەستەیدا هەڵبەست بە (ئامرازێک) دادەنێت بۆ مەبەستێک بایەخی پێدەدات، لێرەدا هۆنراوەکە لە خۆیدا مەبەست نییە بەڵکو لای ئەم جۆرە رەخنەگرە ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی دەروونی خاوەنەکەی، بە دەستەواژەیەکی روونترو ئاشکراتر، گرنگ لای رەخنەگر لێرەدا (دەروونزانی)یە نەک (هۆنراوە)، لەم جۆرە رەخنەگرانەش بە نموونە هەڵوەستی (ئەل عەقاد) لە کتێبەکەی(ئیبن رومی لە هۆنراوەیەوە).. دەشێ ئەم رووکارە لە رەخنەی وێژەو هونەر ناوبنرێت بە رووکاری (دەروونیی) و ئەشی بڵێین کەوا (فروید) کە شانۆنامەی (ئۆدیب)ی(سوفکلیس) دەخوێنێتەوە رەخنەگرێکی وێژەیی بوو لەم چەشنە.

٢- گۆشە نیگایەکی دی هەیە بۆ روانینە دیوانە بەر رەخنەکە، وەک گۆشەی یەکەم وایە لەوەدا کەوا رەخنەگر هەڵبەستەکەی بەردەستی بەکاردێنێت وەک (ئامرازێک) بۆ مەبەستێک کەوا لە پایەی یەکەم بایەخی پێدەدات ئەویش باری کۆمەڵایەتییە! هەموو ئەو جیاوازیەش کە لە نێوان هەردوو بینیندا هەیە ئەوەیە لەباری یەکەم رەخنەگر لەرێی هەڵبەستەکەوە بەدوای باری(دەروونیی) هۆنەر دەگەڕێت لەباری دووەم دەبینین بەدوای (باری کۆمەڵایەتی) دەگەڕێت کەوا لە دەوروبەری هۆنەردا هەبوو، وەک ئەوەی لێرەدا هۆنراوەی هۆنەر وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بێت بۆ وێنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەتوانین کتێبەکەی (تەها حوسەین) لەبارەی (موتەنەببی) بە نموونەیەکی ئەم رووکارە کۆمەڵایەتیە دابنێین لە رەخنە.

٣- گۆشە نیگا یەکی دی هەیە ( سێیەم کە رەخنەگر تیایدا رەخنەگر بەدوای باری ( دەروونی) هۆنەر و بەدوای (باری کۆمەڵایەتی) کە لە دەوروبەری هۆنەر هەبوە ناگەڕێت، بەڵکو دەڕوانێتە دەروونی خۆی- دەروونی رەخنەگرەکە- تا بزانێت ئایا ئەم هەڵبەستە تا چ رادەیەک کاری تێکردوە؟ ئایا کە لە خوێندنەوەی ئەم دیوانە بوەوە ئاگایی پەیدا کرد بە مەبەستەکانی باڵای کە ئامانجی گەردوونن؟ ئایا کە لە خویندنەوەی بوەوە لەخۆ

متمانەدار بوو یان وەرز بوو؟ پاشان رەخنەگر وەسفێکی باری دەروونی دەنووسێت، زۆربەی ئەم وەسفە وا دێت وەک ئەوەی (وێژە)یەک بێت لە خۆیدا کە لەسەر وێژە دامەزراوە دەتوانین ئەم رووکارە لە رەخنە ناوبنێین بە (رووکاری کارتێکردنەکی). (٢٠٦)

٤- دوا هەڵوەست هەیە- دەشێ لە رووی لۆژیکیەوە بکەوێتە پێش هەموو هەڵوەستەکانی پێشوو، پێش ئەوەی رەخنەگر هەڵوەستەکی لەو هەڵبەستەی بەر رەخنە بگرێت چ دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان کارتێکردنەکی، لەسەریەتی لە پێش ئەوەدا لەوە دڵنیا بێت کەوا ئەوەی بەردەستی (هەڵبەستە) مافی ئەوەی هەیە چارە بکرێت بەم رێبازە یان ئەوێهێ- لێرەوەیە کەوا رەخنەگر لەسەریەتی بەرای بیریارەکەمان- ئەوەش گۆشەنیگای دی لە رەخنە- بنوارێتە هۆنراوەکە خۆی واتە رەخنەی وێژەیی بکەوێتە سەر کاری وێژەیی خۆی یان خۆی گلداتەوە لە دەقەکەی خۆی، رەخنەگر چەند ووشەیەکی نووسراو لەسەر لاپەڕەی کتابێک ئەبینێت و ئەرکی وی شیکردنەوەی ئەم پێکهاتە بێژەییانەیە کە لە پێشدا بڵاوبوونەتەوە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە- واتە دەقەکە و هیچی دینا جگە لە دەقەکە- ئەو ووشانەی لەسەر لاپەڕان نووسراون ئەوەیە بابەتی رەخنە، و شیکردنەوەو توێگەریکردنی و لێ نۆڕینی لە هەموو لایەکیەوە، ئەرکی رەخنەگرە- بەرامبەر کاری وێژەیی کە نابێت لە تێگەیشتنی پشت بە شتێکی دی جگە لەو ببەستێت. من نابمە رەخنەگرێکی وێژە بە واتا وردەکەی ئەم وشەیە ئەگەر هاتوو وێژەم کردە کولانەیەک تیایدا بڕوانمە شتێکی دی جگە لەخۆی،وەک ئەوەی بڕوانمە ژینگەو باری کۆمەڵایەتی و رامیاری کە لەو دیوی کاری بەر تۆژینەوە هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وا بکەم وئەوا ئەم پارچە وێژەیەی بەردەستم وەک بەڵگە نامەیەکی مێژوویی لیدێت نە کەمتر نە پتر- هەروەها کارە وێژەییەکە ناکەمە کولانەیەک بۆ گەیشتن بە ناخی دەروونی هۆنەر- یان ناخی دەروونی رەخنەگر- لەبەر ئەوەی ئەگەر وا بکەم ئەوا وەک زانای دەروونزانی دەکەم کە خەونەکانی نەخۆشەکەی شیدەکاتەوە و کاردانەوەکانی و بیرهاتەکانی و هەست و نەستەکانی شیدەکاتەوە، رەخنەگر نە زانای دەروونزانییەو نەزانای کۆمەڵایەتیزانی و نە زانای رامیارییە و نە زانای سروشتیزانی- بەڵکو ئەو تەنیا رەخنەگری وێژەییەو مەبەستی لێکۆڵینەوەیە لە پارچەوێژەییەکەی کە هەڵی دەبژێرێت بۆ لێکۆڵینەوە) (٢٠٧)

ئەوەش گۆشە نیگایەکە کەوا زۆران بەرگری لێدەکەن لەبارەی رەخنەی وێژەیی لەوانەی بۆ ئەوە دەچن کەوا (پێویستە کاری هونەری خۆی بکرێتە تەوەرەی هەموو ئەوەی دەوترێت لە



بواری رەخنەو بنچینەیەک بۆ هەموو چێژێک، درێژەدان بە ئاخاوتن لە بارەی کەسایەتی هونەرمەند، یان رووداوەکانی ژیانی یاسا بارودۆخی کۆمەڵگەکەی بەبێ تێکبەستنی ئەوەی دەیڵێت لەگەڵ کارە هونەریەکە خۆی هەرئەوەندە دەمینێتەوە کەوا لەسەر نووسینێکی خاوەن بەهای مێژووی یان دەروونی یان کۆمەڵایەتیە، بەڵام رەخنە نییە بە واتای دروست .. (٢٠٨) بەڵام رەخنەی وێژەیی دەچێتە چەندان بواری ئاڵۆزتر وەک رۆنانەکیەتی (البنيوية) دەیکات بە نموونە کەوا لەم سنوورە گشتیانە رەت دەبێت کەوا مامۆستاکەمان کێشای لەبەر ئەوە بەو بیرە واز دێنیین و دەچینە سەر وێژەی وتار نووسی.

**سێیەم:- وێژەی وتار:**

وتمان زەکی نەجیب مەحموود دەشێ جوانکارترین نووسەرانی (وتاری وێژەیی) بێت، لە وێژەی هاوچاخماندا، بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو لە بارەی ئەم رەنگە لە وێژەدا تیایدا تۆروانانی وێژەی وتاری ئینگلیزی بەتایبەتی کاریان تێکردبوو، بەڵام بایەخدانی بەم چەشنە لە هونەرەکانی وێژەیی رێک هات لەگەڵ بایەخدانی وێژەوانانی چاخی وی بە وتار(وێژەوانەکەمان هەناسە کورتە، وتارێکی بەسە بۆ ئەوەی هەموو کوڵی سینەی تیادا برێژێت لە سۆز و ئەوەی بە بیری دادێت لە بیرزان: ئەگەر هاتوو وێژەوانەکەمان تووڕە بوو لە کەم وکورتیەک گەر کەوتە بەرچاوی لە رۆنانی کۆمەڵ یان ئاکاری تاکە کەس، پەنا دەباتە بەر وتار هەڵپەی تووڕەییەکەی تیادا دەڕژێت، ئەگەر هاتوو تۆروانەکەمان خرۆشا بە جوانی سروشتی سەرنجراکێش پەنا دەباتە بەر وتار ئەو هەستەی لە سەیرهاتن و سەرسوڕمانەی تیادا ئەڕێژێت. (٢٠٩)

وتار لای ئێمە پەناگەی تۆروانە، بە گشتی، هەندێکی کەم نەبن کەوا چیرۆک و شانۆیان هەڵبژارد- هتد هیچی تیا نییە کەوا تۆروان پەنا بەرێتە بەر وتار ئەگەر هاتوو لەسەر دەستوورەکانی تۆروانی دروست بڕوات، ئایا ئەم دەستوورانە کامانەن؟.

١-یەکەم مەرجی وتاری وێژەیی ئەوەیە کەوا (فۆرم)ی هەبێت واتە شێوەیەک یان وێنەیەکی دیاری هەبێت تۆروان بیرەکەی تیا دەخات. وێژەوان شیکردنەوەکانی ریز ناکات وەک پیاوی لۆژیکیزان دەیکات، مەبەستم راگوازتن بەم شێوەیە نابێت کەوا بیرزای دووەم لە رێی بەڵگە هێنانەوە لە بیرزای یەکەمەوە بێت هەتا دەگەینە ئاکامەکان- بەڵکو وێژەوان بەندە بە واتا کێشەکی بە شێوەیەک کە هیچ رێکهێنی نابێت بەهۆی کارگێری، پارچەیەکە لەسەر بنیاتێکی زانراو ناڕوات دەشێ لە شێوەی

(خەون) دا بیچت کە ویژەوان تیادا خۆی جارێک لە قاهیرە ئەبینێت و جارێکی دی لە ئەوروپا و دەشی لە شوێنانی وا هیچ پێبەستی تیادا نەبێت تەنیا ئەو ویژدانە نەبێت کەوا ویژەوان دەیەوێت لە دەروونی خوێنەری بورووژێنێت.
